کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی ۲٦ | گەلاوێژی _ ۱۳٦۷ | ئووتی _ ۱۹۸۸

## راگەیاندنی کوتایی کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە

کرێکاران و زەحمەتکێشان!

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

بەم جۆرە ئاگادارتان دەکەین کە کونگرەی شەشەمی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران _ کۆمەڵە دوای بەجێ گەیاندنی سەرکەوتوانەی ئەرکەکانی خۆی لە ماوەی ٦ رۆژدا، کوتایی بەکاری خۆی هێنا.

خۆ ئامادە کردن بۆ بەرێوە بردنی کونگرە لە ماوەیەك لەمەو پێشەوە دەستی پی کردبوو. نوینەرانی ناوچەکان و بەشە جۆربەجۆرەکانی تەشکیلات، لە کونفرانسەکانی خۆیان دا هەڵبژێردرا بوون و ئەسنادی پێویست بۆ باس و لیکولینەوە لە کونگرە دا لە پێشدا ئامادە کرابوون و لە بەر دەستی ئەندامانی تەشکیلاتی نرابوون.

کونگرەی شەشەم رۆژی ۱۷ی گولانی ۱۳٦۷ بە سروودی ئەنترناسیونال و راگەیاندنی دەقیقەیەك بی دەنگی بۆ ریزگرتن لە یادی گیان بەخت کردوانی رێگای رزگاری کرێکاران، گیان بەخت کردووانی ئەم دواییانەی کۆمەڵە و لە نیویاندا هاوری جعفر شفیعی کاری خۆی دەست پیکرد.

سەرەتا سەلاحییەتی نوینەرانو ئایین نامەی بەرێوەبردنی کونگرە باسی لەسەر کرا و پەسند کرا، پاشان کونگرە دەستووری رەسمی خۆی دەست پی کرد. دەستووری دانیشتنەکانی کونگرە بریتی بوون لە:

ل٧

## حکوومەتی ئیسلامیش بە راپەرینیکیتر دەرووخی

بە هاتنەوەی مانگی رێبەندان جاریکیتر یادی رووداوەکانی مانگی رێبەندانی ساڵی ۱۳۵۷ لە دەماری هەموومان دەگەری و زیندوو دەبێتەوە. چونکوو بیرەوەرییەکانی ئەو دەورەیە رەنگە شیرین ترین و ئازیزترین بیرەوەری بی بۆ نەسلی ئێستای ئێران. لەوان رۆژان دا ئەوە هێز و ئیرادەی جەماوەر بوو کە چارەنووسی هەموو شتیکی دیاری کرد. جەماوریك کە سەرتاسەری ژیانی خۆیانیان لە ژیر دەسەڵاتی یەکیك لە رەشترین دیکتاتورییەکانی ئەم سەدەیە دا برد بووە سەر، پاش زەنجیرەیەك مانگرتن و ئیعتیراز و قوربانی دانیکی زۆر، سەرەنجام توانیبوویان لموزی دیکتاتوری خوینخور لە خوڵ وەردەن. ئیتر ئەوە دەرکەوتبوو لە حەنای ئەم جەماوەرە هیچ چەکیك کاریگەر نیە و دوژمنانی شۆرش چ بە نەرمی بجوولینەوە و چ زەبر و زەنگ نیشان بدەن، خەڵکی دەنگی ئیعتیرازیان بەرزتر دەبێتەوە و زیاتر دێنە پێش. دەتگوت رق و توورەیی جەماوەر لە مەینەت و رۆژ رەشیەك کە سەدان ساڵە شانیان داوەتە بەر و نەیانتوانیوە دەنگ بکەن ئێستا لە گەرووی یەك یەکەیانە و قولپ دەدا و درژێتە دەر. هێزی ئەم ئیعتیراز و توورەیییە ئەوەندە بە تەوژم و تین بوو کە هارترین پولیسی دژی شۆرش و شارەزاترین کارشناسان و راوێژکارانی نیزامی لە بەرانبەری دا دەستە وەستان دامابوون. نوکەران و جیرەخورانی رژیم و جاسووسان و هەموو ئەوانەی سەردەمیك لە مەدرەسە و ئیدارە و کارخانە خودایەتییان دەکرد و چەندی ویستبایان ملهورییان دەنواند، ئێستا کەوتبوونە پاکانە بۆ خۆکردن و ناچار بوون دەستە و داوینی خەڵك بن و داخوازە رەواکانیان بسەلمێنن. ئێستا ئیتر نورەی دوژمنانی خەڵك بوو کە تامی تالی بی هێزی و بی دەسەڵاتی بچێژن. نەفرەت لە رژیم و لە دام و دەزگاکەی ئەوەندە بە ئاشکرا و بە قودرەتەوە بەیان دەکرا کە کاربەدەستان و دەست رویشتووەکان بۆ دامرکاندنەوەی توورەیی خەڵك و ترسی خۆیان لیرە و لەوی بەجێ و بیجێ دەکەوتنە پاکانە بۆ خۆکردن کە "ئێمە هیچ کاریکمان بە دەست نەبوو"، "ئێمە ناچار کرابووین"، "فریومان خواردبوو" و ....

دوژمنانی خەڵك کشابوونەوە و بە شپرزەیی لە کون و کەلینیك دەگەران کە تێیدا خۆیان لە چاوی خەڵك بشارنەوە. ئیتر دەستی خوێناوییان بە گەرووی خەڵك رانەدەگەیشت و هەست بە ئازادی و رزگاری کردن لە سیمای گەورە و چکولەی خەڵکی زۆرلێکراودا بەدی دەکرا. ئەو رۆژانە رۆژی جەژن و شادمانی خەڵك بوون. ماله هەژار و پر خیزانەکانی قەراخ شارەکان کە پێشتر لە نیو کەپری حەسیر و نایلون دادەژیان، دوای هەلاتنی خاوەن ملکەکان خانوو و جێگا و ریگای حەوانەوەیان دەست کەوت. کرێکاران لە کارخانەکان دەور و دووکانی ملهورانەی کارفەرماکانیان کۆکردەوە و خۆیان گەورەی خۆیان بوون. لە مەدرەسەکان ئیتر ئاسەواری کۆنترۆلی پولیسی و سانسور نەما و قوتابیان و موعەلیمان ئازادانە بە قسە و بە نووسین چوونە سەرباسی سیاسەت و دەسەڵاتدارەتی و هەر باسیکی دیکە کە پێشتر قەدەغە و حەرام بوو. لە خیابانەکان و چایخانەکان لە هەموو شوینیك باسی سیاسی و نتق و ختا دەبیسرا. خەڵك کە عومریك بوو تامی ئازادی بەیان و کۆبوونەوەیان نەچەشتبوو، وە بە تایبەت پاش چەندین مانگ حکوومەتی نیزامی، ئێستا ئیتر لە کوڵان و خیابان تولەی بی مافییەکانی پێشوویان دەکردوە. پولیس و ئەمنییە ئەوە هیچ نەیان دەویرا خۆ لە کۆبوونەوەکان بگەیەنن، تەنانەت نەیان دەویرا خۆنیشانی خەڵك بدەن. هەموو ئەو کتێبانەی سالیانی سال بوو سانسور ریگای بلاوبوونەوەی لی گەتبوون

## هەندیك لایەنی گرینگی تێکۆشانی جیهانی حیزب وت و ویژ لەگەل هاوری حەمید تقوایی (۱)

"هەندیك لایەنی گرینگی تێکۆشانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ئاستی جیهانی"دا ناوی بەریارنامەیەکە کە لە پلینومی دەهەمی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا رۆژی ۱۵ی خەرمانانی ۱۳٦٦ لەگەل بریارنامەکانیتر پەسند کرا. ئەم بریارنامەیە هەر وەك لەسەر دیرەکەی دا باسی کراوە تەنیا دەچێتە سەر هەندیك خالی دیاریکراوی تێکۆشانی جیهانی حیزب و نایەوی بچێتە سەر باسی هەموو لایەنەکانی ئەم مەیدانەی تێکۆشان.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم بریارنامەیە بە چوار خال جیا کراوەنەتەوە:

۱- بنەماکانی تێکۆشانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ئاستی جیهانیدا

۲- دەربارەی پەیوەندەکانی حیزبی کۆمۆنیست لەگەل گورووە و رێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی جیهانیدا

۳- تێکۆشان لە پەیوەند لەگەل رێکخراوە جەماوەرییەکانی کرێکاران لە ئاستی جیهانیدا

٤- لە پەیوەند لەگەل ئێرانیانی موهاجیردا.

وەرگیردراوی دەقی کاملی ئەم بریارنامەیە لە بیست و پێنجەمین ژمارەی "پێشرەو"دا چاپ و بلاو کراوە. لەم وت و وێژەدا کە ئێستا دەیخوێننەوە هاوری حەمید تقوایی وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە کە لە بابەت ئەو بریارنامەیەوە لێی کراون. ئەم پرسیارانە زۆربەیان پەیوەندیان بە مەسەلەکانی تێکۆشەرانی دەرەوەی وڵاتەوە هەیە.

**پرسیار: لە بەشی یەکەم دا یارمەتی دان بە شکل گرتنی ریز بەستنیکی کۆمۆنیستی کرێکاری و خزمەت بە یەکگرتنی جیهانی چینی کرێکار، تەئکیدی لەسەر کراوە. پرسیراەکەمان ئەوەیە کە بۆ وەدی هێنانی ئەم مەبەستە، ئەو کارە بەردەوامانە و ئەو ئاکسیونە گونجاوانە کە حیزب بە پێویستی دەزانی بکەونە دەستووری کاری هێزەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، کامانەن؟**

وەڵام: سەرەتا پێویستە ئیشارە بەوە بکەم کە لە بریارنامەکەدا تەنیا هێزەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە بەر چاو نەگیراون. بریارنامەکە، هەر وەك لە ناوەکەیەوە دیارە، هەندیك لە گرینگترین فەعالییەتەکانی کوللی حیزب لە ئاستی جیهان دا _ نەك تەنیا تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی وڵات _ دیاری دەکا و هەموو ئورگانەکان و تەشکیلاتە حیزبییەکان لە بەرەوپێش بردنی ئەم ئەرکەدا بەشدارن و هەر کامیان بەشیکی دیاریکراویان لە ئەستویە.

ل٥

## راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە ئاگر بەس لە شەری ئێران و عیراق

سەرەنجام جمهووری ئیسلامی لە ئامانج و سیاسەتە جەنگییەکانی خۆی تەسلیمی شکست بوو. ساڵیك پاش دەرچوونی بریارنامەی ۵۹۸ی "شوورای ئەمنییەتی رێکخراوی میللەتان" و دوای ئەوەکە لەم یەك ساڵەدا ئیمکانی دا و ئەمجار بە شیوەی رەسمی بوو بە هۆی ئەوە کە دەوریکی تازەی شەردا ژیانی کۆمەلانی خەڵك نوقمی جەهەننەمی ئاگر و ویرانی و کوشتار بی، سەرەنجام جمهووری ئیسلامی بریارنامەی شوورای ئەمنییەتی بۆ کوتایی هێنان بە شەر قەبوول کرد. رۆژی ۲۷ی پووشپەر لە حاڵیکدا دەزگا تەبلیغاتییەکانی حکوومەتی ئیسلامی نووزەی هەموو رۆژەی "جەنگ جەنگ"یان لە گەرووی خۆیان داخەفە کردبوو، یەکجی راگەیەندرا کە جمهووری ئیسلامی بریارنامەی ۵۹۸ی بە بی مەرج قەبوول کردوە و ئامادەی بەرێوەبردنی ئاگر بەسە.

ل٧

## بریارنامە سەبارەت بە: هەڵسەنگاندنی مەوقعییەتی ئێستای حیزبی دیموکرات و هەڵوێستی ئێمە لە بەرانبەریدا

**الف: زەمینە گشتییەکانی بوحرانی جەرەیانی حیزبی دیموکرات**

۱_ ناسیونالیزم لە کوردستان، بە پێی مەوقعییەتی میلەتەی کورد وەك میللەتیکی ستەم لێکراو و وەك شکلی بورژوازیی بۆ دەربرینی ئیعتیراز لە بەرانبەر ئەو ستەمەدا، لە کوردستان لە کونەوە زەمینەی پێك هاتن و هەڵدانی ئەحزاب و جەرەیاناتی سیاسی جۆراوجۆر وەك ئوپوزیسیونی حکوومەتەکانی مەرکەزی بووە. هەر وەك ناسیونالیزم لە باری مێژووییەوە وەسیلەی ئیدئولوژیکی بورژوازی بووە بۆ تەئمینی بەرژەوەندی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چینە، ناسیونالیزمی کوردیش لە قەدەر مەحدوود بوونی خۆی، هەر ئەم دەور و نەقشەی لە ئەستو بووە.

ل٨

## بریارنامە سەبارەت بە: ستراتیژی ئێمە لە بزووتنەوەی کوردستاندا

ل٩

## خەباتی جەماوەری

**خەبات لە دژی سەربازگیری و شەر**

لە ماوەی چوار مانگی رابوردوودا خەبات لە دژی سەربازگیری رژیم یەکیك لە مەیدانە گرینگەکانی خەباتی جەماوەری خەڵکی شار و دیهاتی کوردستان بووە. ئەم خەباتە بە شیوەی جۆراوجۆری وەك: خو بە دەستەوە نەدان، هەلاتن لە سەربازی، شاردنەوەی مەشموولەکان و دەرباز کردنیان، موقاوەمەت و ئیعتیرازی بە تێکرا و هێرش بردن بۆ سەر هێزەکانی رژیم و ئازاد کردنی گیراوەکان و شیوەیتر بەرێوە چووە. ئەمەی لە خوارەوە دەی بینن گوشەیەکی بچووکی ئەم خەباتەی خەڵکی کوردستانە لە دژی سەرباز گیری و جمهووری ئیسلامی لە کوردستان:

**بانە:**

* خەڵکی تێکۆشەری شاری بانە لە رۆژەکانی هەوەلی بەهاردا پەلاماریان بردە سەر بەکریگیراوانی رژیم و سەرەرای تەقەی بەکریگیراوان هێرشی ئەوانیان بۆ رەش بگیری پووچەل کردەوە و بە کۆبوونەوەی خۆیان لە بەر پاسگای مەرکەزی رژیم فەرماندەی ئەم پاسگایەیان ناچار کرد مەعزەرەتیان لی بێنێتەوە.

* رۆژی ۲ی مانگی گولانیش هێرشی رژیم بۆ رەش بگیری لاوەکان بە وشیاری و ئیعتیرازی خەڵکی تێکۆشەر، پووچەل کرایەوە.

* رۆژی ۹ مانگی گولان خەڵك بە ئیعتیرازی یەکگرتووی خۆیان بەکریگیراوانیان ناچار کرد کە گیراوەکان ئازاد بکەن

ل۱۲

## گوزارشیك لە مەراسمی رۆژی کرێکار لە شارەکانی سنە و مهاباد

هەزاران کەس لە کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەری شاری سنە رۆژی جیهانی کرێکاریان جەژن گرت.

رۆژی هەوەلی مانگی مەی ئەمساڵ، لە شاری سنە و دەوروبەری ئەم شارە چەندین مەراسمی جیاواز بۆ ریزگرتن لە رۆژی هاوپشتی و هاوخەباتی جیهانی کرێکاران، بەرپا بوو. لە چەند گەرەکی شار، لە دەرەوەی شار، لەسەر کیوی "ئاویەر" و لە داوینەکانی ئەم کیوە چەندین کۆبوونەوەی شکودار، بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و پیاوانی کرێکار و جەماوەری تێکۆشەری ئەم شارە بەرپا کرا. ئەم گوزارشەی خوارەوە، گوزارشیکی کورتی ئەم مەراسمانەیە.

میتینگی شکوداری دەبیرستانی "رەنج ئاوری" (رازی پێشوو)، کە چەندین هەزار کەس لە کرێکاران و زەحمەتکێشانی وشیار و خەڵکی تێکۆشەر بەشدارییان تێدا کرد، یەکیك لە شکودارترین مەراسمەکان بوو. کرێکارانی تێکۆشەری شاری سنە ماوەیەك بوو خەریکی تەدارەکی بەرپا کردنی جەژنی مانگی مەی ئەمساڵ بوون و دوای چەندین کۆبوونەوە لە بارەی چلونایەتی بەرپا کردنی ئەم جەژنە، تەسمیمیان گرت و بە دەست پی کردنی چەند کاری پێویست، بەروپیری بەرپا کردنی مەراسمەکە چوون و خۆیان ئامادە کرد.

رژیمی دژی بەشەری "جمهووری ئیسلامی"ش بە وەری خستنی تەبلیغاتی شەر، هێنانە مەیدانی گەشتییەکانی کومیتە و

ل۱۰

لەو دەورەیەدا چاپ کران و هاتنە بازار. ئەوکات هیچ کویی دنیا لە ئێران ئازادتر نەبوو و خەڵکی هیچ کویی دنیا وەك خەڵکی ئەو کاتی ئێران بە ریزەوە چاوی لێ نەدەکرا. گەورەترین کاربەدەستانی حکوومەتی و نیزامی تەنیا بە تکا و پارانەوە و داوای لیبووردن دەیانتوانی بۆ کارو باری ئاسایی و رۆژانە هەنگاویك هەڵگرن.

راپەرینی چەکدارانەی خەڵك شایی ئەم جەژنە جەماوەرییەی گەیاندە ئەو پەری خۆی. خەڵکی چەکدار بە تفەنگ و دەمانچە و کوکتیلی ئاگر پڕژین دوایین بنکەکانی پاریزەرانی پاشایەتییان گەمارودا، بە گرتنی جادەی نیوان شارەکان بنکەکانی دوژمنیان لیك دابری و بە پەلاماری قارەمانانە بۆ سەر پادگانەکان، مقەرەکانی ساواك، کاخی سەلتەنەتی، زیندانەکان، فروکەخانەکان و ئیستگەی رادیو و تلویزیون دوایین موقاوەمەتی ئاشکرای ئەوانیان تیك شکاند و بەم جۆرە ئیسباتیان کرد کە بەرانبەر بە ئیرادەی شۆرشگێرانەی خەڵکی راپەریو هیچ هێزیك توانای خۆراگرتنی نیە. بە ویست و قودرەتی خەڵکی چەکدار، کاربەدەستانی جینایەتکار و وەزیران و سەرکردەکانی حکوومەتی نیزامی و پولیسی و جاسووسان و شکەنجە گەران و ژمارەیەکی تر لەو جینایەتکارانەی هیشتا دەرفەتی هەلاتن و خۆ دەربازکردنیان دەست نەکەوتبوو لە حەشارگەکانیان دەرکێشران. ئیتر درەنگ بوو، کاتی توبە کردن بە سەر چووبوو. زۆربەی ئەم جینایەتکارانە هەر پێشتر حوکمی ئیعدامیان درابوو، وە ئەم حوکمە عادلانەیە، خەڵك خۆیان بەدەستی خۆیان بەرێوەیان برد. ئەم سزادانە هیمنانەیە نیشانەی دل گەورەیی و بەخشندەیی جەماوەریك بوو کە دەسەڵاتدارەتییان وەبیر هێنەرەوەی ئەو رۆژ رەشی و سەرکوتە بی کە هەر ئەم جینایەتکارانەساڵیانی ساڵ بە سەریان هێنابوون.

بەڵام شوکدارترین دیمەنی راپەرین و بە گشتی رۆژانی پەرەگرتنی شۆرش کە سەرنجی هەمو بینەریکی بۆ لای خۆی رادەکێشا پەیوەندی خۆ بە خۆی نیوان خەڵك بوو. ئەو هاوپشتی و روحی خوشك و برایەتییە کە لە نیو خەڵك دا شەپولی دەدا، پێشتر قەت نەبینرابوو. دەتگوت هەموو خوشك و برای بربرەپشتی یەکترن. دەرگای هەر مالیکت دەکوتا بە گەرمی بەرەو پیرت دەهاتن دەتگوت هەر لەو مالە لە دایك بووی. دەچوویە نیو هەر کۆر و کۆمەلیك وەریان دەگرتی، دەتگوت ئاشنای لە مێژینەیانی. گوییان دەدایە قسەکانت و دەبوونە شەریکی قسە و راویژت و دلسوزانە هەلەیان بۆ راست دەکردییەوە. ئەگەر لە خیابانیك هەلەنگووتبای و کەوتبای و داوای یارمەتیت کردبا دەیان دەست دەهاتن بۆ هەستاندنەوەت دەتگوت منالیکی تازە پی گرتووی. ئەگەر نالەنالی ئیش و ژانیك دایگرتبای دەیان کەس لە ئامیزیان دەگرتی دەتگوت هەموو بوونەتە دایك و باوکت. کاتیك داوای ئاوت کردبا دەیان کەس وەلامیان دەدایەوە و دەتگوت ئەمانە هەر ئەو کەسانە نین کە پێشتر بۆ پەرداخە ئاویك دەبوو لە پێشدا پارەیان پی بدەی و هیشتا بەلالووتیکەوە جوابیان دەدایەوە یان لە خیابان ئەگەر شانت لە شانیان کەوتبا هەر لەوی جنیو بارانیان دەکردی وە یا هەزار چاو لیت زیت دەبوونەوە کە هەر لە مەیدانی کار چون هەقدەستی رۆژیك قورەکاری و فەعلەییت لی برفینن و بەروکیان پی دەگرتی و لە تەختی عەرزیان دەدای... ئەو رۆژانەی بەسەر چوو بوون ئینسانی تر لە دایك ببوون. ئیتر غەریبی و بی کەسی مەعنای نەبوو. دەکەوتیەوە بیر قسەکەی مارکس کە دەیگوت ئەم نەزم و نیزامە، ئینسان لە ئینسانەتی دەخا. لە جیگایەك کە هەموو شتیك بۆ گورینەوەیە و دەبیتە پارە، کەسایەتی و ئەخلاقی بەشەر لە نیو دەچی و دەبیتە کالا و دەکرردری و دەفرۆشری. پەیوەندی کۆمەڵایەتی نیوان ئینسانەکان دەبیتە پەیوەندی نیوان شت و مەك و بەشەر تووشی نامویی دەبی و لە زاتی خۆی، لە خۆی بیگانە دەبی...

بە خۆتت دەگوت ئەگەر تەنیا تەکانیکی ئاوا بچووك لەم نیزامە جەهەننەمییە بتوانی ئاڵ و گۆریکی ئاوا گەورە لە ماوەیەکی کورت دا لە رەفتاری خۆ بە خۆی نیوان ئینسانەکان دا پێك بینی بە لە ناو بردنی ئەم نیزامە چیها ئارەزوو دێتە دی. ئەگەر بە لە بیر بردنەوە و فەراموش کردنی بەشیك لەو دوژمنایەتییە کە ئەم نیزامە لە نیوان ئینسانەکان دا پێکی دینی ئەم هەموو روحی هاوپشتییە بخەملی، ئەو کاوت کە کۆمەڵی چینایەتی نەمینی و ریشەی رقەبەری و دژمنایەتی نیوانی ئینسانەکان بە یەکجاری وشك بی، چ دەبی ... لەو رۆژانە دا دەت توانی و دەبی پایەدار و بەردەوام بی بە چاوی خوت ببینی چونکوو لەو رۆژانەدا بە پێچەوانەی رۆژەکانی پێشتر خەڵك بۆ خرید و فرۆش نەدەهاتنە خیابانەکان! لەو رۆژانەدا دەکرا هەموو ناباوەریك حالی بکەی کە خولقاندنی ئینسانی نوی ئەو ئینسانە کە چینی کرێکار بە شۆرشی خۆی موژدەی خولقانی دەدا خەون و خەیال نیە. حەقیقەتیکە چاوەروانمانە.

لە بارەی بیرەوەرییەکانی رۆژانی راپەرین و بە گشتی ئەو دەورەیەی خەباتی شۆرشگێرانەی خەڵك کە بە راپەرین گەیشتە ئەوپەری خۆی، زۆر قسە بۆ کردن هەیە. هەر کەس ئەو رۆژانەی تەجرەبە کردبی لە هەر لەحزەیەکی بیرەوەرییەکانی و لە هەر شتیك کە دیتوویەتی و فیری بووە گەلیك قسە بۆ گیرانەوە هەیە. ئەم رۆژانە کە ساڵرۆژی راپەرینە، لە شەوانی سارد و دریژی زستان دا نەك هەر مەجالی قسە کردن و گیرانەوەی ئەم بیرەوەرییانە و کۆبوونەوەی خیزانی مال لە تاقە ژووری گەرمیان دا یان لە لای کورسی دەست دەکەوی بەڵکوو دەرك و دیوار ئەم بیرەوەرییانە زیندوو دەکەنەوە. رۆژنامەکان باسی راپەرینی "ئومەتی موسولمان" دەکەن. لە جیاتی حەقیقەت باسی "حەماسە و قارەمانەتی ئایەت اللەکان" دەرخواردی خەڵك دەدەن. باسی "موعجیزەکانی ئیمامی ئەم سەردەمە" و رابەری وشیارانەی دەکەن کە چون "تاغوت"ی بە چوك داهێنا. باسی ئەوە دەکەن چون کاتیك "دێو" هەلات، "فریشتە" جێگای گرتەوە، باسی ئەوە دەکەن کە سیحری "اللەاکبر" چ هێزیکی خولقاند و چون وینەی سەیدی گەورە کەوتە سەر مانگ. لە مەدرەسەکان خوشکانی زینب و برایانی حیزب اللە، بەبی هیچ شەرم و شکویەك، میشکی منالانی ساویلە پردەکەن لە بیشەرمانەترین خورافە کە هەموویان لەم دروو فیشالە ئاشکرایانەیان سەیرترن. بۆیە گیرانەوەی واقعییەتەکان بەو جۆرە کە خەڵك خۆیان دیتوویانە و لەقاودانی فیشال و درو و دەلەسەی دوینی و ئەمرۆی ئەم چاوبەستانە پێویستە. بە تایبەت ئەوە لە هەموو شتیك پێویست ترە کە ئاگامان لە مندالەکانمان بی. مندالەکان تەنانەت ئەوانەش کە ئەمساڵ خوێندنی مەدرەسە تەواو دەکەن لە رۆژانی پر هەڵس و کەوتی راپەرین دا هیشتا زۆر بچووك بوون. لە رۆژانی راپەرین، هەر تارماییەك لە هات و چوکان و خەڵکی ناوکولان و قسەی گەرم و گۆری خیزانی مالیان لە بیرە. ئەوەی پێیان وایە لە شۆرشی ئێرانی دەزانن هەر ئەو شتەیە کە مەلاکان و موعەلیمانی مەدرەسە ئیسلامی کراوەکان بە گوییان دا بردوون. ئێمە ئەرکی سەرشانمانە ئەوە خۆی ئەرکیکە کە بە باسکردن و گیرانەوەی واقعییەتەکان و دەرسەکانی ئەم تەجرەبە مێژوویییە، نەسلی تازەی چینەکەمان بۆ ئەوە ئامادە بکەین کە سەر لە نوی هەر ئەم کارە بکەنەوە و بە سەرەنجامی بگەیەنن. ئەو مەسەلانەی ئێمە نەمانتوانی لەو راپەرینەدا چارەسەریان بکەین لە راپەرینی داهاتوودا دەبی بە روشنی و بە یەکجاری و بە بی هیچ خاوەخاو لیکردنیك وەڵامیان پی بدرێتەوە. جمهووری ئیسلامیش بە راپەرینیکی تر ژیرەو ژور دەبی کە وایە نابی بیلین ئەو تەجرەبانە کە بە قیمەتی قوربانی بوونی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی زۆرلێکراو و ئازادیخواز یانی هاورییان و دوستانی خۆمان وەدەست هاتوون لە ژیر توزی زەمان دا لە بیر بچنەوە. ئەو بەشە لە زانستی خەباتی چینایەتی کە لەو دەورەیەدا بە تەجرەبەی ژیانی واقیعی دەیان موری تەئییدی پیوە نرا، ئیتر دەبی ببێتە بەشیك لە شعوور و تیگەیشتنی گشتی چینی کرێکار لە ئێران.

بەڵام کاتیك بیرەوەرییەکانی ئەو سەردەمە دەگێرینەوە، بە شیوەی موشەخەس دەبی باسی چ بکەین؟ دیارە پێش هەموو شتیك دەبی باسی تایبەتییەکانی ئەو وەزعییەت و هەلومەرجە بکەین کە بە تەواوی جیاوازییان هەبوو لەگەل وەزعییەت و هەلومەرجی ئێستا. جیاوازییەکەش ئەوەندە زۆرە کە ئەگەر کەسیك هیچی لە بارەیەوە نەبیستبی و لە کتێبەکان دا نەیخوێندبیتەوە سەری لێی سور دەمینی. بە تایبەت چونکوو لە کۆمەڵیك دا کە ژانی لە دایك بوونی شۆرشیك گرتوویەتی ئاڵ و گۆرەکان ئەوەندە بە خیرایی روو دەدەن کە ئەگەر کەسیك سەر لە منتقی ئەم ئاڵ و گۆرانە دەرنەکا بەلایەوە شتیکی سەیر دەنوینی. کاتیك جەماوەری میلیونی خەڵکی زۆرلێکراو نارەزایەتی خۆیان لە حکوومەت دەر دەبرن و بەگژی دا دەچن، وە کاتیك حکوومەت پاش هەموو تەقالایەکی خۆی بە سەرکوت کردنی خەڵکی وەگیان هاتوو، پاشەکشە دەکا و بەم جۆرە بە خەڵك نیشان دەدا کە ناتوانی پێش بەم شەپولە ئیعتیرازییە بگری، لە ناکاو بەند و بناوانیك دەشکی و لافاویك دەکەوێتە ری کە هەر لە یەکەم لرفەی خۆیدا پیروز بوونی قانوون و ئوتوریتەی حاکمان و مەشرووعییەتی قودرەتیان و هەروەها قەناعەت و تەحەمولی جەماوەری ژیر دەستە رادەمالی و کاتیك خەڵك بەرەوپێشتر دەچن، دەسەڵات بە تەواوی لە سەربانی کاخ و کوشکەکانەوە فری دەدرێتە ناوراستی خیابانەکان و بە جۆرێك ورد دەبی کە هەر کەس لەوە نەترسی بەشیك لەو دەسەڵاتەی هەبی، بەشی خۆی لی هەڵدەگرێتەوە. بەم جۆرە کاتیك بناغەکان و دام و دەزگاکانی بەرێوەبردنی فشار و خەفەقان زەبری وی کەوت، خەڵك بە هێز دەبن و خۆ لە هەموو ئەو کارانە دەگەیەنن کە پێشتر لێیان قەدەغە کرابوو. کونەپەرستان و لایەنگرانی حکوومەت بەو وەزعە دەڵین هەرج و مەرج و "هەر کەس هەرکەس" و "پاشاگەدانی" و تف و لەعنەتی دەکەن. بەڵام سەرەرای ئەوە کە بەرێوچوونی ئیرادە و قودرەتی خەڵك شکلیکی دیاریکراو و پایەداری نیە، ئەم دیموکراسییە دیموکراسییەکی واقعییە. ئەم دیموکراسییە حاسلی خۆرێکخستنی خەڵك و ئیرادەی هاوبەشیان بۆ بەرێوەبردنی دەسەڵاتی خۆیان نیە بەڵکوو بەکردەوە حاسلی کشانەوە و لە مەیدان چوونە دەری ئەو دەسەڵاتەیە کە پێشتر بە سەر سەریانەوە بوو، وەزوربەی ئەندامانی کۆمەڵی کێشابووە ژیر رکیفی خۆی. ئەم دیاردەیە بە هەموو کەم و کوورییەکانیەوە و سەرەرای ئەوەی ئەگەر بە شیوەی ناشیانە کە خەڵك لە دیموکراسی چاوەروانیان دەکەن و بە لایانەوە خۆشەویست و بەنرخن، خودی دیموکراسییە کە لە دایك بووە. هیچ مەوجوودیك کاتیك لە دایك دەبی کامل و بالغ نیە و لە وڵاتانی وەك ئێران دا کە ئەم کورپەیە لە نیو خوێن دا لە دایك دەبی نە ناچار پاش چاوکردنەوەی، خۆشی هەندیك گیروگرفت پێك دێنی. نەتیجە کە دەبێتە ئەوە کە کەسانیك کە تیناگەن دیموکراسی رێکخراو و پایەدار تەنیا هەر لە رێگای تحول و ئاڵ و گۆری بەرێوە چوونی ئیرادەی جەماوەری و هەر لە جەرگەی ئەم ئاخیزانەی خەڵك لە کوت و بەند رزگار بوودا دەتوانی شکل بگری، تووشی ترس و نیگەرانی دەبن و بە پێچەوانەی ویستی خیر خوازانەیان واز لە دریژە پێدانی خەباتی شۆرشگێرانە بۆ دیموکراسی دینن. بەم جۆرە روشن نەبوونی ئاسوی بەرەوپێش چوونی ئاخیزی شۆرشگێرانەی خەڵك، لە کردەوەدا بە خیرایی هێزی بزوینەری ئەو ئاخیزە تووشی دامرکانەوە دەکا و بزووتنەوەکە تووشی وەستان دەبی.

لە پێشدا دەبی خودی ئەم ئازادییانە بە روشنی دیاری بکرین کە تەنانەت ئەگەر کاتیش بن دیسان هەر ئازادین و مەجالیکی بەنرخ بۆ ئەو چینە شۆرشگێرە دەرەخسێنن کە رێگای بەرەوپێش چوونی خوی دەزانی. دەبی بە دوور و دریژەی و بە وردی باسی ئەو هەل و دەرفەتانە بکری کە بۆ خەڵك هەڵدەکەون. ئازادی بەیان، ئازادی چاپەمەنی، ئازادی کۆبوونەوە، ئازادی رێکخرابوون، ئازادی تێکۆشانی سیاسی، ئازادی تەسمیم گرتن لە سەر کاروباری گرینگی کۆمەڵ، هەموو ئەمانە کە لە رۆژانی رەشی حکوومەتی مەزهەبی دا بە خەونیش نابیندرین، دەبی باسیان بکری. نەك تەنیا لە بەر ئەوە کە "وسف العیش، نسف العیش"ە بەڵکوو لەبەر ئەوە کە ئەو کەسە کە تەنانەت تامی ئازادی نەچەشتوە وینەیەکی روونتری لەبەر چاو بی و پێی وانەبی دنیا هەمیشە هەر ئاوا تاریك دەمێنێتەوە. دەبی ئەمانە باسیان بکری هەتا قەدری خۆی و ئەوشتانە کە شیاوی ئینسانن بزانی و بەکەم رازی نەبی و کلاو نەچیتە سەری. مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە ئەم شتانە بۆیە باسیان بکری هەتا تایبەتییەکانی ئەو هەلومەرجە رێگای دریژە پێدانی و شیوەی تێکۆشانی سەمەربەخش لەو هەلومەرجەدا کە بەتەواوی جیاوازی هەیە لەگەل هەلومەرجی ئێستا، هەر لە پێشدا بزانن.

تایبەتییەکی ئەو دیموکراسییە کە تازە لە دایك دەبی ئەوەیە کە هیشتا لە دایکی جیانەبووەتەوە. یانی لە هەلومەرجیك دا کە ئازادی لە بەر ئەوە وجوودی هەیە کە هێزیکی بان سەری خەڵك نیە کە پیشیلی بکا، ئازادی هەمیشە و لە هەموو شوینیك نیە. لە هەر جێگایەك خەڵك حوزووریان هەبی ئازادی هەیە و لە هەر جێگایەك حوزووریان نەبی رەنگە ئازادیش نەبی. ئازادی بلاو کردنەوەی کتێب هەیە و کتێبی قەدەغە کراو هەزار هەزار لە ژیر چاپ دێنە دەر بەڵام ئەگەر کتێب فرۆش و چاپچی بە تاق بکەونەوە تەنیا بن، رەنگە بە خۆیان و مندالیانەوە هەر لە نیو کتێبەکان دا ئاگریان تی بەردری، رێك لە حالیك دا کە سەد میتر لەو لاتر کۆبوونەوەیەکی گەورەی خەڵکی خەباتکار خەریکی سروود خوێندنە. کونەپەرستیش لەو هەلومەرجەدا لیبراوانە دەجوولێتەوە. دیموکراسی هیشتا وەك مەوجوودییەتیك کە خۆی، خۆی بپاریزی وجوودی نیە و لەم رووەوە ئازادی تەنیا لەو جێگایە هەیە کە خەڵك لە مەیدان دا بن. ئەم هەلومەرجە لەبارترین و موساعیدترین مەیدان بۆ تێکۆشانی ئەو بەشانە لە خەڵك دەدا کە هاوپشتی و یەکگرتوویییەکی پتەوتر و بەرینتریان لە نیوان دی هەبی. ئەو گورووهانە کە رێکخراوتر و پر جەمعییەت ترین تەئسیریکی چارەنووس سازیان لە سەر رەوتی ئاڵ و گۆرەکان هەیە. لەو هەلومەرجەدا پەیوەندی یەکگرتوانە و تەشکیلاتی تەئسیریکی سەد لانە زیاتری دەبی. ئەو کۆر و کۆمەڵ و رێکخراوانە کە لە سەردەمی خەفەقان دا بە زەحمەت کاریکیان لە دەست دەهات لەو هەلومەرجەدا بە پێچەوانەی ئەمرۆ کاری گەورەیان لە دەست دی و پاداشی زەحمەتی رۆژانی دژواری تێکۆشانی نهینی یان وەر دەگرنەوە. بەڵام ئەگەر کیشەی نیوان مەیل و بۆچوونە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان هەر تەنیا لە چوار چێوەی کیشەی نیوان ئەو گورووە و کۆر و کۆمەڵانەدا بمێنیتەوە کە فی الحال یەکگرتوون، زۆری پی ناچی کە دیسان هێزەکانی کونەپەرستی دەبنەوە مەیداندار. چونکوو خەڵك لە هەلومەرجی خەفەقان و دیکتاتوریدا لە ئیمکانی رێکخراو بوون و پێك هێنانی پەیوەندی هاوپشتی خەباتکارانە و ئامانج پەروەرانە لەگەل یەکتر مەحروومن و بە رادەیەك کە رادیکالیزمیکی زیاتر لە خۆ نیشان بدەن، حەرەکەت و هەنگاو نانیان بەرەو خۆ رێکخستن، لەگەل زەبر و زەنگیکی سەرکوت دەکری. لە حالیکدا جەریاناتی خۆ پاریز و کونەپەرست تەنانەت ئەگەر رەخنەش لە حکوومەتی دیکتاتوری بگرن، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی مێژوویی هاوبەشیان هەیە، ئیمکانیان پی دەدری لە حاشیەی دەسەڵاتی رەسمی و جیگیر بوودا، نەشوو نما بکەن و هەتا رادەیەکی دیاریکراو بە خۆیان دابین و خۆ رێکخەن. بەم جۆرە کاتیك دەزگای ئەسلی و رەسمی سەرکوت بە شوین ئاخیزی شۆرشگێرانەی جەماوەری خەڵك دا لە کاردەکەوی و لەبەر یەك دەترازی و هەلومەرجی تێکۆشانی ئازادانەی سیاسی پێك دی، بۆچوونە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان کە ناچار لەو هەلومەرجە شۆرشگێرانەیەدا بە شیوەی سیاسی دینە مەیدان، هەلوێستیکی یەکسانیان نیە. جەرەیانات و بۆچوونە کونەپەرستانەکان رێکخراوتر و یەکگرتووترن و بەم بۆنەوە کاری زیاتریان لە دەست دی و بۆچوونە رادیکال و

دەورەی دووهەم ژمارەی ٢٦ گەلاوێژی _١٣٦٧ ئووتی _ ١٩٨٨

پێشڕەو

شۆڕشگێڕەکان سەرەرای ئەوەی ژمارەی لایەنگرانیان زیاترە، پرژ و بلاوتر و ناڕێکخراوترن و بەم بۆنەوە لاوازترن. کاتێك بیرەوەرییەکانی راپەرین وەبیر خۆتان دەێننەوە، دەبی ئەم دیاردەیە بە وردی و بە هەموو نموونە واقعییەکانی ئەو دەورەیەوە تەوزیح بدەن. بڵێن حکوومەتی شا ئەگەرچی حکوومەتیکی فەرەنگی باو بوو، ئەگەرچی شەپکە بەسەر بوو، وە بە روالەت نیوانی لەگەڵ مەزهەب و ڕێکخراوە مەزهەبییەکان خۆش نەبوو بەڵام بە ئاشکرا و دوستانە لەگەڵیان سازابوو. پەروەردەی ئایینی هەر بەم مەعنایەی ئەمڕۆ بەشێك لە دەرسەکانی مەدرەسە بوو. جگە لەمە مەدرەسە و زانکۆی تایبەتی مەزهەبی و ئیسلامی هەبوون و ئەو موسولمانانەی ئاگریان توند بوو سەرەرای ئەوەی بەرانبەر بە دەربار و حکوومەت قسەیان دەکرد ئیمکانیان هەبوو هەر لە ژێر ئەو ئالا ئیدئولوژیك و سیاسییەدا لە دانشگاکان بە ناوی ئەنجوومەنی خوێندکارانی موسولمان، کتێبخانە و کۆڕ و کۆمەڵ و نوێژگەی خۆیان دامەزرینن. گەرەکە فەقیر نشینەکان پڕ بوون لە "حسینیە" و تەکیە و "هەیئەتی منتزرینی مهدی" کە لە نێویان دا ئەنجوومەنی دژی بەهایی گەری و ڕێکخراوی دەستە راستی و فاشیست بە بوچوونی ئاشکرای پان ئیسلامیستییەوە فەعالییەتیان دەکرد. بە کردەوە دەوڵەت و ئیدارەی ئەوقاف خەرجی ئەم جەماعەتەیان گرتبووە ئەستو چونکوو فەعالییەتی ئەوانە کە خەریکی بلاو کرنەوەی خورافە و تەحمیقی جەماوەر بوون راستەوخۆ لە خزمەت پاراستنی بناغەکانی حکوومەت دابوو، وە حکوومەتیش ئەمەی دەزانی و بەم بۆنەوە لە باری رەخنەگرانەی ئەم جەرەیانە کە جار و بار بە ئاشکرا خۆی دەنواند چاوپۆشی دەکرد و موداری لەگەل دەکرد و لێی وەجواب نەدەهات. کاتێك رووخاندنی حکوومەت بوو بە مەسەلەی رۆژانەی هەموو خەڵك، ئەم جەماعەتەش هەر لەو هەڵوێستە راست رەوانەیەوە بەشێك بوون لە بزووتنەوەی خوازیاری رووخانی حکوومەت و یەکێك لەو هویانە کە دەوری هەبوو لەوەدا کە ئەمانە بتوانن خۆ لە پەلاماری تیك شکێنەری خەڵك بپاریزن هەر ئەمە بوو.

کاتێك دەزگای رەسمی سەرکوت بە ئەندازەی کافی تیك شکێندرا و ئیتر پولیس و ئەمنییەیەك نەما کە پێش بە کۆبوونەوە و سوخەنرانی و چاپەمەنی بگری، یانی پێش بە پەرەگرتنی شۆڕشگێرانەی دیموکراسی بگری، هەر لە سەرەتاوە هەر ئەم جەرەیانە مەزهەبییە دەور و ئەرکی ئەوانی گرتە ئەستو و ریك لەبەر ئەوە کە هەر لە پێشەوە لە گورووهی یەکگرتوو پێك هاتبوو سەرەرای کەم بوونی، توانی ئەم ئەرکە بە باشی بەرێوە بەری. هەر لە رۆژانی گەرمەی دەسەڵاتدارەتی خەڵك دا کە هیچ پولیسیك نەی دەوێرا تەنانەت لە حەمامی مالەکەی خوشیدا یونیفورمی ئاریا میهری بکاتە بەر، هەر نوینەرانی ئەم جەرەیانە کونەپەرستە ئیسلامییە بە ژمارەی کەمەوە دەیانتوانی کۆبوونەوەی گەورەی خەڵك تیك بدەن و بی دەنگەیان پی بکەن. ئەمە کاریك بوو کە بە پێی قاعیدە ئەرکی پولیس بوو. ئەم توانایییە بە هۆی هاوپشتی و یەکگرتووبوونیان بوو نەك لەبەر زۆربوونیان.

لە راپەرینی داهاتووی خەڵکیش دا لە دژی حکوومەتی ئیسلامی خەڵك نارژینە نیو مالی سەلتەنەت تەلەبەکان و موجاهیدین و ناسیونالیستە تۆخەکان چونکوو ئەمانەش موخالەفەتی جمهووری ئیسلامی یان کردوە و لەم ڕێگایەدا لییان کوژراوە و ئیعدام کراوە. خەڵك تەنانەت لە چەکدار بوون و لە چوونە سەر دیواری جەماران و لە گرتنی کومیتەکانی سپای ئیسلام مەنعیان ناکەن و تێکۆشان بۆ رووخاندنی رژیم هەروەك جاران تێکۆشانیکی جەماوەری و گشتی دەبی کە هەموان بەشداری تیدا دەکەن. بەڵام ئەو کرێکارە وشیارانە کە بە شوین سەرکەوتنەکانی راپەرین دا دەیانەوی بە ئالای سووری خۆیانەوە بێینە مەیدانی شار هەتا بە کرێکارانیتر بڵێین کە چیان دەوی دەبی لە پێشدا ئەوە بزانن کە کاتێك حیزب اللە و سپای پاسداران تەفروتونا کرابی و ئیتر نەتوانن ئالای سووری کرێکاری داگرنەخوارەوە، لایەنگرانی عزمت خوازی ئێران بە ئالای سێ رەنگیانەوە خیرا ئەم ئەرکە دەگرنە ئەستو. چونکوو ئەوان لەگەل ئێمە فەرقیان هەیە و جمهووری ئیسلامیش بە باشی ئەمە دەزانی و تەنانەت لەو پەری دەسەڵاتی خۆی دا قەت نەی ویستوە تەفروتوونایان بکا. یانی ئەوە کە ئەوان بە شیوەی ڕێکخراو دێنە مەراسمی جەژنی لە دایك بوونی ئازادی و ئەگەر ئێمە نەجوولینەوە رەنگە دەستیان وەپێش خەن. نەك لە بەر زوربوونیان بەڵکوو لەبەر ئەوەی نەغد و حازر ڕێکخراوی خۆیانیان هەیە.

کەوایە هەر وەك باسی کرا و راپەرینی خەڵك نیشانی دا ئەگەر لە رۆژانی ئازادی سەر و بەندی راپەرین دا، بەرانبەرکیی بۆچوونە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا لە چوار چێوەی بەرانبەرکی ئەو گرووە و ڕێکخراوانەدا کە نوینەری ئو بۆچوونانەن بمێنێتەوە، کونەپەرستی گوی ئەم مەیدانە دەرفینی و دەیباتەوە. گرووە و ڕێکخراوە ئوپوزیسیونە خو پاریز و کونەپەرستەکان کە لە حاشیەی دەسەڵاتی حکوومەتی سەرەرودا مەوجوودییەتی خۆیان پاراستوە هەر بە هێزی ڕێکخراو بوونی خۆیان دەبنە مەیداندار و هەر کە لە دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەدا و لە دامرکاندنەوەی رەوتی ئاڵ و گۆڕی دیموکراتیکی کۆمەڵدا یەکەمین سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، توانایی هەموو دوژمنانی شۆڕش لە کۆمەڵدا لە خۆیان دا کودەکەنەوە و دوژمنانی شکست خواردووی شۆڕشیش پشتیوانی یان لی دەکەن. وە ئەمە سەرەتای مەراسمی ئەسپەردە کردنی شۆڕش و کۆرپە تازەکەی یانی دیموکراسییە.

ئەگەر دیموکراسی لە سەرەتای لە دایك بوونی دا تەنیا بە دەخالەتی هەڵسووراوانەی کۆمەلانی بەرینی خەڵك دەتوانی دریژە بە ژیانی خۆی بدا، ئەو جەرەیانە کە دیموکراسی بۆی حەیاتییە، هیچ چارەیەکی جگە لەوە نیە کە خیرا و بی هیچ راراییەك هەرکات وەزعییەت و هەلومەرج ئیمکانی پی دا دەست بداتە هەڵخراندن و کۆکردنەوەی بەرینترین کۆمەلانی خەڵك کە خوازیاری ئاڵ و گۆری رادیکال و شۆڕشگێرانەن لە نیو کۆمەڵدا، وە ئەو جەماوەرە لەو ئورگانانەدا کە بتوانن زامنی بەرێوەچوونی ئیرادەی هاوبەشیان بن ریك بخا هەتا لە هەرهەنگاویك دا کە دیموکراسی بەرەوپێش دەچی خەڵك خۆیان بە دانستە و وشیارانە ئەرکی پاراستنی دەسکەوتەکانیان وە ئەستو بگرن. دیارە جەوهەر و ماهییەتی هێزیك کە دەتوانی دەست بداتە هەڵخراندنی شۆڕشگێرانەی خەڵك لەم نیوەدا دەور و جێگایەکی چارەنووس سازی هەیە. جیا لەم مەسەلەیە دەبی ئەوەش بڵێین کە ئەو جەرەیانە یان ئەو حیزبە سیاسییە کە شارەزای هەڵسووڕانی جەماوەری و و ئاشکرا نەبی لە هەلومەرجی دیموکراسیدا بە گشتی و لە هەلومەرجی دیموکراسی دەورەی شۆڕشگێرانەدا بە تایبەت، هیچ کاریکی لە دەست نایە. لەو دەورەیەدا یەکە یەکەی خەڵك نەك هەر خاوەن بەڵکوو جگە لەمە بە پێی زەرووڕەتی دەورەی شۆڕشگێرانە هەموویان هەڵسووراو و دەخاڵەتگەرن و بە دەگمەن وا هەل دەکەوی کە خۆیان بینە دواوە و ئیختیار و چارەنووسی خۆیان بسپێرنە دەست نوینەریك هەرچەند نوینەری راستەقینەی خۆشیان بی. بەم جۆرە، هەموو حەرەکەتیك بە تێکرایی و دەستەجەمعی دەکەوێتە ری. نوینەری خەڵکی شۆڕشگێر لەو هەلومەرجەدا تەنیا دەتوانی رابەر و ئاژیتاتوریکی جەماوەری بی، یانی کەسیك بی کە بتوانی نوینەر بوونی خۆی لە هەموو دەقیقەیەك دا و لە هەموو هەنگاویکی بەرەوپێش چوونی خەڵك دا بە خەڵك ئیسبات بکاتەوە. ئەم لێهاتوویییە لە رابەری کردنی جەماوەردا بە رادەیەك گرینگە کە هەر تاکە کەسیك خاوەنی ئەم لێهاتوویییە بی لە چاو تروکانیك دا زیاتر لە هەموو ئەو ڕێکخراوە لە مێژینە و پێشینەدارانە کە ئەم لێهاتووییەیان نیە بەرەوپێش دەچی. یەکێك لە دژوارییەکانی تایبەتی رابەرانی جەماوەری لە ورەورەیەدا ئەوەیە کە لە جەرگەی رەقابەتیکی توند دا لەگەل گەلیك حەریفیتر، دەبی بتوانی حەرەکەتی جەماوەری لەسەر رەوتی دریژەپێدانی شۆڕش بەرەوپێش بەری. بە خۆشییەوە لە راپەرین و شۆڕشی داهاتوودا ئاژیتاتورەکان و رابەرانی شۆڕشگێری جەماوەری ناکەونە داوی موزاحەمەتی خیلی بەرینی فریوکارانی شارەزا و خاوەن تەجرەبە یانی ئاخوندەکان کە لە خەلەتاندن و گومراکردنی خەڵك دا بە شێوەی "گوبلز" زۆر شارەزان، چونکوو خودی ئەو هەلومەرجە پێویستی بەوە هەیە کە لە یەکەم هەنگاودا ئەمانە تارومار کرین و رابەرانیان ئیعدام کرین. گیروگرفتیکیتر ئەوەیە کە ئاژیتاتورە بورژواکان و بە گشتی کەسانیك کە لە رابوردوودا نەزمی دلخوازی خۆیانیان تەجرەبە کردوە تەنانەت ئەگەر ڕێکخراویکی حیزبیش لەگەل یەکتر هاوئاهەنگی نەکردبن و پەیوەندی لە نیوانیان دا پێك نەهینا بی، لیك نزیکتر و مەیلیبان بە هاوکاری لەگەل یەکتر زیاترە، لە حالیکدا رابەرانی جەماوەری خەڵکی فەقیر و مەحروومی کۆمەڵ کە لە رابوردوودا نەیانتوانیوە وەك رابەر خۆنیشان بدەن و لەم بابەتەوە تەجرەبەی زۆریان نیە، لەوانە زیاتر لە دەست و پێی یەك دەهاڵین و دەبنە کوسپ لەسەر رێگای یەکتر و زەحمەتی یەکتر بە فیرو دەبەن. مەسەلەیەکیتر ئەوەیە کە لەبەر زۆر بوون و جوراوجوربوونی ئەو مەسەلە کۆمەڵایەتییانە کە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە دەبی وەڵامی شۆڕشگێرانە بە هەموویان بداتەوە، پێویستە ژمارەیەکی زۆر لەو رابەرە جەماوەرییانە هەبن. ئەگەرچی خودی شۆڕش و خەڵکی شۆڕشگێر لەبەر پێویستی خۆیان ئەم رابەرانە لە نیو دلی خۆیان دا پەروەردە دەکەن، بەڵام بیگومان ئەگەر ئەم رابەرانە ئاسویەکی هاوبەشیان لە بەر چاو نەبی کە ئەم ئاسو هاوبەشە لە ناوەوە ببێتە مایەی پەیوەندی جەبهە جۆراوجۆرەکان لە پێشرەویدا، وە هەموو لقەکانی بزووتنەوە نەنیتە خزمەت ئاڵ و گۆریکی واحید و شۆڕشگێرانە بۆ هەموو کۆمەڵ، ئەم هەموو هەول و تێکۆشانە رەنگە نەتیجە و ئەنجامیکی جیگەی رەزامەندی و دریژخایەنی لی وەرنەگیری. مەسەلەیەکیتر ئەوەیە کە تەنیا بەرێوەبردنی بزووتنەوەی جەماوەری لە سەر ڕێبازیکی دروست کافی نیە. ئەم بزووتنەوەیە دەبی بە خیرایی و لە هەموو هەنگاویکیدا یەکگرتووتر و پتەوتر و ڕێکخراوتر بی. بە بی خۆرێکخستنی بەرینی جەماوەر لە شکل و شیوەی گونجاودا کە بتوانی تێیدا وجوود و ئیرادەی خۆی نیشان بدا و ویستی خۆی و بەرێوەی بەری، ئیمکانی نیە دیموکراسی بتوانی دریژە بە ژیانی خۆی بدا. یان وجوود و تیکۆشانی هەمەلایەنەی حیزبی سیاسی و شۆڕشگێرانە پێویستییەکی حەیاتییە کە رابەرانی جەماوەری بربرە پشتی ئەو مەوجوودییەتە حیزبییە سیاسی و شۆڕشگێرانەیەن.

توانایی و لێهاتوویی لە کاری سیاسی تەشکیلاتی جەماوەری دا لە هەلومەرجی ئاشکرا دا دەوریکی چارەنووس سازی هەیە و هەر حیزب و جەرەیانیکی سیاسی کە توانای ئەم کارەی نەبی لە هەلومەرجی شۆڕشگێرانەدا دەکەویتە حاشیەوە، بەڵام ئەگەر حیزبیك ئەم تواناییەی هەبی ئەمە بە تەنیایی بۆ سەرکەوتنی بەس نیە. خەڵك بە شوین هیچ رابەریك دا تەنانەت ئەگەر لێهاتووترین رابەریش بی مادام نەزانن بەرەو کوییان دەبا، هەنگاویك هەڵناگرن. بە تایبەت خەڵکی ئێران کە جاریك لە رابوردوودا سەرەرای ئەو هەموو فیداکاری و گیانبازییە کە کردیان بوونە قوربانی تی رادیوی و متمانە و ئیعتمادی نابەجێ، ئیتر فەقەت کاری واناکەن. دیارە جەماوەری ترین بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەش پێویستی بەرابەری هەیە و بە بی رابەرییەکی شۆڕشگێری حازر و ئامادە، سەرەنجام بەوە رازی دەبی کە جۆرێکیتر لە رابەران چارەنووسی دیاری بکەن. بەڵام ئێمە قسەمان لەسەر بەسەرکەوتن گەیشتنی دیموکراسی شۆڕشگێرانەیە و پێویستە لەم روانگەیەوە لە سەر خاڵیکیتر تەئکید بکەین کە زانین و وەڵام پی دانەوەی بە هەمان ئەندازە حەیاتییە.

شۆڕش و ئاخیزی جەماوەری بە شکلی شۆڕشگێرانە بۆیە روودەدا هەتا ئەو مەسەلە حەیاتی و نائاساییانە کە بەرۆکی خەڵکیان گرتوە و بە شێوەی ئاسایی چارەسەر ناکرین، وەڵامیان پی بدرێتەوە. زۆربەی ئەم مەسەلانە، بەشیکی هەمیشەیی ئەم نیزامەن، یانی لە زاتی کۆمەڵی سەرمایەداری دان. تایبەتمەندی دەورەی شۆڕشگێرانە ئەوەیە کە کۆمەلانی بەرینی خەڵکی زۆرلێکراو لە زەینی خۆیاندا رێگا چارەیەکی عەمەلی و هاوبەش بۆ ئەم مەسەلانە کە لە هەندیك دەورەدا ئیتر تەحەمول کردنیان لە تاقەت و توانا دا نامینی، دەدوزنەوە. دیارە شکل گرتنی ئەم تەسەورە گشتی و جەماوەرییە خۆی حاسلی ئاڵ و گۆریکی جەماوەرییە خۆی حاسلی ئاڵ و گۆریکی عەینییە لە نیو کۆمەڵدا و تەنیا لە خۆزگە و فیکر و خەیال و ئەم جۆرە شتانەوە سەرچاوە ناگری. لە لایەکیترەوە ئەوەش ئاشکرایە کە مادام هەلومەرجی عەینی بە هەموو لایەن و دیاردەکانیەوە نەبێتە مایەی ئەم گورانە لە زەینی جەماوەردا و ئەم تەسەورە پێك نەهێنی، جەماوەر سەرەرای هەموو ئەو مەینەتانەی بەروکیان پی گرتوە رەغبەت ناکا دەست بداتە کاری شۆڕشگێرانە و راستەوخۆ. بە وتەیەکیتر خەڵك هەتا ئالترناتیویان نەبی راناپەرن. رەنگە ئەوە کە فلانەیان فیسارە ئالترناتیو جێگیر دەبی هەر خەیال بی و هیچیتر بەڵام بە هەر حال ئالترناتیوەکە خۆی دەبی واقعییەتی هەبی. یەکەمین هەنگاوی هەر ئالترناتیویکی شۆشگێرانە رووخاندنی حکوومەتە بەڵام مەسەلەکە کاتیك بە هەموو لایەنەکانیەوە خۆ دەنوینی کە جەماوەر بیەوی لەم قوناغە واوەتر بچی و خوگە و ئارەزووە دەروونییەکانی خۆی وەدی بێنی.

لیرە وە یەکجی بەو نەتیجەیە دەگەین کە ئەو جەرەیانە کۆمەڵایەتییە کە بیەوی لە ئاڵ و گۆری شۆڕشگێرانەی کۆمەڵدا دەوری هەڵسووراوانەی هەبی و جەماوەر لە شۆڕش دا بەرەو کۆمەڵگایەکی عادلانە و عەدالەتیکی سەقامدار بەری، دەبی وەڵامی روشن و ئالترناتیوی دیاریکراوی بۆ هەموو ئەو مەسەلانە هەبی کە جەماوەر دەیانەوەی لە دەورەی شۆڕش دا وەڵامیان پی بدرێتەوە. ئەم ئالترناتیوانە دەبی لە پێشدا بیریان لی کرابێتەوە چونکوو راپەرین لە نیوەی ریدا مەجالی راوەستان و بیر کردنەوە و گەلالە دارشتن بە هیچ کەس نادا. لە رۆژانی راپەرین دا رووداوی چەندین ساڵ لە رۆژیکدا، دەقەومین. ئەو جەرەیانە دیاریکراوە کە دەوری مێژوویی رابەری کردنی حەرەکەتی سەرکەوتوانەی زەحمەتکێشان وە ئەستو دەگری دەبی رێگا چارە و ئالترناتیوی ئامادەی هەبی. ئەم ئالترناتیوانە دەبی عەمەلی و گونجاو بن. یانی لەگەل هەلومەرجی عەینی ژیانی کۆمەڵ و مەوجوودییەتی کۆمەڵ لەو سەردەمەدا بگونجین و لە لایەکیتریشەوە خۆدی ئەم ئالترناتیوانەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان، لەگەل یەکتر و تەکامولی یەکتر ساز گارین. نوینەرانی ئەم جەرەیانە کە لەو رۆژانەدا بە ئاشکرا هەنگاو دەنینە پێش هەتا رابەری جەماوەر بە دەستوە بگرن دەبی بە روشنی بزانن کە ئەگەر باقی کارەکانیان سەرکەوتوانە جیبەجی کران و جەماوەر موری تەئییدیان بە رابەرییەکەیەوە نا و سەلماندیان چ لەو خەڵکە دەکەن کە ئامادەن رابەری بکرین. بەرەو کوییان دەبەن و بۆ وەڵامدانەوەی شۆڕشگێرانە و دیموکراتیك بە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانیان چلون پەروەردە دەکەن، فیریان دەکەن و ڕێکیان دەخەن. بەڵام بۆ ئەوە کە ئەم مەوقعییەتە بە شێوەی واقیعی وەدەست بهێنری یانی ئەوە کە نوینەرانی ئەم جەرەیانە ببنە رابەری تاقانەی جەماوەر ئەم رابەرە شۆڕشگێرانە دەبی بتوانن بە قسە، بە دەلیل هێنانەوە و ئاژیتاسیون، بەرانبەر بە هەزاران حەریفیتر ، کە هەر کامیان بە ئالترناتیوی خۆیەوە و بە هێز و لەشکری خۆیەوە هاتوەتە مەیدان و بە پێی هەلومەرج باسی بەرژەوەند و داخوازی جەماوەر دەکا، بە نیشاندانی حەقانییەت و رەوابوونی ئالترناتیوەکانی خۆی و وەڵامدانەوە بە پێویستییەکان و ئارەزووەکانی خەڵکی زەحمەتکێش و زۆرلێکراو و بە ئیسبات کردنی فریوکاری و چاوبەست بوونی ئەو کونەپەرست و چەوسێنەرانە کە جل و بەرگ و رەنگ و روالەتی

خۆیانیان گوریوە، ئەمانە لە مەیدان دەرکەن و جەماوەر بێننە سەر ئەو قەناعەتە کە لە ڕێبازیکی دروست دا درێژە بە ڕێگای خۆیان بدەن. ئەمە تەنیا لەو ڕێگایەوە ئیمکانی هەیە کە ڕابەرانی شۆڕشگێری جەماوەری عەقیدە و بروایەکی قوولیان بەوە هەبی کە دەیلێن و هەروەها بە روشنی و بە شیوەی عیلمی و منتقی و عەینی رەوا بوونی ئەو شتانە کە بە خەڵك دەگوترین ئیسبات بکەن ... هەموو ئەمانە بە مەعنای ئەوەن کە ئەو جەرەیانەی بە حیزبییەتی خۆی لە دەورەی شۆڕش دا ئەو دەورە مێژوویییە دەگرێتە ئەستو، ناتوانی شتیك بی وەك کارگ لەو سەعاتەدا لە زەوی هەڵتوقی وە یا شتیك بی لە کاتی ڕاپەرین دا لە ئاسمانەوە بکەوێتە خوار. بۆ وەدی هێنانی ئەو پێداویستییانە و ئەو هەلومەرجە دەبی هەر لە ئێستانە بە دانسە و وشیارانە خەریکی بین. لە ڕۆژی ڕاپەرین و شۆڕش دا کەس فریای ئەم کارانە ناکەوی.

مەسەلەیەکی هەرە گرینگ و چارەنووس ساز کە حکوومەتیکی شۆڕشگێر دەبی وەڵامی شۆڕشگێرانەی پی بداتەوە و مەسەلەی ئابووریە، یان دروست تر ئەوەیە کە بڵێین مەسەلەی بەرهەم هێنان بە بەرینترین مانای خۆی. رووخاندنی حکوومەتی دیکتاتوری لە خوارەو را بە هێزی خەڵك، ئەگەر بۆ رزگار بوونی کۆمەڵانی میلیونی زۆرلێکراو و چەوساوەیە و مەبەستی دابین کردنی ئازادی و ئاسایشە بۆ یەکەیەکەی جەماوەری خەڵك، ناتوانی حەرەکەتیك بی کە تەنیا دەزگای دەوڵەتی تووشی ئاڵ و گۆڕ بکا. هەڵوەشاندنەوە و تیك دانی ئەرتەش و سپای پاسداران و کومیتەکان و زیندانەکان و تیك دانی بوروکراسی بان سەری خەڵك و کوتایی هێنان بە ژیانی دیکتاتوری و لە لایەکی‌ترەوە خۆڕێکخستنی خەڵك لە هەندیك ڕێکخراوەدا کە خەڵك بتوانن بە هێزی ئەو ڕێکخراوانە قانوون دانین، بەرێوەی بەرن، لە مافەکانی خۆیان دیفاع بکەن، قەزاوەت بکەن، سزا بدەن، و بە کورتی بە سەرچارەنووسی خۆیان دا حاکم بن، ئەگەرچی ئەمانە هەرکامیان دەسکەوتیکی گرینگی ئازادی و دیموکراسین و چاوپوشی‌یان لی ناکری، بەڵام ئەم ئاڵ و گۆڕانە لە چاو ئەو ئاڵ و گۆڕە کە دەبی رووبدا هێشتا ئاڵ و گۆڕیکن کە رواڵەتی مەسەلەکان دا، لە راستی‌دا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەو خەڵکەی رادەپەرن هەتا ئازادی وەدەست بینن. ئەو ئازادی‌یەیان بۆچییە و چ چاوەروانی‌یەکیان لێی هەیە؟ دەیانەوی ئازاد بن کە چ بکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەگەر خەڵك خۆشیان نەتوانن بەیانی بکەن، روشنە. ئەو مەینەتانە کە بە جۆریك ئیش و ئازار دەگەیەننە موخی ئیسقانی خەڵك هەتا ناچار دەبن بە دەستی بەتاڵ بە گژ حکوومەتیك دا بچن کە هەتا قورقوراچکەی خۆی لە چەك و چول دا نوقم بووە، ئەم مەینەتانەن کە پەیوەندی‌یان بە ژیانی واقیعی‌یەوە هەیە. بێکاری، برسیەتی، هەژاری و فەلاکەت، داماوی، نەخوشی، مەرگ بە هۆی نەداری‌یەوە، ئەمانە هەموویان مەسەلەی واقیعین کە خەڵکیان وەگیان هێناوە و دیکتاتور ناهیلی خەڵك خۆیان چارەسەریان بکەن. خەڵکیکی تیروتەسەل و ئاسوودە کە هەتا ئاخری تەمەنی درێژیان بە سەلامەتی بژین و لە هەموو لەزەتیکی ژیان بەهرەمەند بن چیان لەوە داوە شۆڕش بکەن و شۆڕشیان بۆچیە؟ ئەو مەسەلانە کە زۆربەی خەڵکیان وەگیان هێناوە مەسەلەی راستەوخۆی ئابوورین. هیچ شتیك لەو واقعییەتە روشنتر و بەرچاوتر نیە. هەر ئەوەندە بەسە چاو لە خۆتان و کەسانی دەور و بەرتان بکەن و لە خۆتان بپرسن ئەم هەموو ماندووبوون و خورەتاندنە رۆژئائیوارە بۆ چی‌یە....

کۆمەڵانی مەحرووم و بی بەشی خەڵك رادەپەرن هەتا خۆیان "چارەسەر"ی گیرو گرفتەکانی خۆیان بکەن و هەتا کاتیك حکوومەتی کەمایەتی‌یەکی چەوسێنەر و مفتەخور تیکەوە نەپێچن و حکوومەتی خۆیان دانەمەزرێنن، بەم ویستە ناگەن، بەڵام هەر کە بەوە گەیشتن، یەکەمین مەسەلە کە داوای چارەسەرکران دەکا چ بیانەوی و چ نەیانەوی، مەسەلەی ئابووریە. تەنانەت ئەگەر کەسیك بە لیکدانەوەی خۆی تی‌نەگا کە پێویستە مەسەلەی ئابووری وەڵامی شۆڕشگێرانەی پی بدرێتەوە، لە پروسەی شۆڕشی جەماوەری‌دا بە تەجرەبە بۆی دەردەکەوی ناچار ئەم کارە بکا. وە لەمەش گرینگتر ئەوەیە کە تی‌دەگا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بە دەستەوە بمینی و تەنانەت بۆ ئەوەی دەسەڵات وەدەست بێنی، پێویستە ئالترناتیوی شۆڕشگێرانەی بۆ ئابووری هەبی.

شکلی خۆنیشاندانی ئەم پێویستی‌یە لە ژیانی واقیعی‌دا ئەوەیە کە هەر کە جەماوەری خەڵکی چەوساوە دەولەتیان لی خست. موقاومەتی هەمەلایەنەی بورژوازی تەنانەت ئەو بەشانەی بورژوازی کە لە دەسەڵاتی دەوڵەتی‌دا بەشدار نەبوون و راستەوخۆ دەخاڵەتیان تێیدا نەبووە دەست پی دەکا و قودرەتی ئابووری دەس بە جێ دەبێتە چەکیکی سیاسی لە دژی حکوومەتی تازە پی‌گەیشتوو. کاتیك شۆڕش دەست پی دەکا، بەرهەم هێنان رادەوەستی چونکوو کرێکاری بەرهەم هێنەر دەستی داوەتە چەك هەتا کوشکی دەسەڵات بگری. ئەگەر نەتوانی دیسان ناچارە بگەرێتەوە سەرکویلەتی‌یەکەی خۆی و تاوانی ئەم نافەرمانی و سەربزیوی‌یەی خۆی بداتەوە. بەڵام ئەگەر سەرکەوی و لەهەمان کاتدا نەش گەرێتەوە شوینی کاری خۆی، قاتی و قری و برسیەتی زیاتر لە جاران بەرۆکی هەموان دەگری. کەوایە ناچار بە جل و بەرگی "شایەتی" بەوە بچێتەوە کارخانە، کاریش بکا و "شا"ی خوشی بی. بەڵام هیشتا بەرهەم هێنان نەکەوتوتەوە گەر چونکوو ئەمجار خاوەنی کەرەسە و ئامرازەکانی بەرهەم هێنان مانی گرتوە! نەغدینەکەی خۆی لەگەڵ خۆی بردوە. هەرچی پارەی بوویەتی بردوویەتی بانکی سویس. دەفتەر و حیسابی خۆی شاردوەتەوە. کارخانەی لەو کەسانە کە کەرەسەی خاو ئامادە دەکەن و لەو کەسانە کە لە بازاردا حاسلی کار دەکرن دابریوە، ئیتر هیچ کەس ئەم چواردیواری‌یە وەك کارخانە بە رەسمییەت ناناسی و حازر نیە قەراردادی لەگەڵ ببەستی. خاوەنی سەرمایە و کارمەندان و دەفتەردارانی سەروو خۆیان دزیوەتەوە بەڵام دەنگی نەفرەت لیکراویان لە هەموو شوینیك دەگاتە گوی کە بە قاقای شەیتانی ئەم وتەیەی "بنی‌سەدر" دووپات دەکەنەوە: "دەبی بەرهەم بینی گیانە! دەبی بەرهەم بینی"... لەو هەلومەرجەدا لە دووریگا زیاترت بۆ نامێنێتەوە. یەکیان ئەوە کە خۆیان و حەت پشتیان بە لەعنەت کەی و لە ڕێگایەکی ترەوە بە بی ئەوان و تەنانەت بە بی ئەوەی پێویستیت بەوان بی، خۆت بە هێزی خۆت و باقی خەڵك وە بە پشتیوانی دەوڵەتەکەت، بەرهەم هێنان وەگەر خەی، کە ئەمە خۆی پێویستی هەر بەو ئالترناتیوە شۆڕشگێرانەیە هەیە کە دەبی لە پێشدا داریت کردبی. دووهەم ئەوە کە رەزایەت بەوە بدەی کە کارخانە هەر بە شکلی پێشووی بکەوێتە کار. ئەمجار "مانگرتووەکان" دەگەرێنەوە سەر کار، یان خاوەن سەرمایەکان کاری چەوساندنەوە دەست پی دەکەنەوە. بەڵام هیشتا بەرهەم هێنان دەست پی ناکاتەوە، مەگەر ئەوەی خۆت جل و بەرگی کرێکاری بکەیتەوە بەر، یانی جل و بەرگی "شایەتی"یەکەت دا کەنی و هەڵیگری. لەمرووە ئیتر تەنانەت ئەگەر بتەوەی جارو بار سەریکی مقەری حکوومەت بدەی دەبی کارفەما ئیجازەی مەرەخسیت پی بدا! بەم جۆرە هەرچی رستووتە دەبێتەوە خوری! دیسان هەمان ئاش و هەمان کاسە! کرێکاری و چەوسانەوە و....

دەسەڵاتی دەوڵەتی هەرچەندی ئاڵ و گۆڕی تێدا پێك بهێنری مادام ئابووری، یانی ئەو مەسەلەیە کە راستەوخۆ بەرۆکی بە کۆمەڵانی خەڵکی هەژار گرتوە دەستی لی نەدری، لە روانگەی زۆربەی خەڵکەوە پووچ و بی حاسلە. تەنانەت ئەگەر تەنیا لە روانگەی خوزگە و خۆش ویستنەوە چاو لە دیموکراسی بکەین، داواکردنی دیموکراسی لە حالەتیك دا کە ئەو موناسەباتە زۆربەی خەڵکی هەژاری کۆمەڵ دەنێتە ژێر چنگی کەمایەتی‌یەکی چەوسێنەر و خاوەن سەرمایە، ئیدئیعایەکی بی مەعنایە. قسەی پووچە. ئەو خەڵکەی بۆ وەدی هێنانی ئازادی و دیموکراسی و ئاسایشی گشتی شۆڕش دەکەن هیچ چارەیەکیان نیە جگە لەوە کە پاش رووخاندنی حکوومەتی ستەمگەرانەی چەوسێنەران و دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆیان، ڕێگای شۆڕشی بی وچان بگرنە پێش: شۆڕشیك هەتا پێك هێنانی ریشەیی ترین و بنەرەتی‌ترین ئاڵ و گۆڕ لە موناسەباتی حاکم دا، یانی گورین و ژێرەوژور کردنی موناسەباتی بەرهەم هێنان. ئەم واقعییەتە هیچ مەعنایەکی جگە لەوە نیە کە هەر ڕاپەرینیکی سەرکەوتوانەی جەماوەری کە بێهەوی ئازادی و دیموکراسی و بەختەوەری واقیعی وەدی بینی دەبی ڕاپەرینیك بی بە ڕێبەرایەتی چینی کرێکار کە لیبراوانە بۆ ئازادی خۆی هاتوتە مەیدان. چینی کرێکاریك کە بە یارمەتی ڕابەرانی خۆی بتوانی بە روشنی هەموو تویژە زۆرلێکراوەکانی تری کۆمەڵ تی‌بگەیەنی کە ئازادی و رزگاری چینی کرێکار مەرجی ئازادی یەکجاری و واقیعی هەموانە، وە هەموو زۆرلێکراوان بێنێتە ناو ریزی ئەم خەباتە. چینی کرێکار تاقە چینی کۆمەڵایەتی‌یە کە ئالترناتیوی شۆڕشگێرانە و پر بە پری بەرانبەر بەم نیزامە سەر تاپێی مەینەتە هەیە و سالیانی ساڵە کە رەخنە و ئیعتیرازی قوول و هەمەلایەنەی خۆی بە دەنگی دلیر بەسەر تاسەری جیهان راگەیاندوە.

وەزعی ژیانی کۆمەڵانی بەرینی خەڵك لە ئێران رۆژ لەگەڵ رۆژ خراپتر دەبی. ئەو گیروگرفت و مەسەلانە کە دەساڵ لەوەپێش جەماوەری خەڵکیان بە گژ حکوومەت دا کردبوو، نەك تەنیا کەم نەبوونەتەوە بەڵکوو هەموو رۆژی گیروگرفتیك دێتە سەر گیروگرفتەکانی پێشوو. زۆری پی ناچی کە دوای بە خۆدا هاتنەوە و هەڵچوونەوە ورەی دامرکاو، جاریکی‌تر ڕاپەرینیکی جەماوەری، ئەمجار بۆ رووخاندنی حکوومەتی ئیسلامی، سەر هەلدەداتەوە. لە جەرگەی ئەو بی مافی و ستەمە وەحشیانەیەدا کە حکوومەتی ئیسلامی بەسەر خەڵکی دا سەپاندوە و لە بەر مەحروومییەت و بی بەشی هەموو تویژەکانی خەڵك لە سەرەتایی‌ترین ئازادی‌یەکان، شۆڕشی داهاتووش لە سەرەتادا ڕاپەرینیکی گشتی و جەماوەری دەبی بۆ وەدەست هێنانی ئازادی و دیموکراسی. لەو شۆڕشەش دا هەر کەس بە پێی تی‌گەیشتنی خۆی لە ئازادی و دیموکراسی ئامادەیە لە سەر شیعاری "مەرگ بۆ حکوومەتی ئیسلامی" لەگەڵ باقی لایەنگرانی ئەم شیعارە یەك بگری و لە یەکەم هەنگاودا کوتایی بە ژیانی نگریسی ئەم حکوومەتە جینایەتکارە بینی. جاریکی‌تر کە جەماوەری خەڵك دام و دەزگای خەفەقان و سەرکوتیان هەلچنی، سەر و سیمای سیاسەت بازانی رەنگاو رەنگ کە هەموویان خۆیان بە رزگاریبەخشی جەماوەر هەڵدەخەن، پەیدا دەبێتەوە کە هەر کامیان بە زمانیك داوا لە خەڵك دەکەن دەسەڵاتی پی بدەن هەتا ئازادی و بەختەوەری یان پی ببەخشی....

ئایا ئەمجاریش خەڵك بروا بە دژومنانی خۆیان دەکەن و دەبنە قوربانی سادە دلی خۆیان؟ ئایا دیسان ئازادی خۆیان لەوەدا دەبێننەوە کە کەسانی‌تر بە دەسەڵات بگەن؟ ئایا بە دوای ڕاپەرینی داهاتووش خەڵك جلەوی دەسەڵاتدارەتی دەدەنە دەست ئەو کەسانە کە لە چاوبەستن دا شارەزاترن؟ ئایا دیسانیش خوشباوەرانە ئەو بە مەجلیسی "موسسان" و مەجلیسی "خبرگان" دەسپێرن کە دیاری بکەن خەڵك چ مافیکیان هەیە؟ ئایا قەرارە دیسانیش گیانبازی و فیداکاری خەڵك ببێتە هۆی بە دەسەڵات گەیشتنی‌دوژمنانیان؟ ئایا لە شۆڕشی داهاتووش دا ژمارەیەك تەردەست و چاوبەست خەڵك دەنێرنەوە ماڵ و بە ناوی "شۆڕش"ەوە دیانکێشنە ژێر رکیفی خۆیان؟ دیسانیش دەبی خەڵك بۆ وەرگرتنی سەرەتایی‌ترین مافەکانیان لە بەر حاکمانی تازە بپارێنەوە؟ یانی ئەم تراژدی‌یە خوێناوی و پرژانە جاریکی تر دووپات دەبێتەوە؟

لەوانەیە دووپات ببێتەوە!

خومەینی هاتە سەر کار هەتا بە خوێنی ئەم خەڵکە داری ئیسلامی ئاوبدا. بە درێژایی نزیکەی ١٠ ساڵ داری "ئێران" تینوو بی ئاوا ماوەتەوە. نوینەرانی ناسیونالیزمی عزمت خوازانەی ئێران هاواریان گەیشتوەتە ئاسمان و حازرن بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە خزمەت سەرفەرازی خاکی باپیرانیان دا بە هەموو جل و بەرگیك خۆیان بگورن و هەموو درویەك بکەن. ئەوە راستەکە خەڵك تەجرەبەیان زیاترە بووە، بەڵام ئەمانەش تەجرەبەیان وەسەریەك ناوە.

هەرچی بی خولیا و خوزگەی "ئێرانی ئاوەدان و سەنعەتی" لەو بەهەشتەی موسولمانەکان وەعدەی دەدەن نزیکتر بەر چاو دەکەوی و حکوومەتیك کە کاربەدەستان و حوکمرانانی ژنرالی "ماقوول" بن و وەزیرەکانی ژنی خوێندەوار و فەرەنگی باو بن بۆ میللەتیك کە بۆ گەنیوی، ئەم مەلاموماییی کراوانەی جمهووری ئیسلامی میشکی سەری بردوە بە ئەندازەی کافی سەرنج راکیشە. هەر کەس کەمیك بۆنی تمدن و شارستانیەتی سەدەی بیستەمی لی بی، لە چاو پاك و خاوین ترین و دەست نویژدارترین پاشماوەکانی سەردەمی بادیە نشینی، پاکتر و مەتلووب تر دەنوینی. ئەو هەموو ویرانی و کاولکاری و خەسارەتەی ئەم شەرە مالویرانکەر و درێژخایەنە پێکی هێناوە دەبێتە هۆی ئەوە کە شیعاری "بنیات نانی ئێرانی ئاوەدان" زۆر لە جاران دلرفێن تر بی و وانیشان دەدری کە ئامانجەکانی ناسیونالیزمی عزمت خواز لە خزمەت چارەسەر کردنی گیروگرفتە گشتی‌یەکانی خەڵك دان. ڕابەرانی ئەم بۆچوونە هەر لە تیمسارەکانی لایەنگری "مشروتەی سلتەنەتی"یەوە هەتا سوسیالیستەکانی لایەنگری "خوبژیوی سەنعەتی" بە باشی لەوە ئاگادارن ریژە پەیدا کردنی حکوومەتی پان ئیسلامیستی و وەرشکستەیی‌یەکانی، دەتوانی بە قازانجی ئەمان بی و بۆ رفاندنی دلی خەڵك بە هێنانە گۆڕی شیعاری هەڵخەلەتینە رۆژ بە رۆژ ئامادەتر دەبن.

کی هەیە زەرەیەك سەری لە سیاسەت دەرچی و نەزانی ك وەدی هاتنی ئەم ئامانجانەش تەنیا بە مژینی خوێن و ئارەقی کرێکار و زەحمەتکێش و بە چەوساندنەوەی وەحشیانە و ریگاری پی کردنیان، یانی تەنیا بە دامەزراندنی حکوومەتی کوشتار و خەفەقان ئیمکانی هەیە؟ شمشیریك کە بێهەوی کار لە کرێکار بکا دەبی لە سەری هیچ بەشەریك کە قەسی حق بکا نەگوزەری و سێبەرەکەی ترس و وەحشەتیکی قوول بخاتە نیو دلی خەڵك تەنانەت ئەوانەش کە تاقە رۆژیکیش کرێکار و کری گرتە نەبوون. دیارەداری "عزمتی ئێران"یش هەر وەك "شەجەرەی ئیسلام" بە خوێنی ئەم خەڵکە ئاودەدری.

بەڵام ئایا خەڵکی ئێران پێش ئەوەی بە دەستی خۆیان چالیکی تر بۆ خۆیان هەڵکەنن ئەم حەقیقەتانەیان لی روون دەبێتەوە؟

رەنگە! هەموو شتیك لە گرەوی پتەوی و یەکگرتوویی و سەرکەوتنی ئەو جەرەیانە هەڵسووراوەی نیو چینی کرێکار دایە کە ئەمرۆ خەریکی پەرپێدانی ریزەکانی خۆی و دەرخستنی حەقیقەتە چینایەتی‌یەکانە و سبەینی لە ریزی پێشەوەی بزووتنەوەی کرێکاری‌دا، چونیەتی بەشداری کردنی راستەوخۆی ریزەکانی چینی کرێکار لە شۆڕشی داهاتوودا دیاری دەکا، چینی کرێکاریك کە بەریزی سەربەخۆیەوە و بۆ رزگاری یەکجاری خۆی هاتبێتە مەیدان حکوومەتی راستەوخۆی خەڵك بەسەر خەڵك دا بنیات دەنی و زەمینە و هەلومەرجی دەخالەتی هەموو ئاحادی خەڵك لە چارەنووسی خۆیاندا پیك دێنی چونکوو ئەمە باشترین زەمانەتە بۆ ئەوەی کونەپەرستی و دیکتاتوری نەگەرێتەوە سەر دەسەڵات. دیکتاتوری‌یەك کە هەر لە یەکەمین رۆژی هاتنە سەر کاری‌دا دلی چینی کرێکار دەکاتە نیشانە. چینی کرێکار پێی وانیە ئەگەر خەڵك خۆیان بەسەر خۆیان دا حکوومەت بکەن ئیتر کرێکاران دەسەڵاتیان لە دەست دەچی چونکوو ئەم چینە خۆی زۆربەی هەر زۆری خەڵکە. زۆربەیەکە کە هەموو بەشەکانی یەك قازانج و یەك ویستیان هەیە. چینی کرێکار بە وەدی هێنان و پەرەپێدانی ئازادی‌یەکان لە بەرینترین و قوولترین شکل دا نەك هەر زەرەر ناکا، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بۆ وەخەبەر هێنان و هێنانە مەیدانی هەموو هێزەکانی لە خزمەت رزگاری یەکجاری‌دا، وەك چون موحتاجی نانی شەوە و ئاواش موحتاجی زیاترین ئازادی‌یە....

خەڵکیك کە خوزگە و ئارەزووی ئازادی و دیموکراسی خەریکە جەرگ و هەناویان دەسووتینی، ئەگەر نەیانەوی ئەم ئارەزووە لەگەڵ خۆیان بەرنە ژێر گل، لەم حەقیقەتانە دەگەن.

***

# هەندیك لایەنی گرینگی تێکۆشانی جیهانی حیزب وت و وێژ لەگەل هاوری حەمید تقوایی

(١)

"هەندیك لایەنی گرینگی تێکۆشانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ئاستی جیهانی"دا ناوی بەریارنامەیەکە کە لە پلینومی دەهەمی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا رۆژی ١٥ی خەرمانانی ١٣٦٦ لەگەل بریارنامەکانی‌تر پەسند کرا. ئەم بریارنامەیە هەر وەك لەسەر دیرەکەی دا باسی کراوە تەنیا دەچێتە سەر هەندیك خالی دیاریکراوی تێکۆشانی جیهانی حیزب و نایەوی بچێتە سەر باسی هەموو لایەنەکانی ئەم مەیدانەی تێکۆشان.

پێویستە ئەوەش بلێین کە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم بریارنامەیە بە چوار خال جیا کراوەنەتەوە:

١- بنەماکانی تێکۆشانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ئاستی جیهانی‌دا

٢- دەربارەی پەیوەندەکانی حیزبی کۆمۆنیست لەگەل گورووە و رێکخراوە سیاسی‌یەکان لە ئاستی جیهانی‌دا

٣- تێکۆشان لە پەیوەند لەگەل رێکخراوە جەماوەری‌یەکانی کرێکاران لە ئاستی جیهانی‌دا

٤- لە پەیوەند لەگەل ئێرانیانی موهاجیردا.

وەرگێردراوی دەقی کاملی ئەم بریارنامەیە لە بیست و پێنجەمین ژمارەی "پێشرەو"دا چاپ و بلاو کراوە. لەم وت و وێژەدا کە ئێستا دەیخوێننەوە هاوری حەمید تقوایی وەلامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە کە لە بابەت ئەو بریارنامەیەوە لێی کراون. ئەم پرسیارانە زۆربەیان پەیوەندیان بە مەسەلەکانی تێکۆشەرانی دەرەوەی ولاتەوە هەیە.

**پرسیار: لە بەشی یەکەم دا یارمەتی دان بە شکل گرتنی ریز بەستنیکی کۆمۆنیستی کرێکاری و خزمەت بە یەکگرتنی جیهانی چینی کرێکار، تەئکیدی لەسەر کراوە. پرسیراەکەمان ئەوەیە کە بۆ وەدی هێنانی ئەم مەبەستە، ئەو کارە بەردەوامانە و ئەو ئاکسیونە گونجاوانە کە حیزب بە پێویستی دەزانی بکەونە دەستووری کاری هێزەکانی حیزب لە دەرەوەی ولات، کامانەن؟**

وەلام: سەرەتا پێویستە ئیشارە بەوە بکەم کە لە بریارنامەکەدا تەنیا هێزەکانی حیزب لە دەرەوەی ولات لە بەر چاو نەگیراون. بریارنامەکە، هەر وەك لە ناوەکەیەوە دیارە، هەندیك لە گرینگترین فەعالییەتەکانی کوللی حیزب لە ئاستی جیهان دا _ نەك تەنیا تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی ولات _ دیاری دەکا و هەموو ئورگانەکان و تەشکیلاتە حیزبیەکان لە بەرەوپێش بردنی ئەم ئەرکەدا بەشدارن و هەر کامیان بەشیکی دیاریکراویان لە ئەستویە. دەلیلی ئەمەش روشنە، ئامانجە جیهانی‌یەکانی حیزب، پێویستی‌یان بە تێکۆشانیکی هەمە لایەنە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا هەیە کە ئەم ئەرکە ئورگانە مەرکەزی‌یەکان و ناوەوە و دەرەوەی ولات دەگرێتە بەر. ئەسپاردنی هەموو ئەو ئەرکانە بە تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی ولات نەئوسوولی‌یە و نە دەکری. بۆیە ئەگەرچی هەندیك لەو فەعالییەتانە کە لە بریارنامەکەدا باسیان کراوە، وەك بەشداری کردن لە خەباتی کرێکاری دا وە یا پەیوەند گرتن لەگەل بزووتنەوەی چەپ و رێکخراوە کرێکاری‌یەکان لە ولاتانی جۆراوجۆر تەنیا بە هێزەکانی ئێمە لە دەرەوەی ولات دەکری، وە لە بەرەوپێش بردنی ئەرکەکانی دیکەش دا هاوری‌یانی ئێمە لە دەرەوەی ولات بە هۆی مەوقعییەت و شوینی هەلسوورانیان و ئیمکاناتیك کە لە بەردەستیان دایە، دەتوانن دەوری هەلسووراوانەیان هەبی بەلام ئەگەر فەعالییەتە جیهانی‌یەکانی حیزب لە دەرەوەی ولات بزانین وە یا بمانەوەی هەموو ئەرکەکانی ئەو هاوری‌یانە لەو بریارنامەیە دەرکێشی، بێگومان ئەمە هەلەیە و لە کردەوەدا بە نەتیجەی دلخواز ناگەین.

ئێستا بە لەبەر چاو گرتنی ئەو مەسەلەیە دەچمە سەر وەلامدانەوەی پرسیارەکە یانی ئەو فەعالییەتانە کە دەبی بۆ شکل دان بەریز بەستنیکی کۆمۆنیستی _ کرێکاری لە بزووتنەوەی چەپی جیهانی‌دا و هەروەها بۆ خزمەت بە یەکگرتوویی جیهان چینی کرێکار دەبی بەریوەیان بەرین. سەرخەتی ئەم فەعالییەتانە بە کورتی ئەمانەن: یەکەم، بەرەوپێش بردنی خەباتی نەزەری لەگەل رێکخراوەکان، خاوەن بیرەکان و جەرەیانە فیکری‌یەکانی نیو بزووتنەوەی چەپی جیهانی لەسەر ئەم مەسەلە جۆراوجۆرانەی پەیوەندی یان بە خەباتی چینایەتی‌یەوە هەیە. ئەم کارە بە تایبەت بۆ حیزبی ئێمە کە دەیەوی بە جیاواز لە هەموو گەرایش و بۆچوونە سوننەتی‌یەکانی نیو بزووتنەوەی چەپ، پەرەپێدەر و پاریزەری کۆمۆنیزمی کرێکاری بی، یەکجار گرینگ و حەیاتی‌یە. کۆمۆنیزمی کرێکاری چ جیاوازی‌یەکی هەیە لەگەل "کۆمۆنیزم"ی رووسی و چینی و ئالمانی، لەگەل تروتسکیزم و ئوروکۆمۆنیزم، لەگەل فیرقە و جەماعەتی "کۆمۆنیزمی چەپ" و بوردیگیزم و بە گشتی لەگەل ئەو جەرەیانانە کە نوینەری بۆچوون و سوننەتیکی فیکری و عەمەلی موشەخەسن لە بزووتنەوەی چەپی جیهانی دا؟ روونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە، پێش هەموو شتیك پێویستی بەوە هەیە کە نەزەر و هەلوێست و بۆچوونی ئەو جەرەیانانە بەرانبەر بە مەسەلە سەرەکی‌یەکانی خەباتی چینایەتی، رەخنەیەکی قوولی لی بگیری. هەلبەت ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستوی ئورگانە تیئوریکە مەرکەزی‌یەکانی حیزب بەلام تا ئەو جێگایەی دەگەرێتەوە سەر هاوری‌یانی حیزبی لە دەرەوەی ولات، لە بەر ئەوەی ئەم هاوری‌یانە بە ئاسانی و خیراتر ئەدەبییاتی ئەم جەرەیانانەیان پی دەگا، لەگەل رێکخراوە چەپەکان پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە و لە نزیکەوە شاهیدی پراتیك و هەلوێستەکانی ئەو جەرەیانانەن، ئەوەیان لی چاوەروان دەکری کە هەم وەك کەسانیك کە ئاگاداری ئەو مەسەلانەن، حیزب لە رەوتی ئال و گۆرە نەزەری‌یەکانی ئەو جەرەیانانە ئاگادار بکەن و هەم خۆیان بۆ رەخنە گرتن لە بۆچوونی ئەو جەرەیانانە دەوریکی چالاکانە و ئەستو گرن و لەم بابەتەوە یاریدەی ئورگانە مەرکەزی‌یەکانی حیزب بکەن. دیارە پەرەپێدان و رەواج پێدانی رەخنەی حیزب لە رێکخراوەکان و جەرەیاناتی چەپی جیهانی لە نیو کرێکاران و بزووتنەوەی چەپی هەر ولاتیکیش دا لە ئەستوی هاوری‌یانی ئێمە لە دەرەوەی ولاتە.

ئەرکی دووهەم بریتی‌یە لە رەواج پێدان و ناساندنی بۆچوون و بیرورا و هەلوێستەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە نیو بزووتنەوەی چەپی جیهانی دا. ئەم ئەرکە بە تەواوی و راستەوخۆ لە ئەستوی تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی ولاتە و کۆمەلیك ئەرکی وەك وەرگیرانی ئەدەبییاتی حیزب بۆ زمانە جۆراوجۆرەکان و پێك هێنانی سمینار و کۆبوونەوەی قسە و باس و ... دەگرێتە بەر.

ئەرکیکی‌تر کە بیجگە لەوەی کە پەروەردە کردنی سوسیالیستی چینی کرێکار دا گرینگی‌یەکی زۆری هەیە خزمەت بە پێك هاتنی ئوردوویەکی کۆمۆنیستی شۆرشگێرانەش دەکا، بریتی‌یە لە رەخنە گرتنی کونکریت لە نیزام و حکوومەتی سەرمایەداری لە هەر ولاتیك دا. ئەگەر هاوری‌یانی ئێمە سیاسەت و ری و شوینی دەولەتەکان و حیزبە بورژوایی‌یەکان بناسن و تیی بگەن بە تایبەت سیاسەتەکانیان بەرانبەر بە مەسەلە کرێکاری‌یەکان _ وە بەم پی‌یە حیزب و رێکخراوە چەپەکان بدەنە بەر رەخنە و هەلسەنگاندن _ ئەمە بێگومان باشترین زەمینە پێك دینی بۆ گرسان و شکل گرتنی‌جەرەیانیکی رادیکالی کۆمۆنیستی لە نیو کرێکاران و لە بزووتنەوەی چەپ دا.

جگە لەمانە، ئەرکی پێك هێنانی پەیوەندی بەردەوام و گورینەوەی نەشرییە و دەنگ و باس و مەعلوومات لەگەل رێکخراوەکان و هێزە شۆرشگێرەکانی نیو بزووتنەوەی چەپ، بە تایبەت ئەو جەرەیانانەی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نزیکن، دەبی ئیشارەی پی بکری کە دەبی تەشکیلاتی دەرەوەی ولات هەلبەت لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبی ئێمە دا و بە پیی موناسباتی حیزبی ئێمە لەگەل باقی هێزەکان، بەرێوەی بەری. ئەمانە گرینگترین لایەنەکانی کاری ئێمەن لە دەرەوەی ولات بۆ خزمەت بە گرسان و شکل گرتنی ریز بەستنیکی کۆمۆنیستی شۆرشگێرانە و کرێکاری. بە هەر رادەیەك کە ئەم کۆمەلە ئەرکە و دیارە هەموو ئەو ئەرکانە کە لەمانەوە سەرچاوە دەگرن و من بە پێویستی نازانم ئیشارە بە یەکەیەکەیان بکەم، بە شیوەیەکی پەیگیرتر و بەردەوام تر و هەمەلایەنەتر بەرێوە ببرین، بە هەمان رادە رێگا خوشتر دەبی بۆ تەئسیردانانی حیزبی ئێمە لە سەر بزووتنەوەی جیهانی چەپ و هەروەها تێکۆشانی حیزبی ئێمە بۆ پێك هێنانی قوتبیکی کرێکاری زووتر بە نەتیجە دەگا و سەمەر دەدا.

بەلام لە بابەت خالەکەی‌تری پرسیارەکەوە، یانی خزمەت بە یەکگرتوویی جیهانی چینی کرێکار، کە لە بریارنامەکەدا وەك بەندیکی جیاواز هاتوە، پێم وانیە نا روشنی‌یەکی وا هەبی. ئەوە ئەرکی سەرشانمانە کە لە خەباتی بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکاری هەر ولاتیك لە دژی سەرمایەداران و ئەو مەینەتانەی بەسەر کرێکارانی دا دەسەپێنن پشتیوانی بکەین و لە هەر جێگایەك دەتوانین لەو خەباتەدا بەشداری بکەین. ئێمە دەبی کرێکارانی ئێران و باقی ولاتان لە خەباتی یەکتر و لە وەزعی کار و ژیانی یەکرت ئاگادار بکەین و بانگەوازیان بکەین بۆ پشتیوانی کردن لە خەباتی یەکتر. ئێمە دەبی لەگەل تێکۆشەران و رابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و لەگەل ئیتحادیەکان و باقی رێکخراوە جەماوەری‌یەکانی چینی کرێکار لە هەر ولاتیك پەیوەندی بەدەوامان هەبی. ئەمانە بەشیکن لە کاری رووتینی کۆمۆنیستی لە هەموو شوینیکی جیهان و تاقە هویەك کە دەتوانی ئەم ئەرکانە مەشرووت و مەحدوود کاتەوە میزانی توانایی و ئیمکاناتی خەباتکارانەی خومانە. هەلبەت پتەو کردنەوەی هاوپشتی نیوان چینی کرێکار لە ئێران و باقی ولاتان، مەسەلەیەکی دوولایەنەیە کە هەندیك ئەرکی بنەرەتی دنێتە سەر شانی تێکۆشەرانی حیزب لە ناوەوەی ولاتیش کە لیرەدا جێگای نیە بچێنە سەری.

**پرسیار: کاتیك ئەوە لە بەرچاو بگرین کە هێزەکانی حیزب لە دەرەوەی ولات زۆربەیان ئەو کۆمۆنیستانەن کە لە ئێران دوور خراونەتەوە بۆمان دەردەکەوی کە ئەمانە بۆ تێکۆشانی نەزەری و قسە و باس کردن و پولیکی کاریگەر لە خزمەت ئەو مەبەستەدا، لە باری زمانەوە مەحدوودییەتیان هەیە و بۆ ئەوی وەك رابەریکی عەمەلی لە ریزەکانی پێشەوەی خەباتی کرێکاران دا خو نیشان بدەن پێویستی‌یان بەوە هەیە کە لە نیو کرێکارانی ولاتانی دەرەوەدا وەر بگیرین و تێکەلیان بن. ئەوە دوو پروسەیە هەر دووکیان زۆر بە شینەیی بەرەو پێش دەچن، بۆ نەهیشتنی ئەم کەم و کووری‌یە دەبی چ بکەین؟**

وەلام: پێم وانیە تێکۆشەرانی ئێمە لە دەرەوەی ولات ئیحتیاجیان بەوە هەبی پروسەی لەم چەشنە تێپەر بکەن. هاوری‌یانی ئێمە بۆ کار کرن لە نیو کرێکاران دا لە ولاتانی‌تر، پێویست نیە حەتمەن تێکەل چینی کرێکاری ئەو ولاتانە بوون وە یا وەك رابەری عەمەلی خەباتی کرێکاران خۆ نیشان بدەن. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران حیزبی رێکخەر و رابەری بزووتنەوەی کرێکاری لە هەموو ولاتان نیە و ناتوانی وابی. ئەرکی ئێمە لە حاست چینی کرێکار لە ولاتانی‌تر، هەروەك لە بریارنامەکەش دا بە روونی باسی کراوە، پشتگیری و پشتیوانی کردن لە خەباتی کرێکاری و بەشداری کردن لەو خەباتە دایە. ئێمە ئەو ئەرکەی خۆمان ئەساسەن بە پەیوەندی گرتن لەگەل رێکخراوە کرێکاری‌یەکان و پێك هێنانی پەیوەندی نیزك لەگەل رابەرانی محەللی و سەراسەری بزووتنەوەی کرێکاری بەرەوپێش دەبەین. دیارە هاوری‌یانی ئێمە بۆ پێك هێنانی پەیوەندیکی ئاوا لەگەل رێکخراوەکان و رابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری، لازم نیە چاوەروانی ئەوە بن تیکەل چینی کرێکار بن و بگەنە پلەی رێبەرایەتی خەباتی کرێکاری. ئەوەی پێویستە، بریتی‌یە لە حازر بوون لە مەجمەع و کۆبوونەوەکانی کرێکاران دا، ئاشنا بوون و نزیکایەتی لەگەل شوینە کرێکاری‌یەکان و ژیان و مەسەلەکانی کرێکاران، بە دەربەست بوون و خاوەن نەزەر بوون لە حاست ئەم مەسەلانە و ناسینی ئورگانیزم و شیوە و سوننەتەکانی خەباتی بزووتنەوەی کرێکاری لە هەر ولاتیکدا، ئەگەر هاوری‌یانی ئێمە خاوەنی ئەم تایبەتی‌یانە بن، ئیتر بێگومان ئەندامان و شانەکانی تەشکیلاتی ئێمە لە هەر ولاتیك دەکەونە نیو ئاپوورەی کۆمەلیك لە ئورگانەکان و رێکخراوەکان و تێکۆشەران و ئالقەی پێشرەوانی بزووتنەوەی کرێکاری کە ئەمانە دەبنە پردیك لە نیوان حیزبی ئێمە و خەباتی کرێکاران دا.

هەلبەت رەنگە بۆ هاوری‌یانی ئێمە هەر ئەم پروسەیەش بە شینەیی بچێتە پێش و درەنگ بەسەمەر بگا، بەلام ئیتر ئەمانە لە هەلومەرجی واقیعی شوینی هەلسوورانی ئێمە وە سەرچاوە ناگرن، بەلکوو حاسلی ئەو سوننەتو نەریت و شیوە غەیرە پرولیتری‌یانەن کە میراتی دەورانی "مونفدراسیونی خوێندکاران" لە نیو بزووتنەوەی چەپی ئێرانی دا لە دەرەوەی ولاتن. سوننەت و شیوە و رەوشتی وا کە چەپی ئێرانی‌یان لە دەرەوەی ولات تووشی تەریك مانەوە دەکرد بە تەواوی لە چینی کرێکار و مەسەلەکانی ئەو چینە دووریان دەخستەوە و هەر لە بنەرەتەوە لەگەل خەباتی کرێکاری و کۆمۆنیستی، نەك هەر لە دەرەوەی ولات بەلکوو لە ناوخۆی ئێرانیش هیچ پەیوەندیکیان نەبوو. لە وتاری "بنەماکانی کاری حیزب لە دەرەوەی ولات"، گۆڤاری "کۆمۆنیست" ژمارە ٢٧ دا، ئەم مەسەلەیە بە درێژە باسی کراوە و پێویست نیە زیاتری لی بدویین. مەبەستم تەنیا تەئکید کردن لە سەر ئەوە بوو کە ئەو کوسپانەی لە سەر رێگای تێکۆشانی ئێمە لە نیو چینی کرێکاردا لە ولاتانی‌تر هەن ئەساسەن لەو سوننەت و شیوە غەیرە کۆمۆنیستی‌یانەوە سەرچاوە دەگرن کە لە دەورەکانی پێشووەوە بەجێ ماون و زال بوون بەسەر ئەو کوسپانەدا پێویستی بە کاری دژوار و ئالوسکاو نیە.

لەبابەت بەشەکەی تری پرسیارەکەوە یانی مەسەلەی نا ئاشنایی لەگەل زمان لە پولمیکی نەزەری‌دا دەلێم ئەمەش، ناتوانی تەئسیریکی زۆر لەسەر کاری تەشکیلاتی دەرەوەی ولات هەبی. چونکوو هەروەك پێشتریش ئیشارەی پی کرا، کیشەی نەزەری حیزب لەگەل هێزەکان و جەرەیاناتی‌تر لە ئاستی جیهان دا، ئەرکیکە کە بە شیوەی سەرەکی ئورگانە مەرکەزی‌و سەراسەری‌یەکانی حیزب بەرەوپێش دەبەن و بەم بۆنەوە پێویست نیە هاوری‌یان بە زمانی خارجی پولمیك بکەن. ئەگەر لە ریزی هێزەکانی حیزب دا لە دەرەوەی ولات هاوری‌یانیك هەبن کە بتوانن نووسراوەکان و ئەدەبییاتی حیزب بە زمانی سەرەکی‌یەکانی ئورووپا تەرجەمە کەنەوە، یەکەمین هەنگاو بۆ رەواج پێدان و بلاو کردنەوەی بیروراکانی حیزب بەرانبەر بە هێزەکانی‌تر هەلگیراوە. هەلبەت تەرویج و تەبلیغی بیروراکانی حیزب بە زمانەکانی تر بە شیوەی شفاهیش زۆر پێویستە بەلام ئەمە ئیتر پێویستی بە میزانیك لە ئاشنا بوون لەگەل زمانەکانی تر هەیە کە بە شیوەی ئاسایی هەر کەس پاش یەك دوو سال فیری دبی. دیسانیش لەسەر ئەوە تەئکید دەکەم کە من وای دادەنیم هاوریی تێکۆشەری ئێمە، تێکۆشەری "چەپی کونفدراسیونی" نیە، یانی زەین و بیری بە مەسەلە گشتی‌یە سیاسی و کۆمەلایەتی‌یەکان و بە تایبەت بە وەزعییەت و مەسەلەکانی کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاری ولاتانی شوینی ژیانی خۆیەوە خەریکە و بەم بۆنەوە بە هەموو توانای خۆیەوە هەول دەدا لەگەل شوینی ژیانی خۆی و شەخسییەتەکان و حیزب و رێکخراوە پێشکەوتوو و کرێکاری‌یەکان لەو شوینە ئاشنایی و پەیوەندیان لەگەل پێك بینی. ئەگەر ئەمە مەبەستی تێکۆشانی هاروی‌یانی ئێمە نەبی و ئەمە هانیان نەدا، ئیتر بێگومان فەعالییەتەکانی خیزبی ئێمە لە دەرەوەی ولات نەك هەر بە شینەیی بەرەوپێش دەچن بەلکوو زۆر لە ئەرکەکانمان هەر جی‌بەجی ناکرین.

**پرسیار: کاتیك باسی دەر برینی هاوپشتی لەگەل خەباتی حەقخوازانەی تویژە زۆرلێکراوە و زەحمەتکێشەکان لە دژی ستەمەکانی کۆمەلی سەرمایەداری بە شیوەی عەمەلی دێتە پێش، ئەو گیروگرفتە خۆ دەنوینی کە ئەم خەباتە چلون پشتیوانی لی بکری بە بی ئەوەی ئەم کارە وەك ئەوە چاوی لی بکری کە چووینەتە ژیر ئالای ئەو بورژوا _ لیبرالانە کە ئەغلەب رێبەرایەتی خەباتی گشتی‌یان بە دەستەوەیە، و بە شیوەی واقیعی نەچینە ژیر ئەو ئالایە. (بۆ نموونە خەباتی ژنان و فیمینیستەکان، خەباتی دژی ئاپارتاید و ئومانیستەکان و ...)؟**

⇦

وەڵام: ئەو مەسەلەیە، یانی مەسەلەی پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەکان و خەباتی گشتی و غەیرە کرێکاری و بەشداری کردن تییاندا، خۆی گیروگرفتی ئەو "کۆمۆنیست"انەیە کە لە چینی کرێکار دوورن: ئەو کۆمۆنیستانە کە لە ویست و ئامانج و سیاسەتە پرولیتری‌یەکان دوورن وە یا خودی کرێکار و خەباتی رۆژانەی ئەو چینە بێگانەن. سوسیالیزمی وردە بورژوایی لە ئێران کۆمۆنیزمی چەپ لە ئوروووپا نموونەی ئاشکرای ئەو بۆچوون و جەرەیانانەن. بۆ ئەم جەرەیانانە پشتیوانی کردن لە بزووتنەوە گشتی‌یەکان و بەشداری کردن تێیاندا هەمیشە مەسەلەیەك بووە کە ناکوکی بووە لەگەڵ پاراستنی سیما و ئالای سەربەخۆیان و نەیانتوانیوە ئەم دووانە بە یەکەوە بگونجینن. جەرەیانی یەکەم بە حەل بوون لە بزووتنتەوە گشتی‌یەکان دا و ئەوەی دووهەم بە خۆپاراستنی لە بەشداری کردن لە هەر خەباتیکی واقیعی هەولیان داوە ئەم جەرەیانانە لەوەوە سەرچاوە دەگری کە هیچ پەیوەندیکیان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و پراتیکی خەباتکارانەی خودی چینی کرێکار نیە. سیمای ئەمانە تەنیا سیمایەکی نەزەری و عەقیدەتی‌یە و بەم بۆنەوە بە هەر هەڵوێست گرتنیکی تاکتیکی، بە تایبەت بە هەڵوێست گرتنیان لەسەر بزووتنەوە گشتی‌یەکان، ئەم سیمایەیان دەتوانی لیل و شلوی بی. کۆمۆنیزمی کرێکاری تووشی ئەم حالەتە نابی. پراتیك و دەخالەتگەری بە هەڵوێستی چینی کرێکارەوە و رەچاو کردنی ئامانجەکانی چینی کرێکار لە هەموو بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازانە و شۆرشگێرانەدا بەشیکە لە تایبەتمەندی‌یەکانی سیما و جەوهەری ئەم کۆمۆنیزمە، وە ئەمە بە شیوەیەکی بنەرەتی، ری نیشان دەرمانە بۆ هەڵوێست گرتن لە سەر بزووتنەوە گشتی‌یەکان و خەباتی تویژەکانی‌تر. بەڵام بە شیوەی موشەخەستر، پێویستە بڵێین کە کۆمۆنیستەکان هیچ کلیشەیەکی حازر و ئامادەیان بۆ هەڵوێست گرتن لەسەر خەبات و بزووتنەوەکانی‌تر نیە و ناتوانن بیانبی. کلیشەسازی و دیاری کردنی فورموول و قالبی عامی تاکتیکی شیوەیەکە کە دەبی هەر پێشمەشی "سوسیال وردە بورژواکان" و "کۆمۆنیزمی چەپ" بکری. شیوەی گشتی مان بەرانبەر بە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەکان بریتی‌یە لە پشتیوانی کردن لەو بزووتنەوانە و بە شیوەی موشەخەس پشتیوانی کردن لە رادیکالترین و پێشرەوترین هێزی ناو ئەو بزووتنەوانە و لەهەمان کاتدا هەولدان بۆ پەرەپێدان و بە هێز کردنی سیاسەت و شیعارە پرولیتری‌یەکان لەو بزووتنەوە دیاریکراوەدا. بەڵام ناسینی خەسلەتی هەر بزووتنەوەیەکی دیاریکراو و حیزب و هێزەکانی ناو ئەو بزووتنەوەیە خۆی مەسەلەیەکی کونکریت و موشەخەسە و لە پێشدا بە پێی فورموولیکی عام دیاری ناکری. ئێمە دەبی هەر بزووتنەوەیەکی دیاریکراو بە شیوەی مەشەخەس هەڵسەنگێنین، دەور و جێگا و شوینی واقیعی هەر چین و تویژیك و هەر حیزب و هێزیکی سیاسی لەو بزووتنەوەیەدا بناسین و بەم پێیە چونیەتی هەڵوێست و چونیەتی پشتیوانی کردن لەو خەباتە (یان بەشداری تێداکردنی) دیاری بکەین. هێزەکان و حیزبە سیاسی‌یەکان خوڵقێنەری بزووتنەوەکان نین. هەندیك مەسەلە و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی چینایەتی دیاریکراو دەبنە هۆی گرسانی بزووتنەوە و خەباتی گشتی. هەم بۆ ناسینی ناوەروك و خەسلەتی بزووتنەوەکە و هەم بۆ ناسینی جێگا و شوینی ئەم حیزب و هێزانە تێیدا بەشدارن، دەبی ئەو مەسەلە و هەلومەرجانە بناسرین. بە تایبەت دەبی دیاری بکری کە بەرژەوەندی چینی کرێکار لە هەر بزووتنەوەیەکی دیاریکراو دا چیە و ئەم بزووتنەوەیە چون دەتوانی خزمەت بە شۆرشی کۆمەڵایەتی پرولیاریا بکا.

ئێمە بە پێی ئەم بۆچوونە و بەم هەڵسەنگاندنە کونکرێتە، چونیەتی هەڵوێست گرتنمان لە سەر بزووتنەوەکان و خەباتی تویژە غەیرە پرولیتیرەکان و چونیەتی پشتیوانی کردن لە بزووتنەوە شۆرشگێرانەکان و هەڵوێست گرتن لە سەر ئەو حیزب و هێزانەی تێیاندا بەشدارن دیاری دەکەین. لیرەدا دەبی لە سەر ئەو خالە کە لە بەر چاو نەگرتنی ئەغلەب دەبێتە مایەی بە خراپ تێگەیشتن و چەپ رەوی تەئکید بکەم کە عەیار و پێوانەی ئێمە بۆ دیاری کردنی چونیەتی هەڵویستمان لەسەر هێز و رێکخراوە سیاسی‌یەکانی ناو بزووتنەوەیەك بریتی‌یە لە جێگا و شوین و دەوری واقیعی و عەمەلی‌یان لە بزووتنەوەکەدا و ئەو شیعار و سیاسەتە موشەخەسانەکە لەو خەباتەدا بەرەوپێشی دەبەن نەك هەڵوێستی نەزەری و تیئوریکی ئەو جەرەیانانە وەیا رادەی دوور و نزیك بوونیان لە ئیدئولوژی ئێمە.

ئەم خالانەی باسم کردن بە کورتی بناغەی هەڵوێست گرتنی کۆمۆنیستین لەسەر بزووتنەوە گشتی‌یەکان و خەباتی تویژە غەیرە پرولیتیرەکان. ئەگەر ئێمە لە کردەوەدا ئەمانە بکەینە ری نیشاندەری خۆمان بێگومان هیچ جێگایەك بۆ نیگەرانی لەوە کە "بکەوینە ژیر ئالای هێزەکانی‌تر" نامینێتەوە.

**پرسیار: لەسەر پەیوەندی حیزبی ئێمە لەگەڵ رێکخراوە سیاسی‌یەکان لە بریارنامەکەدا وتراوە "حیزبی کۆمۆنیست لە هەمان کات دا کە لە پەیوەند گرتن و راویژ کردن لەگەڵ هەموو حیزب و رێکخراوە چەپە رادیکالەکان پێشوازی دەکا، تەنیا لەگەڵ ئەو هێزانە پەیوەندی نزیك پێك دینی کە هەندیك مەرجی تایبەتیان هەبی. تکایە ئەم مەسەلەیە زیاتر شی بکەوە." پێشوازی کردن لە پەیوەند گرتن لەگەڵ هەموان "لە لایەکەوە" و بە مەرجەوە بەستنەوەی ئەم پەیوەندە" لە لایەکی‌ترەوە، لە کردەوەدا بە چ مەعنایەکە؟**

وەڵام: مەرجە تایبەتی‌یەکانی ئێمە ئەو مەرجانەن کە چوارچێوە و سیمای گشتی جەرەیانی کۆمۆنیزمی کرێکاری تەسویر دەکەن و دیارە هەر حیزب و رێکخراویك کە زیاتر ئەم مەرجەی تیدا بی، ئێمە نزیکتر لە خۆمان چاوی لێ دەکەین. ئەمە هیچ ناکوکی‌یەکی لەگەڵ سیاسەتی پەیوەند گرتنی گشتی‌مان لەگەڵ جەرەیانە چەپە رادیکالەکان نیە. مەبەستمان لەم سیاسەتە لە خودی بریارنامەکە دا بە روشنی باسی کراوە: "راکێشرانی بالە شۆرشگێرەکانی چەپی رادیکال لە ولاتانی جۆراوجۆر بەرەو هەڵوێستی ئوسوولی مارکسیستی و لینینستی، وە پەیوەست بوونیان بە قوتبیکی کۆمۆنیستی ئوسووولی‌یەو بەرانبەر بە جەرەیاناتی رویزیونیستی جیهانی." دیارە ئێمە پێمان وایە لەگەڵ ئەو هێزانە کە هەر ئەمرۆ سەربەو قوتبەن و یا لیی نزیکن سەربە یەك رەوت و جەرەیانین، بەڵام لە هەمان کاتدا پێمان وایە ئەم قوتبە هیشتا دەبی پێك بی و لەم رێگایەدا دەبی کولنەدەرانە هەول بدری و تێکۆشانیکی هەمە لایەنە بەرەوپێش ببری. بەشیك لەم تێکۆشانە بە پەیوەندی‌گرتن و نزیکایەتی و تەئسیر دانان لە سەر ئەو هێزانە بەرەوپێش دەچی کە لە ئاستیکی بەرینتر دا بەشیکن لە هێزە چەپە رادیکالەکان و قابلییەتی وەدەست هێنانی ئەو مەرجانەیان هەیە کە لە بریارنامەکەدا باسیان کراوە. بەم بۆنەوە ئێمە لە پەیوەندی گرتن و نزیکایەتی لەگەڵ ئەو هێزانە پیشوازی دەکەین و بەش بە حالی خۆمان لەم رێگایەدا هەول دەدەین.

**پرسیار: هەر لەو بەندە دا ئەو ئەسلە بنەرەتی‌یانە کە مەرجن بۆ پەیوەندی نزیك و پر بە پر، بەیان کراون، بەڵام ئەوی لە واقیع دا دەیبینین ئەوەیە کە بە دەگمەن حیزب یان رێکخراویك هەل دەکەوی کە هەموو ئەو مەرجانە تێدا کۆبووبیتەوە. لەم بابەتەوە تەکلیف چیە؟**

وەڵام: ئەوە راستە، بە داخەوە ئێمە کەم جەرەیانی وا شك دەبەین کە ئەو مەرجانەیان تێدا کۆبووبیتەوە کە لە بریارنامەکەدا باسیان کراوە. بەڵام گرینگ هێنانە گۆر و باسکردنی ئەم مەرجانە زیاتر لەوەدایە کە پیناسەن بۆ جەرەیانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و تێکۆشان بۆ شکل پێدانی ئەو جەرەیانە. ئێمە لە دیاری کردنی ئەو مەرجانەدا حیزبی خۆمانمان بە نموونە دانەناوە و عەیار و پێوانەشمان ئەوە نیە کە لە باری نەزەری و بەرنامەیی‌یەوە هەر جەرەیانیك چەندە لە حیزبی کۆمۆنیست نزیکە. ئێمە ئەو تایبەتمەندی‌یە چینایەتی _ پراتیکی‌یانەمان وەك ئوسوولی بنەرەتی ریز بەستنی کۆمۆنیستی لە ئاستی جیهانی‌دا راگەیاندوە کە لە چوارچێوەیەکی گشتی‌دا دەتوانی سیمای کۆمۆنیزمی کرێکاری لە هەر ولاتیك دا دیاری بکا. حیزبی ئێمەش هێشتا دەبی بۆ وەدەست هێنانی کامل و هەمە لایەنەی ئەم تایبەتمەندی‌یانە هەول بدا، لە هەمان کاتدا کە ئەوە بە وەزیفە وە ئەرکی خۆی دەزانی کە بۆ راکێشانی هێز و رێکخراوە چەپە شۆرشگێرەکان بەرەو وەدەست هێنانی ئەو تایبەتمەندی‌یە هەڵسووراوانە تی بکۆشی. لە هەلومەرجی ئێستادا، پەیوەندی گرتن لەگەڵ هێز و رێکخراوە چەپەکان، زۆرتر بەو مەبەستەیە کە تەئسیر بکەینە سەریان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.

ئێمە ئێستا لەگەڵ ئەو واقعییەتە بەرەو رووین کە جەرەیانات و قوتب بەندی‌یە رویزیونیستی‌یە جیهانی‌یەکان و خەتی وەك ئوروکۆمۆنیزم و تروتسکیزم هەرکامیان بە جۆرێك تووشی بوحران و ئالوزی بوون و جێگا و شوین و قورسایی خۆیان لە بزووتنەوەی چەپی جیهانی‌دا لە بزووتنەوەی کرێکاری دا زیاتر لە جاران لە دەست دەدەن. ئەم وەزعییەتە زەمینەی پێك هێناوە بۆ پەرەپێدانی رەخنەی پرولیتیری لەم جەرەیاناتە و وەرگیرانی ئەو رەخنەیە و جێگیر بوونی ئالترناتیوی پرولیتری لە جیاتی سوننەتە فیکری و عەمەلی‌یەکانی ئەو جەرەیانانە لە نیو هێزە چەپ و شۆرشگێرەکان دا. حیزبی ئێمە بێگومان دەتوانی و دەبی ئەم پروسەیە خیراتر بکاتەوە و نزیکی ئێمە لەو جەرەیانانە یەکیك لە ئامرازەکانی جی‌بەجی کردنی ئەو ئەرکەیە.

**پرسیار: لە بابەت رێکخراوە کرێکاری‌یەکانیشەوە هەر ئەم گیروگرفتە بە شیوەیەکی تر خۆ دەنوینی. رێکخراوە کرێکاری‌یەکان بە گشتی لە ژیر نفووز و تەئسیری ئەو حیزبە بورژوایی و ریفورمیستانەدان کە جاری وایە لە مەیدانەکانی تر دا هەڵوێستی تەواو دژی کرێکاری دەگرن. پێك هێنانی پەیوەندی نزیك لەگەڵ ئەو رێکخراوانە هەمیشە مەسەلەیەك بووە کە لە نیو تێکۆشەرانی دەرەوەی ولات دا زۆر قسە و باسی لەسەرە. لە راستی‌دا ئەوەی لەم پرسیارەدا بۆمان گرینگە تەفسیری عەمەلی و پراتیکی ئەو خالەیە کە لە بریارنامەکەدا هاتوە: "پەیوەندی حیزبی کۆمۆنیست لەگەڵ رێکخراوە جەماوەری‌یە کرێکاری‌یەکان دەبی بە تی‌بینی ئیدئولوژیك هەتا ئەو جێگایەی ئیمکانی هەیە پەرەی پی بدری"؟**

وەڵام: مەسەلەی پەیوەندی حیزب لەگەڵ رێکخراوە کرێکاری‌یەکان لە ولاتانی‌تر بە تەواوی جیاوازی هەیە لەگەڵ چونیەتی هەڵوێست گرتنمان لە سەر رێکخراوە سیاسی‌یەکان. لیرەدا ئێمە لەگەڵ کۆمەڵانی خۆ رێکخستووی کرێکار سەروکارمان هەیە. کۆمەڵانیك کە وەك بەرهەم هێنەر و بۆ دیفاع لە مافەکانیان بەرانبەر بە خاوەن کارەکان یەکیان گرتوە. بۆیە مەسەلەی پەیوەندی حیزب لەگەڵ رێکخراوە کرێکاری‌یەکان لە ولاتانی تر دەکەوێتە چوارچێوەی گشتی‌تری پەیوەندی حیزب لەگەڵ چینی کرێکار لەو ولاتانە، نەك پەیوەند لەگەڵ رێکخراوە سیاسی‌یەکان. لە لایەکی‌ترەوە، دبی پەیوەندی حیزب، وەك رێکخراویکی سیاسی، لەگەڵ رێکخراوە کرێکاری‌یەکان جیا بکرێتەوە لە پەیوەندی ئەندامانی حیزب وەك ئەفراد و تێکۆشەرانی کۆمۆنیست لەگەڵ ئیتحادیەکان. ئەمە بەشیك لە ئەرکیکی هەمیشەیی و شیوەکاری هەر شۆرشگێریکی کۆمۆنیستە کە لەگەڵ کۆمەڵانی کرێکار و رێکخراوە کرێکاری‌یەکان پەیوەندیکی بەردەوام و نزیکی هەبی، بچێتە ناو رێکخراوە کرێکاری‌یەکان و بۆ بە هێز کردن و رادیکالیزە کردنیان تی بکوشی. هەر هاوری‌یەکمان کاتیك لەگەڵ رێکخراوە کرێکاری‌یەکان بەرەو روو دەبی ئەم رەوت و رەوالە بگرێتە پێش. بەڵام وەك "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" ئێمە ناتوانین ئەرکەکانی خۆمان راستەوخۆ لە کۆمەڵانی کرێکاری باقی ولاتان هەڵپێکین. رێکخراوە جەماوەری‌یە کرێکاری‌یەکان ئالقەی پەیوەندی حیزبی ئێمەن لەگەڵ کۆمەڵانی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری لەو ولاتانە. حیزبی ئێمە ئەرکی شەر شانیەتی کە لە خەباتی کرێکاران لە ولاتانی تر پشتیوانی بکا. هێزەکانی حیزب لە دەرەوە دەبی لە پێکیتەکان، خۆپێشاندانەکان و میتینگە کرێکاری‌یەکان دا بەشداری‌یان هەبی و لە خەباتی کرێکاران دا لە لای دەسیتان بن. ئەرکی سەر شانی ئێمەیە کە کرێکارانی جیهان لەگەڵ وەزعییەتی چینی کرێکار لە ئێران ئاشنا بکەین، وە پشتیوانی کرێکارانی هەر ولاتیك لە خەباتی کرێکارانی ئێران تەئمین بکەن ... بەریوەبردنی ئەم ئەرکانە بە شیوەی بەردەوام و بەرین، بە بی پەیوەند گرتن لەگەڵ رێکخراوە جەماوەری‌یەکانی کرێکاران ئیمکانی نیە. جیاوازی ئیدئولوژیك _ سیاسی و رەخنەی ئێمە لە رێبەرایەتی و خەتی زال بەسەر ئەو رێکخراوانەدا نابی ببێتە مانعی ئەم پەیوەند و نزیکایەتی‌یە و بەریوە بردنی ئەم ئەرکانە. ئەوەش کە پێویستە بەبی لەبەر چاو گرتنی تی‌بینی ئیدئولوژیك پەیوەندی حیزب لەگەڵ رێکخراوە کرێکاری‌یەکان دامەزری و پەرەی پی بدری هەر لیرەوە سەرچاوە دەگری. هەڵبەت ئەمە بە مەعنای ئەوە نیە کە ئێمە باسی بیرورا سەربەخۆکانی خۆمان نەکەین و لە رەخنە گرتن لە رێکخراوەکان و ئیتحادیە کرێکاری‌یەکان خۆ بپاریزین. ئەم خۆی بەشیکی‌ترە لە ئەرکەکانمان کە لە بریارنامەکەدا تەئکیدی لەسەر کراوە. ئایا بەریوەبردنی ئەم ئەرکە ناکوکی هەیە لەگەڵ پێك هێنان و پاراستن و پەرەپێدانی پەیوەند لەگەڵ رێکخراوە کرێکاری‌یەکا،؟ نەخیر! بە پێچەوانەوە، پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوە و ئیتحادیە کرێکاری‌یەکان و پشتیوانی کردن لە خەباتی کرێکاران تاقە رێگای عەمەلی‌یە بۆ پەرەپێدان و بە هێز کردنی سیاسەتە شۆرشگێرانەکان لە نیو بزووتنەوە و رێکخراوە کرێکاری‌یەکان دا. ئەگەر ئێمە لە حەنای رێکخراوە کرێکاری‌یەکان، وەك رەوت و جەرەریانیکی کرێکاری خۆنیشان بدەین نەك وەك فیرقەیەکی ئیدئولوژیك وە ئیتحادیەکان و رێکخراوە کرێکاری‌یەکانیش هەروا چاو لی بکەین، ئەگەر پشتیوانی کردن لە خەباتی کرێکاران نەخەینە گرەوی ئەوە کە ئیتحادیەکان و رێکخراوە کرێکاری‌یەکانی بەشدار لەو خەباتەدا چەندە نزیکایەتی ئیدئولوژیکیان لەگەڵ ئێمە هەیە و ئەگەر هاوری‌یان و تێکۆشەرانی ئێمە لە نیو کرێکاران و خەباتیان دا حوزووریان هەبی و پشتیوانی حیزب لە خەباتیان بە کردەوە نیشان بدەن، ئیتر هەم پێك هێنان و پاراستنی پەیوەندی حیزب لەگەڵ رێکخراوە کرێکاری‌یەکان و هەم بەربەرەکانی کردن لەگەڵ کەم و کووری‌یەکان و هەلە و لادانی ئەو رێکخراوانە و بە هێز کردنی سیاسەتی رادیکال لە نیویان دا و لە بزووتنەوەی کرێکاری هەر ولاتیك دا، ئەرکیکی تەواو عەمەلی و مەیسەرە.

**پرسیار: کاتیك باسی بەشداری کردن لە خۆپیشاندان و مانگرتن و پیکیتە کرێکاری‌یەکاندا دیتە گۆر هەمیشە قسە دێتە سەر وەلانانی شیعار و ئالای خۆ. ئایا پێتان دروستە کە هێزەکانی حیزب لەو ئاکسیونانەدا وەك رەشە لەشکر بەشداری بکەن، یانی بی ئەوەی هیچ نیشانەیەك لە جیاوازی یان پێوە دیار بی؟ ئەمە پرسیاریکە کە هەمیشە لە کاتی تەسمیم گرتنی عەمەلی‌دا دێتەگور؟**

وەڵام: ئەگەر مەبەست ئەوەیە کە رابەران و رێکخەرانی خۆپێشاندانیك یان مانگرتنیك یان پیکیتیك، بەشداری کردنی ئێمەیان بەو مەرجەوە بەستوەتەوە کە ئێمە شیعار و ئالای خۆمان وەلانیین، ئیتر دەبی بڵێین ئەوانە لە واقیع دا نایانەوی ئێمە وەك حیزب لەو حەرەکەتە دیاریکراوە کرێکاری‌یەدا بەشداری بکەین. ئیتر لیرە دا مەسەلەکە ئەوە نیە ئایا حیزب لەو خەباتەدا بەشداری دەکا یان نا چونکوو رێگای بەشداری کردنیان وەك حیزب پی نەدراوە. ئەمجار مەسەلەکە دەبێتە ئەوە کە ئایا هاوری‌یانی ئێمە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، وەك تاکە کەس، وەك خۆیان لەو خەبات و حەرەکەتە کرێکاری‌یەدا بەشداری بکەن یان نا؟ بە شیوەیەکی گشتی وەڵامی ئەم پرسیارە موسبەتە. هاوری‌یانی حیزب تەنانەت ئەگەر بە بی پلاکارد و بە بی ئەوەی لە ژیر ئالای حیزب دا بن لە خۆپێشاندان و مانگرتن و حەرەکەتیکی کرێکاری دا بەشداری بکەن خوسووسییەتی کۆمۆنیستی و حیزبی خۆیان لە دەست نادەن و دیارە لە نیو کرێکاران دا و لە لای ئەوان، سیاسەت و هەڵوێستی رادیکال و پێشرەو و کۆمۆنیستی تەبلیغ دەکەن. لە هیچ هەلومەرجیك دا ئەوە لە میشك دا ناگونجی کە تێکۆشەریکی کۆمۆنیست لە خەباتی کرێکاران دا و لە نیو کرێکاران دا حوزووری هەبی بەڵام نەتوانی تەئسیر بکاتە سەر کرێکاران. تەبلیغ کردن و وشیار کردنەوەی کرێکاران و پتەو کردنەوەی پەیوەند لەگەڵ کۆمەڵانی کرێکار و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کرێکاری، لانی کەمی نەتیجەی بەشداری کردنی تاکە کەسی هەر هاوری‌یەکی ئەندام و لایەنگری حیزبە لە خەباتی کرێکاراندا. ئەمەلانی کەمی "نیشانەی هەست پێکراو"ی بەشداری کردنی هەر هاوری‌یەکی ئێمەیە لە هەر حەرەکەتیکی کرێکاری‌دا. کەوایە هاروی‌یانی حیزبی نابی لە هیچ هەلومەرجیك دا نیگەرانی ئەوە بن کە لە خەباتی کرێکاران دا ببنە "رەشە لەشکر" . تەنیا لە دنیای شانووسینەمادا مانایەکی مەنفی هەیە و لە دنیای واقیع دا هێزیکی موسر و چارەنووس سازە، لە هەموو شەر و خەباتیك دا.

***

# ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە ئاگر بەس لە شەری ئێران و عێراق

سەرەنجام جمهووری ئیسلامی لە ئامانج و سیاسەتە جەنگییەکانی خۆی تەسلیمی شکست بوو. ساڵێك پاش دەرچوونی بریارنامەی ٥٩٨ی "شوورای ئەمنییەتی ڕێکخراوی میللەتان" و دوای ئەوەکە لەم یەك ساڵەدا ئیمکانی دا و ئەمجار بە شیوەی ڕەسمی بوو بە هۆی ئەوە کە دەوریکی تازەی شەردا ژیانی کۆمەلانی خەڵك نوقمی جەهەننەمی ئاگر و ویرانی و کوشتار بی، سەرەنجام جمهووری ئیسلامی بریارنامەی شوورای ئەمنییەتی بۆ کوتایی هێنان بە شەر قەبوول کرد. ڕۆژی ٢٧ی پووشپەر لە حاڵێکدا دەزگا تەبلیغاتییەکانی حکوومەتی ئیسلامی نووزەی هەموو ڕۆژەی "جەنگ جەنگ"یان لە گەرووی خۆیان داخەفە کردبوو، یەکجی ڕاگەیەندرا کە جمهووری ئیسلامی بریارنامەی ٥٩٨ی بە بی مەرج قەبوول کردوە و ئامادەی بەرێوەبردنی ئاگر بەسە.

ئەم شەرە ٨ ساڵەیە وەك یەکیك لە خوێناوی ترین و دریژخایەن ترین و بە ئاشکرا دژی بەشەری ترین شەرەکانی مێژووی ئەم سەردەمە تومار کراوە. بەرینایی کارەساتەکانی ئەم شەرە، کوشتاری بە کۆمەڵ و کاولکاری و یورانییەکانن قسەی سەرزاری هەموانە. نزیکەی یەك میلیون کەس کوژرا، و زیاتر لە یەك میلیون کەسیتر نوقسان، نیزکەی ٣ میلیون کەس ئاوارە، ئەمانە ژمارەی قوربانیانی راستەوخۆی ئەم شەرەن. بەڵام ئەم ژمارانە ناتوانن برینایی واقیعی فاجعە و مەینەت و موسیبەتەکانی ئەم شەرە نیشان بدەن. ئەم شەرە ٨ ساڵەیە کیویك لە دەرد و مەینەتی لە سەر شانی کۆمەلانی خەڵك بەجێ هیشتوە. بە میلیون خانەوادە کە هەر کامیان تازیەداری کەسیك یان چەند کەس لە ئازیزانی خۆیانن، سفرەی خالی و هەژارانەی بە میلیون ماڵە کرێکار و زەحمەتکێش کە حاکمان بۆ دریژە پێدانی شەری خۆیان هەست و نیستیان بە تالان بردوون، چاوی بە میلیون دایك و باوك کە لە خەمی هەموو ڕۆژەی بی نانی و بی دەرمانی و بی کاغەز و قەلەمی رولەکانیان دا بووەتە کاسەی فرمیسك و خوێن، سەدان و سەدان هەزار لاو کە قورسایی موتەکەی مەرگ و بێکاری نیشتوەتە سەر سنگیان، هەژاری و فەلاکەتی گشتی، بی بژیوی و لە دەست دانی هەموو دەرەتانیکی گوزەران، وە هیلاکی لە رادەبەدەر و زەررەزەررە توانەوە لە پێناو بەری چوون دا، بەسەر هەموو ماڵە کرێکار و زەحمەتکێشیك دا سەپێندراوە. ئەم هەموو موسیبەتە کە شەر لە دوای خۆی بەجێ هیشتوون، زۆر لە فاجعە و مەینەتە رەسمییەکانی خۆدی شەر واوەتر دەچن.

هەموو کەس لە خوی دەپرسی و ئێستا پێویستە لە خۆی بپرسی کە ئەو خەروار خەروار مەینەتە بۆچی خرایە سەرشانمان. وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ ئێمە کرێکارانی ئێران روشنە. ڕژیمی ئیسلامی ژیانی خەڵکی ئەم وڵاتەی کردە قوربانی هەتا ئەو کونەپەرستییە ئیسلامییە کە بەسەر ئێمە دا سەپابوو، بەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی باقی خەڵکی مەنتەقەش دا بسەپێنی. ڕژیمی ئیسلامی ژیانی خەڵکی ئەم وڵاتەی لە چنگی خوێناوی خویدا گوشی هەتا بەربەرەکانی لەگەل دەوڵەتانی تردا، ئەوانیش رازی بکا کە حکوومەتی لە نەوعی ئیسلامی قەبول بکەن. جمهووری ئیسلامی رولەکانی خەڵکی بردە کوشتارگاکان و ئەم هەموو زووخاو و خوێناوەی بە گەرووی خەڵك دا کرد هەتا بتوانی ببێتە رابەری کونەپەرستی دژی کرێکاری لە هەموو مەنتەقەدا. جمهووری ئیسلامی ئێستا لەم ئامانج و سیاسەتانەی خوێدا تووشی شکست بووە. سیمای بە روالەت ملهورانە و قودرەتمەندانەی ئەم ڕژیمە تیك پووکاوەتەوە، لاوازی و زەبوونی ئەم ڕژیمە رەسمییەتی پەیدا کردوە و تەسلیمی شکست و داماوی خۆی بووە. شەری جمهووری ئیسلامی بە تەسلیم بوونی ئەم ڕژیمە بۆ ئاگر بەس، کوتایی پی دی بەلام ئەم کوتایی پی هاتنەی شەری جمهووری ئیسلامی، بۆ کرێکاران و خەڵکی زۆرلێکراوی ئێران، سەرەتای کارە. بۆ کرێکاران و خەڵکی زۆرلێکراوی ئێران کە باری مەینەتەکانی شەری جمهووری ئیسلامی هەروا لە سەر شانیانە، کوتایی شەری جمهووری ئیسلامی سەرەتای خەباتیکی جیددیتر و بەرینتر و قودرەتمەندترە بۆ بژاردنی تاوانی ئەم شەرە بە ڕژیم. جمهووری ئیسلامی دەبی تاوانی شەر و تاوانی هەموو جینایەتەکانی خۆی بۆ کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران ببژێری.

مافی پیشیل کراوی خەڵك لە ژێر باری شەردا، دەبی لە گەرووی جمهووری ئیسلامی دەرکێشریتەوە، وە ئەم هەژاری و فەلاکەتە کە جمهووری ئیسلامی بە شەری کونەپەرستانەی گەیاندوویەتە ئەو پەری خۆی، کوتایی پی بهێنری. کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و زۆرلێکراو دەبی بە داخوازی خۆیانەوە پی بنینە مەیدانی خەباتیکی بەرینتر و گەورەتر لە دژی جمهووری ئیسلامی. ئێمە هیچ گومانمان لەوەدا نیە و نابی هیچ کەس گومانی هەبی کە کرێکاران و خەڵکی زۆرلێکراوی ئێران لەم خەباتەی خۆیاندا دەتوانن و دەبی زەنگی مەرگی جمهوروی ئیسلامی لیدەن و هەموو بناغەکانی ئەم ڕژیمە، بە قودرەتی خۆیان تیك رووخێنن، وە کاربەدەستان و عامیلانی جمهووری ئیسلام _ هەموو ئەو جینایەتکارانەی جمهووری ئیسلامی کە تا دوینی گەروویان پر بوو لە نووزە و لوورەی "جەنگ جەنگ"، بۆ سزادان، بە دادگای شۆڕشگێرانەی خۆیان بسپێرن.

کرێکاران و خەڵکی زۆرلێکراوی ئێران!

بۆ بژاردنی تاوانی شەر و تاوانی هەموو ستەم و جینایەتەکان بە جمهووری ئیسلامی، هەستن. داخوازەکانی خۆتان لە دژی هەژاری و فەلاکەت و بی مافی رابگەیەنن و بۆ گورینی ئەم وەزعە مەینەتبارە کە بە سەر ژیانتان دا سەپێندراوە، وەرنە مەیدانی خەباتیکی بەرین لە دژی جمهووری ئیسلامی. شپرزەیی و شر بوون و داماوی لە ریزی دوژمنانی دەستەویەختان دا بە ئاشکرا دەر کەوتوە. خودی کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی لە رووی ئیوەدا بە هەزار زمان ئیقرار بەم داماوییەی خۆیان دەکەن. بۆ پتەوکردنەوەی هێزی خۆتان و بۆ وەدەست هێنانی داخوازەکانتان، لە شپرزەیی و داماوی ئەمرۆی دوژمنانتان کەلك وەرگرن. هەلومەرجی خەباتیکی بەرینتر پێك هاتوە. حاکمانی جمهووری ئیسلامی کە داماوی و بی هێزی واداری کردوون ئاگر بەس قەبوول بکەن، ئێستا بە تەمای ئەوەن وەك جاران حالەتی بەسیجی جەنگی راگرن و ریزی لە بەریەك ترازاویان و هێزی سەرکوتگەری شر و شپرزەیان ئەمجار راستەوخۆ لە دژی ئێوە هەستێننەوە سەر پی و سازی کەنەوە.

جمهووری ئیسلامی ناتوانی و نابی ئیجازەی پی بدری کە ئەم کارە بەسەرەنجام بگەیەنی. لە یەکەم هەنگاو دا بۆ تیك شکاندنی کاملی بەسیجی جەنگی و هێز کۆکردنەوەی ڕژیم، لە دژی جمهووری ئیسلامی وەرنە مەیدان. بەسیجی جەنگیی جمهووری ئیسلامی دەبی دەس بەجێ و بە تەواوی تیك بشکێندری.

– هەموو سەربازان و هەموو رولەکانی خەڵك دەبی فەوری و دەس بەجێ جەبهەکانی شەر بەجێ بێلن. هیچ کەس ناتوانی و نابی مانعی ئەوە بی کە سەربازان و رولەکانی خەڵك پادگانەکان و مەرکەزە نیزامییەکانی ڕژیم چول بکەن.

– واحیدەکانی بەسیج و ئامووزشی نیزامی لە کارخانەکان، لە مەدرەسەکان و لە باقی شوینەکانی کار و فەعالییەتی کۆمەلایەتی، دەبی دەس بەجێ کۆکرێتەوە و هەڵوەشێتەوە. هەموو شکلیکی میلیتاریزم و حوزووری نیزامیان و پاسداران لە شوینەکانی کار و ژیانی کۆمەلایەتی، دەبی دەس بەجێ کوتایی پی بهێنری.

– ئەو کرێکارانەی ناردراونەتە شوینە سەنعەتی و خەدەماتییە نیزامییەکان، دەبی دەس بەجێ برێنەوە سەر کاری خۆیان و هیچ کرێکاریك تر نەبریتە ئەو شوینانە.

– هەموو ئەو کەسانە کە لە بەر ئیعتیراز لە دژی شەر و بە بۆنەی سەرپیچی کردن لە قانوون و یاساکانی دەورەی شەر گیراون، دەبی دەسە بەجێ ئازاد بکرین.

– هەموو ئەو زیان و خەسارەتانەی بە هۆی بۆمبارانەوە بە خەڵکی زەحمەتکێش گەیشتووە، جمهووری ئیسلامی دەبی بیبژێری و دەوڵەت دەبی بە خێرایی ئیمکاناتی پێویست بۆ ئاوارەکان تەئمین بکا و غەرامەتیان پی بدا.

– هەموو ئەو کرێکارانە کە لە دەورەی شەر دا و بە بیانووی کەم بوونی کەرەسە و شتی لەم چەشنە بیکار کراون، دەبی دەس بەجێ برێنەوە سەر کاری پێشووی خۆیان و هەر پوولیك کە بە بیانووی هەلومەرجی جەنگی لە حەقی کرێکاران کەم کراوەتەوە، دەبی پێیان بدرێتەوە.

دەنگی خەبات و ئیعتیرازی خۆتان رەساتر کەن. ئەو هەلومەرجە مەینەتبارە کە ئێستا بەسەر شانی کۆمەلانی خەڵك دا حاکمە، تەنیا بە هێز و قودرەتی خودی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش، بە قازانجی خۆیان و وەدەست هێنانی ئازادی و ئاسایش و تەسەلی دەگوردری. ئەم خەباتە تەنیا بە رووخاندنی جمهووری ئیسلامی و دامەزراندنی حکوومەتی کرێکاری و حاکم بوونی واقیعی خەڵکی زەحمەتکێش بەسەر چونیەتی ژیانی کۆمەلایەتی خۆیاندا، بەسەرەنجامیکی سەرکەوتوانە دەگا. لەم رێبازەدا بۆ خەباتی بەرینتر بۆ رووخاندنی جمهووری ئیسلامی بانگەوازتان دەکەین.

خەڵکی شۆڕشگێری کوردستان!

جمهووری ئیسلامی بە بیانووی شەر و میلیتاریزم و حوزووری نیزامی خۆی لە کوردستان پەرەپێداوە هەتا سەر پوش بنێتە سەر خەباتی شۆڕشگێرانەتان لە دژی خۆی. جمهووری ئیسلامی بە یەقین هەول دەدا ئەم میلیتاریزمە بپاریزی و حوزووری نیزامی خۆی پەر پی بدا. دەنگی ئیعتیراز و خەباتی شۆڕشگێرانەتان بەرزتر کەنەوە. ریزەکانی خۆتان لە دەوری کۆمەڵە یەکگرتووتر و قایمتر کەن. هەموو هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی دەبی دەس بەجێ لە کوردستان بچنە دەر، و میلیتاریزمی جمهووری ئیسلامی کوتایی پی بهێنری. پەرەگرتن و توند و تیژ بوونەوەی خەباتی ئیعتیرازیتان و موقاوەمەتی بەرینترتان بەرانبەر بە قانوون و یاساکانی جمهووری ئیسلامی، شان بە شانی هێزی چەکدار و وشیاری کرێکاران _ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە _ میلیتاریزم و دەسەلاتدارەتی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان کوتایی پی دینی.

مەرگ و نەمان بۆ جمهووری ئیسلامی!

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری!

کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٢٩ی پووشپەری ١٣٦٧

# ڕاگەیاندنی کوتایی کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە

کرێکاران و زەحمەتکێشان!

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

بەم جۆرە ئاگادارتان دەکەین کە کونگرەی شەشەمی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران _ کۆمەڵە دوای بەجێ گەیاندنی سەرکەوتوانەی ئەرکەکانی خۆی لە ماوەی ٦ ڕۆژدا، کوتایی بەکاری خۆی هێنا.

خۆ ئامادە کردن بۆ بەرێوە بردنی کونگرە لە ماوەیەك لەمەو پێشەوە دەستی پی کردبوو. نوینەرانی ناوچەکان و بەشە جۆربەجۆرەکانی تەشکیلات، لە کونفرانسەکانی خۆیان دا هەڵبژیردرا بوون و ئەسنادی پێویست بۆ باس و لیکولینەوە لە کونگرە دا لە پێشدا ئامادە کرابوون و لە بەر دەستی ئەندامانی تەشکیلاتی نرابوون.

کونگرەی شەشەم ڕۆژی ١٧ی گولانی ١٣٦٧ بە سروودی ئەنترناسیونال و راگەیاندنی دەقیقەیەك بی دەنگی بۆ ریزگرتن لە یادی گیان بەخت کردوانی ڕێگای رزگاری کرێکاران، گیان بەخت کردووانی ئەم دواییيانەی کۆمەڵە و لە نیویاندا هاوری جعفر شفیعی کاری خۆی دەست پیکرد.

سەرەتا سەلاحییەتی نوینەرانو ئایین نامەی بەرێوەبردنی کونگرە باسی لەسەر کرا و پەسند کرا، پاشان کونگرە دەستووری رەسمی خۆی دەست پی کرد. دەستووری دانیشتنەکانی کونگرە بریتی بوون لە:

١– گوزارشی کار کردی تەشکیلات لە نیوان دوو کونگرەدا لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە.

٢– جەمع بەندی تێکۆشانی تا ئێستای کۆمەڵە، مەوقعییەتی ئێستا و ئاسوی داهاتوو.

٣– ئێستراتیژی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستان دا.

٤– کاری نیزامی و بەشیك لە لایەن گرینگەکانی تێکۆشانی داهاتووی تەشکیلاتی عەلەنی

٥– هەڵسەنگاندنی مەوقعییەتی ئێستای حیزبی دیموکرات لە کوردستان.

٦– هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندی.

کونگرە لە جەرەیانی باسەکانی خۆی دا لە روانگەی حیزبیکی کرێکارییەوە کە دەبی هەمیشە نوینەری دەنگی ئیعتیراز و قازانجی چینی کرێکار بی چاوی گێرا بەسەر دەساڵ تێکۆشانی عەلەنی کۆمەڵە و تەئسیراتی لە سەر وەزعییەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەروەها کۆمەڵای کوردستان دا. لە بەر تیشکی ئەم باسانەدا بەباشی روون بووەوە کە چون تێکۆشان و بوونی کۆمەڵە لەم ماوەیەدا بووەتە هۆی رەواجی سوسیالیزم و گەشە کردن و چوونە سەری وشیاری چینایەتی کرێکاران و داخوازە سیاسی و دیموکراتیکەکانی خەڵك لە کوردستان.

کونگرەی شەشەم تێکۆشا کە بە پشت بەستن بەم دەسکەوتانە و بە پێی تەجرەبەکانی کرێکاران و حیزبە سیاسییەکەیان گەلیك هەنگاوی تر کە دەبی بۆ پێکهێنانی یەکگرتوویی و ڕێکخراوی زیاتر لە ریزی شۆڕشی کرێکاری دا هەڵگیری وە هەروەها بەرژەوەندی داهاتووی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە کوردستان و چاوەروانییەکان و داخوازەکانی چینی کرێکار لەسەر کەوتنی ئەم شۆڕشە روون کاتەوە.

بێجگە لەمە وەزعییەتی سیاسی و نیزامی کوردستان بە مەبەستی دیاری کردنی سەرخەتە گشتییەکانی تێکۆشانی سیاسی، تەشکیلاتی، نیزامی و بۆ دەرس وەرگرتن لە تەجرەبەکانی رابوردوو وە بەدەستەوە گرتنی شیوە و تاکتیکی تازە بۆ بەرەوپێش بردنی فەعالییەتەکانی کۆمەڵە لە هەموو مەیدانەکان دا، درایە بەر باس و لێکولینەوە.

هەڵسەنگاندنیکی گشتی لە وەزعییەتی حیزبی دیموکرات و هویەکانی بن بەست و سەر لی شیواوی سیاسی ئەو حیزبە یەکیکی تر لە بەندەکانی دەستووری کونگرە بوو.

کونگرەی شەشەم بە مەبەستی بلاو کردنەوەی باسەکان و بریارەکانی خۆی چەند بریارنامە و قەراری پێویستی پەسند کرد کە بەرەبەرە بلاو دەکرێنەوە.

سەرەنجام پاش هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەسلی و جیگری کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، کونگرەی شەشەم ویرای ریزدانان بۆ زەحمەت و پێوە ماندووبوونی هەموو ئورگانەکان و هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە کە تەسهیلات و ئەمنییەتی پێویستیان بۆ بەرێوە بردنی کونگرە فەراهەم کردبوو، بە سوخەنرانی کوتایی کونگرە لە لایەن هاوری ئیبراهیم عەلیزادەوە و بە سروودی ئەنترناسیونال، لە ڕۆژی ٢٢ی گولانی ٦٧دا کوتایی بە کاری خۆی هێنا.

کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران _ کۆمەڵە

٢٤ی گولانی ١٣٦٧

***

# بریارنامە سەبارەت بە:
# هەڵسەنگاندنی مەوقعییەتی ئێستای حیزبی دیموکرات و هەڵوێستی ئێمە لە بەرانبەریدا

## الف: زەمینە گشتییەکانی بوحرانی جەرەیانی حیزبی دیموکرات

١- ناسیونالیزم لە کوردستان، بە پێی مەوقعییەتی میلەتەی کورد وەك میللەتێکی ستەم لێکراو و وەك شکلی بورژوازیی بۆ دەربرینی ئیعتیراز لە بەرانبەر ئەو ستەمەدا، لە کوردستان لە کونەوە زەمینەی پێك هاتن و هەڵدانی ئەحزاب و جەرەیاناتی سیاسی جۆراوجۆر وەك ئوپوزیسیونی حکوومەتەکانی مەرکەزی بووە. هەر وەك ناسیونالیزم لە باری مێژوویییەوە وەسیلەی ئیدئولوژیکی بورژوازی بووە بۆ تەئمینی بەرژەوەندی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چینە، ناسیونالیزمی کوردیش لە قەدەر مەحدوود بوونی خۆی، هەر ئەم دەور و نەقشەی لە ئەستو بووە.

حیزبی دیموکرات بە درێژایی چەندین ساڵ نوینەری سەرەکی جەرەیانی ناسیونالیستی لە کوردستانی ئێران بووە. ئەم حیزبە لە باری تعلقی چینایەتییەوە حیزبی بورژوازییە و لە باری ئامانجی کۆمەڵایەتییەوە خودموختاری خوازە. بۆ بورژوازی کورد خودموختاری بەمەعنای ئەوەیە کە ئەم چینە بۆ سەرمایە و سەرمایە وە سەر نانی خۆی پشتیوانەیەکی سیاسی و دەوڵەتی بە شکلی بەشداری کردن لە حاکمییەتی محەللی دا تەئمین بکا.

٢- نفووزی کۆمەڵایەتی و مانەوەی حیزبی دیموکرات وەك جەرەیانیکی سیاسی، بەر ئەنجامی مانەوەی ستەمگەری میللی و بوونی مەیل و سوننەتەکانی خەبات لە دژی ئەم ستەمگەرییە بووە.

لە لایەکیترەوە لە بەریەك ترازانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کونەکان، زاڵ بوون و پەرەگرتنی موناسەباتی سەرمایەداری و شکل گرتنی چینی بەرینی کرێکار لەم چەند دەساڵەی دوایدا، ئاڵ و گۆریکی گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بوو کە سەرەنجام و بە ناچار تەئسیریکی قوولی دەکردە سەر بۆچوون و گەرایشە سیاسییەکان لە کۆمەڵی کوردستاندا، وە مەسەلە و داخواز و بۆچوونی نویی لەگەل خۆی دەهێنایە مەیدان.

ئەم وەزعییەتە ئیمکانی کۆمەڵایەتی پێك هێناوە بۆ هاتنە گۆر و زاڵ بوونی ئامانجە سوسیالیستی و دیموکراتیکەکانی چینی کریچکار وەك ئالای ئیعتیرازی جەماوەر لە دژی حکوومەتی مەرکەزی و لە دژی بورژوازی لە کوردستان، بناغەکانی ناسیونالیزمی کوردی لەرزوك کردوە بەو پییە، زەمینەی ماددی بۆ ئەوە پێك هێناوە کە ئەم بۆچوونە و ئەو حیزبە سیاسییەی کە خاوەنی ئەم بۆچوونەیە بکەونە سەر رەوتیکی رووله کز بوون و دامرکانەوە.

٣- لە ساڵانی ئەخیردا و بە بەردەوام بوونی خەباتی شۆرشگێرانە لە کوردستان ئەم واقعییەتە بنەرەتییەی سەرەوە تەئسیریکی چارەنووس سازی کردوەتە سەر چارەنووس و رەوتی حەرەکەتی هێزە سیاسییەکان. بۆ کۆمەڵە سوسیالیزم و ئامانجی بەرابەری ئابووری لە جەرگەی خەبات لە دژی جمهووری ئیسلام دا دەبێتە ناوەرۆکی تێکۆشانی وشیاریدەرانە، پەرەگرتنی نفووز و کۆکردنەوەی هێز، وە لە بەرانبەردا حیزبی دیموکرات هێز و توانای خۆی لە پاشماوەی توهمان و خوشباوەری رۆژ لەگەل رۆژ رووله کەمی جەماوەری خەڵك دەرهەق بە ناسیونالیزم و رابەرانی ناسیونالیست، لە لاوازی کاتی و مەقتەعی دەوڵەتی مەرکەزی و کەلینە مەنتەقەیییەکان وەر دەگری.

کۆمەڵە بە خەبات بۆ وەدەست هێنان داخوازە ریفاهی و ئابوورییەکانی کرێکاران و تویژە زەحمەتکێشەکانی کۆمەل، بەرەنگار بوونەوەی خورافات و دواکەوتوویی سوننەتی، پشتیوانی لە خەباتی شۆرشگێرانەی زەحمەتکێشانی دیهات، خەبات لە دژی ستەمکیشی ژنان، وە بە پشت بەستن بە وشیار کردنەوە و وەخەبەر هێنانی کۆمەلانی بەرین، بناغەی نفووزی خۆی بە فراوانی پەرەپێداوە. حیزبی دیموکرات بە پێچەوانە و بەرانبەر بە گەشەی رۆژ لەگەل رۆژ زیاتری نفووزی شیعار و سیاسەتە کرێکاری و سوسیالیستییەکان هەرچی زیاتر باری حاشا کردن لە سەرمایەداری بوونی کوردستان و حاشا کردن لە مەوجوودییەتی چینی کرێکاری گرتوە و بەم جۆرە هەوڵیدا و سەرمایەداری وەك هۆی مانەوەی هەموو نابەرابەرییەکان کە ستەمی میللییەکیانە لە پەلاماری جەماوەر بپاریزی. لە رەوتی خەباتیکی توندوتیژی چینایەتیدا کە لە کوردستان لە نیوان ئەم مەیل و بۆچوونانەدا دریژەی بوو حیزبی دیموکرات زیاتر لە جاران بەرانبەر بە کۆمەڵە پەنادەباتە بەر دواکەوتوویی سوننەتی و خوارفات و تعسباتی کونەپەرستانە. بەلام وشیاری سیاسی و تەجرەبەکانی کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێش و رادەی تەوەقوعاتیان ئەمرۆ لە کوردستان ئەوەندەیە کە حەربەی لەم چەشنە ناتوانن بۆ ماوەیەکی دریژخایەن بمێننەوە، وە حیزبی دیموکرات وەك جەرەیانیك کە سەرسەختانە بەرانبەر بە واقعییەتە تازەکانی کۆمەلی کوردستان رادەوەستی، بەناچار لە تەریك مانەوەی زیاتر و بی ئاسویی سیاسی قوولتر و دوژمنایەتی سیاسی توندوتیژتر لەگەل جەرەیانی کۆمۆنیستی دەچەقی.

٤- بۆ وەلامدانەوە بەم رەوتە رووله کزییە و بەم بوحران و سەر لی شیواوییە سیاسییە کە حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە کۆمەڵە دەست دەبا بۆ ئاخرین حەربەی خۆی، یانی بەکار بردنی هێزی نیزامی لە ئاستی سەراسەریدا. شەر لەگەل کۆمەڵە بۆ حیزبی دیموکرات لە دریژەی سیاسەتی هەمیشەیی ئەو حیزبەدا بوو بۆ کوسپ و مانع ساز کردن لە سەر رێگای گەشەی وشیاری و رێکخراو بوونی چینایەتی کرێکاران و ئاشنا بوونی کۆمەلانی زەحمەتکێش لەگەل مافە سەرەتاییەکانی خۆیان. حیزبی دیموکرات کەنەی دەتوانی لە رێگەی سیاسییەوە پێش بە گەشە و پەرەگرتنی ئالترناتیوی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە نیو جەماوەردا بگری، هەولی داوە هەتا بە زۆری شەر و رێگای قەهراوییەوە پێش بەو رەوتە بگری و مەوقعییەتی لە دەست چووی خۆی بە هێزی چەك وەدەست بێنێتەوە.

سیاسەتی کۆمەڵە لەو شەرەدا بریتی بوو لە دیفاع لە رێکخراوی سەربەخۆی پرولیتری لە کوردستان و زەمانەت کردن و جیگیر کردنی دەسکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی جەرەیانی کۆمۆنیستی. بۆ کۆمەڵە سەرکەوتن لەم شەرەدا بە مەعنای پووچەل بوونەوەی سیاسەتی دژ بە شۆرشی حیزبی دیموکرات و لابردنی ئەو کوسپانە بوو کە حیزبی بورژوازی دەینانە سەر رێگای وشیار بوونەوە و رێکخراو بوونی کرێکاران و زەحمەتکێشان و پەرە گرتنی تێکۆشانی کۆمۆنیستی.

حیزبی دیموکرات پاش سێ ساڵ و نیو شەر نەیتوانی بە هێزی نیزامی، کۆمەڵە ناچار بکا کە لە هەڵوێستی سیاسی و چینایەتی خۆی پاشەکشە بکا، بە پێچەوانە خۆدی حیزبی دیموکرات لە باری سیاسییەوە تووشی تەریك مانەوە بوو، بی هێزی و ناکامی خۆی لە وەدی هێنانی ئامانجی کۆنەپەرستانەی دا بە تەواوی هەست پی کرد و بە پێچەوانەی مەیلی خۆی خستیە بەر چاوی هەموان. ئێستا حیزبی دیموکرات لە باری توانایی عەمەلی خۆیەوە کەوتوەتە مەوقعییەتیك کە ناتوانی ئیخلال و موزاحەمەتیکی جیددی لەسەر رێگای فەعالییەتی کۆمەڵە ساز بکا.

## ب: بوحرانی ئێستای حیزبی دیموکرات و شیوەی هەڵوێستی ئێمە لە بەرانبەریدا.

١- ئالوزی و بوحرانی ناوخۆی حیزبی دیموکرات لە سەر بناغەی ئەو زەمینانە کە پێشتر ئیشارەمان پی کردن، لە چەند ساڵی ئەخیردا هەتا هاتوە قوولتر بووەتەوە و ئێستا پاش گەلیك کەنارە گرتن و تسفیە و وردە ئینشعاب، سەرەنجام بە شوین کونگرەی هەشتەم دا بووەتە هۆی ئینشعابیکی کامل و بە کردەوە ئەم حیزبەی کردوەتە دووبەش. هۆیەکانی ئینشعابی ئەخیر دەکری بە کورتی بەم جۆرە بەیان بکەین:

١- سست بوونی بناغە کۆمەڵایەتییەکانی حیزبی دیموکرات، گەشە و هەڵدانی جەرەیانیکی سوسیالیستی شۆرشگێری پشت ئەستوور بە هێزی بزووتنەوەی نوی خەباتی شۆرشگێرانە لە کوردستان و لاواز بوونی گشتی سوننەتی خەباتی ناسیونالیستی لە بەرانبەر سوننەتی سوسیالیستیدا، بێگانەیی حیزبی دیموکرات لەگەل مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو داخوازە چینایەتییانە کە بناغەی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە لە دەورەی ئەخیردا پێك دینن، حیزبی دیموکراتیان تووشی بی ئاسویی و سەر لی شیواوییەکی قوولی سیاسی کردوە. حیزبی دیموکرات بە شیوەیەکی رۆژ لە رۆژ زیاتر نفووزی خۆی لە نیو تویژە زەحمەتکێش و دەست تەنگەکانی کوردستان دا لە دەست دەدا و لە باری عەمەلییەوە بە رادەیەك نفووزی کەم دەبێتەوە هەتا لە قەدەر توانایی و زەرفییەتی چینایەتی بورژوازی کورد لە کوردستانی ئەمرۆ بی.

٢- شکستی سیاسەتی جەنگی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە کۆمەڵە و ئیسباتی ئەو واقعییەتە کە حیزبی دیموکرات نە تەنیا ناتوانی پێش بە گەشە و هەڵدانی ئالترناتیوی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە کوردستان بگری بەڵکوو بەرەو ئەوە دەچی کە بەرانبەر بەو ئالترناتیوە بکەویتە حاشیەی سحنەی سیاسی لە کوردستان، توند و تیژ بوونەوەی بوحران و داماوی عەمەلی حیزبی دیموکرات زیاتر دەکا.

٣- پێشرەوییە نیزامییەکانی جمهووری ئیسلامی، بوونەتە هۆی تەنگەبەر بوونەوەی مەیدانی فەعالییەتی نیزامی، کە بۆ حیزبی دیموکرات شکلی عومدە و ئەساسییە کە تێیدا بوون و وجوودی خۆی نیشان بدا. ئاسوی عەمەلی فەعالییەت، پەرەپێدان وە یا تەنانەت پاراستنی مەوجوودیەت بە شکلی ئیستا لە بەرچاوی حیزبی دیموکرات تاریك دەنوینی. حیزبی دیموکرات ناتوانی رێبازیکی روون بۆ دەرهاتن لەم وەزعییەتە دیاری بکا.

٤- ئەم وەزعییەتە بەرەبەرە توانایی پاراستنی وەحدەتی سیاسی و عەمەلی نیوان گەرایشە جۆراوجۆرەکانی نیو خۆی بورژوازی کوردی لە حیزبی دیموکرات ئەستاندوەتەوە. ئەم گەرایشانە کە بە تایبەت بە پێی نزیکایەتی لە ئوردووگا جۆراوجۆرە جیهانییەکان (شوورەوی، سوسیال دیموکراسی و ......)، دەرەجەی پشت بەستنیان بە ناسیونالیزمی کورد و شیوە و جۆری رێك کەوتنیان لەگەل هێزە سیاسییە سەراسەرییەکان لە ئێران، جیاوازییان لەگەل یەك هەیە، لەو بۆشاییەدا کە بە هۆی بوحران و بی ئاسویی سیاسی و نەبوونی رێبازیکی وەحدەت بەخش پێك هاتوە سەر لە نوی وە خۆدەکەونەوە و کیشە لە نیوانیان دا توند و تیژتر دەبێتەوە.

٥- وە سەرەنجام لە وەزعییەتیکی ئاوادا بەشیك لە کادرەکان و رابەرانی حیزبی دیموکرات جۆرئەت پەیدا دەکەن کە نارەزایەتی خۆیان بە شکلی ئیعیتراز بەرانبەر بە رێبەرایەتی قاسملوو کە بە شیوەی سوننەتی ئوتوریتەیەکی چەسپاوی لە حیزبی دیموکرات دا بووە، دەربرن. لاساری قاسملوو بەرانبەر بە موخالفین لە لایەکەوە و ئەم بۆچوونە کە زەمینە و عەواملی موساعدیش بۆ شکل گرتنی ئەم ئینشعابە لە دەرەوەی حیزی دیموکرات هەیە بە موخالفینی نیو حیزبی دیموکرات ئیمکانی دا کە ئەم جار دەست بدەنە ئینشعابیکی رێکخراو.

٢- جەرەیانی ئینشعابی بە پێی پلاتفورمیکی سیاسی کە جیاوازی بنەرەتی هەبی جیانەبووەتەوە. بەیاننامەی ئەو جەرەیانە نیشان دەری ئەوەیە کە:

یەکەم، کەم تا زۆر، هەموو گەرایشاتی مەوجوودی نیو حیزبی دیموکرات، لە جەرەیانی تازەش دا خوزووریان هەیە و دووهەم ئەم بەڵگەیە زیاتر بە مەبەستی هێز کۆکردنەوە و پێك هێنانی فەزای موساعید بۆ مانەوەی جەرەیانی ئینشعابی لە نیو باقی حیزبە سیاسییەکان دا تەنزیم کراوە هەتا بۆ هەڵکردنی ئالای بۆچوونە دیاری کراو و جیاوازە سیاسییەکان بەم مەعنایە جیابوونەوەی ئەخیر هیشتا نیشاندەری جیابوونەوەیەکی بەرنامەیی لەحیزبی دیموکرات نییە. تەئکیدی ئەو بەیاننامەیە لە سەر پێویستی نزیکایەتی لە ئوردووگای بە ناو سوسیالیستی ئەگەرچی نیشاندەری بوونی گەرایشیکی لایەنگری شوورەوی لەم جەرەیانەدایە، بەلام بە مەعنای یەك لابوونەوەی ئەم کیشەیە لە نیو خۆی هیچکام لەو دوو بشەدا نییە.

٣- سیاسەتی کۆمەڵە بەرانبەر بە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم حیزبە دەبی بە پێی ئەم ئەسلانە بی:

١- رەوتی گشتی حەرەکەتی دەساڵەی ئەخیری کۆمەڵە بۆ تەریك هێشتنەوە و بەتاك خستنەوەی حیزبی دیموکرات، تەبدیل کردنی جەرەیانی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە کوردستان بە جەرەیان و زەرفی ئەسلی خەبات و ئیعتیراز لە کوردستان و زاڵ بوونی سوننەتی سوسیالیستی بەسەر سوننەتی ناسیونالیستی لە خەباتی خەڵکی زەحمەتکێش دا، دەبی بە بی هیچ ناروشنییەك دریژەی پی بدری. مەوقعییەتی ئێستای ئەو حیزبە دەبی وەك نوقتەیەك لە رەوتی سرینەوەی کاملی توهم و خوشباوەری لە زەینی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەرهەق بەم حیزبە و سوننەتەکانی لەبەر چاو بگیری و فەعالییەتی ئێمە دەبی دریژە پێدانی پەیگیرانەی خەباتی سیاسی و چینایەتی بۆ دریژە پێدان و خیراتر کردنەوەی ئەم رەوتە بە ئامانجی خۆی دابنی.

٢- حەقیقەتە چینایەتییەکان سەبارەت بە جەوهەر و ماهییەتی حیزبی دیموکرات وەك جەرەیانیکی کۆمەڵایەتی دەبی هەروا بە روونی تەبلیغ بکرین. ئەم جیابوونەیە نابی رەخنەی چینایەتی ئێمە لەم جەرەیانە کوڵ کاتەوە.

٣- بەرانبەر بە شەری ناوخۆیی لە کوردستان، هەڵوێستی ئێمە راگەیاندنی ئاگر بەسی یەك لایەنە بە هەرتك جەرەیانەکە و پێك هێنانی موناسەباتی سیاسی دیاریکراو لەگەل هەر جەرەیانیکە کە ئەم ئاگر بەسە قەبوول بکا.

٤- لە هەمان کاتدا ئاگر بەسی یەك لایەنە رادەگەیەنین دەبی ئامادەیی و وشیاری نیزامی خۆمان بپاریزین و بە تایبەت کە جناحی قاسملوو بە شیوەی سریح لەسەر دریژە پێدانی شەر پیدا بگری، ئیمکانی ئیقداماتی نیزامی ئەوان لە دژی هێزەکانی ئێمە دەبی بە تەواوی وەك مەسەلەیەکی جیددی و موحتەمەل چاوی لی بکری و دەبی حیزبی دیموکرات بۆ هەر چەشنە ماجەراجوییەکی نیزامی لە دژی کۆمەڵە هشداری پی بدری و ئەگەر ئەمە بکا ئەو جناحە دەبی وەلامی شیاوی خۆی بە جۆریك کە خۆمان بە دروستی دەزانین وەر گرێتەوە.

٥- تەبلیغاتی ئێمە بەرانبەر بە حیزبی دیموکرات دەبی بە تایبەت رووی لە کۆمەلانی زەحمەتکێش بی لەسەر وشیار کردنەوە و تی گەیاندنیان لە بەرژەوەندی خۆیان، ئەرکەکان و داهاتووی بزووتنەوە لە روانگەی کۆمەڵەوە، وە جیایی ئەحزابی وەك حیزبی دیموکرات لە داخوازەکان و ئامانجە بنەرەتییەکانی زەحمەتکێشان لە کوردستان، کۆمەڵە دەبی بە تی گەیشتنی کامل لە مەوقعییەت و مەسئوولییەتەکانی خۆی، وەك نوینەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و رابەر و رێکخەری شۆرش لە کوردستان کە خەبات بۆ نەهیشتنی ستەمی میللی بەشیکیەتی، تەبلیغ بکا و بجوولێتەوە.

٦- ئەگەر لە مەسەلەی میللی و خودموختاری دا، یانی لەو مەسەلە هاوبەشەدا کە حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە هەرتك لا داوای دەکەن وە لە خەبات دژی رژیمی جمهووری ئیسلامی دا ئیتحادی عەمەل بە دروست و بە قازانج بزانری دەکری هەنگاوی بۆ هەڵگیری.

لەهەمان کات دا بە دەرەجەیەك کە هەر کام لە بەشەکانی حیزبی دیموکرات دەرهەق بە کۆمەڵە شیوەیەکی ئاشتی خوازانەتر بگرنە پێش وە یا داخواز و سیاسەتە کرێکاری و دیموکراتیکەکان تەئیید بکەن دەکری پەیوەندیکی عەمەلی نزیکتریان لەگەل دامەزریندری.

***

# بریارنامە سەبارەت بە: ستراتیژی ئێمە لە بزووتنەوەی کوردستاندا

## الف- سەرەتا

١- تێکۆشانی ئێمە لە کوردستان بەشیکە لە تێکۆشانی گشتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ ڕێکخستن و بەسەمەر گەیاندنی شۆڕشی کرێکاری و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری لە ئاستی سەراسەریدا. لەم بابەتەوە، ڕێبازی گشتی و یاساکانی تێکۆشانی سەراسەری حیزب بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمۆنیستی و بۆ هێنانە مەیدانی چینی کرێکار وەك هێزی بزوێنەری سەرەکی و رابەری هەر ئاڵ و گۆڕیکی شۆڕشگێرانە لە مەیدانی سیاسی دا، دەروانێتە سەر تێکۆشانی تەشکیلاتی حیزبی ئێمە لە کوردستانیش.

٢- لە بەر هۆی جۆراوجۆر و بە تایبەت لە بەر هۆی وەك ستەمی میللی و موقاوەمەت و خەبات لە دژی ئەو ستەمە لە کوردستان، بوونی سوننەت و نەریتی خەباتی چەکدارانە، وە قابلییەتی کۆمۆنیستەکان بۆ ئەوە کە ببنە قورسایییەکی موسر لە مەیدانی سیاسیدا. وەزعییەتی سیاسی دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ لە کوردستان رەوتیکی جیاواز لە باقی شوینەکانی ئێرانی بووە. لە کوردستان، بەرانبەر بە هێرشی بورژوا ئیسلامی بزووتنەوەیەکی موقاوەمەتی چەکدارانە بە پشتیوانی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان شکلی گرت. ئەم بزووتنەوە چەکدارانەیە کە سەرەتا بە نیوی بزووتنەوەی موقاوەمەت و پاش دەورەیەك بە نیوی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد ناسرا لە لایەکەوە پێشی بە دەسەڵاتی تاقانەی کۆنەپەرستی بورژوا ئیسلامی لە کوردستان گرت و ئیمکان و مەیدانیکی زیاتری بە بەردەوام بوونی خەباتی ئیعتیرازی دیموکراتیکی جەماوەری دا، و لە لایەکیترەوە بووە هۆی ئەوە کە داخوازی نەمانی ستەمی میللی، لە ژێر ناوی خودموختاری دا، وەك لایەنی هاوبەشی هێزەکانی موقاوەمەت لە دژی جمهووری ئیسلامی بە شیوەیەکی بەرچاوتر خۆ نیشان بدا.

بەم جۆرە چ لە باری هاوسەنگی هێزی چینەکان و شۆڕش و دژی شۆڕشەوە و چ لە باری چوارچێوەی فیکری و سیاسی و شکل و شیوەکانی خەباتی شۆڕشگێرانە و جەماوەرییەوە، چینی کرێکار و کۆمۆنیزم لە کوردستان لەگەل هەلومەرجیکی تایبەت و بەم بۆنەوە لەگەڵ ئەرك و وەزیفەیەکی تایبەت بەرەورووە کە گرینگ ترینیان بریتییە لە رابەری کردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە کوردستان، و تەبدیل کردنی ئەم بزووتنەوەیە بە هۆیەك بۆ پەرە پێدان و بە هێز کردنی خەباتی کۆمۆنیستی چینی کرێکار.

٣- بیگۆمان بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە کوردستان پەیوەندییەکی نزیکی لەگەل خەباتی سەراسەری لە ئێران هەیە و بە تایبەت لە دەورەی ئەخیردا لە نیو شۆڕشیکی سەراسەرییەوە سەری هەڵداوە، هەر پێشرەوییەك لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەدا لە کوردستان، وە یا هەر جەم و جوولیکی شۆڕشگێرانە لە ئاستی سەراسەریدا، تەئسیریکی هیز و توانا بەخش لە هەرتك لاوە دەکەنە سەر یەکتر. جگە لەمە، بە لە بەر چاو گرتنی ئەوە کە کوردستان، لە باری ئابووری و سیاسییەوە، بەشیکی ئورگانیك لە کوللی جامیعەی ئێران پێك دینی، رێی تی ناچی رادەی پێشرەوی شۆڕش لە ئاستی سەراسەری دا و لە کوردستان، جیاوازییەکی چارەنووس سازیان هەبی. پەیوەندی سەر لە نوێی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە کوردستان لەگەل گەشە و ئاخیزیکی سیاسی سەراسەری موحتەمەل ترین و لە هەمان کاتدا مەتلووب ترین حالەتیکە کە ئیمکانی هەیە. سەرەرای ئەمە لە بەر تایبەتییەکانی خەباتی جیاواز لە چوارچێوەی کوردستاندا، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و سازمانی کوردستانی حیزب _ کۆمەڵە _ کە خۆی هۆیەکی سەرەکی بووە لە شکل گرتنی موقاوەمەتی بەرینی چەکدارانە دا بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی و لە بەردەوام بوونی ئەم موقاوەمەتەدا، دەبی ستراتیژی خۆی بۆ پێشرەوی ئەم بزووتنەوەیە، بێنێتە گۆر.

## ب- بنەماکانی ستراتیژی ئێمە لە کوردستان:

ستراتیژی ئێمە لە کوردستان لە سەر ئەم بنەمایانە دامەزراوە:

١- چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی شار و دی هێزی بزوینەری سەرەکی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە کوردستان پێك دینن. پێشرەوی و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە راستەوخۆ پەیوەندی هەیە لەگەل پلەی گەشەی بزووتنەوەی سوسیالیستی و سەربەخۆی چینی کرێکار، یەکگرتنی کرێکاران بە هۆی حیزبی کۆمۆنیستی خۆیانەو، و بەرێوە چوونی رابەری ئەو چینە لە بزووتنەوەی ئیعتیرازی و شۆڕشگێرانەدا.

٢- شارەکان مەرکەزی سەرەکی ئیعتیرازی سیاسی و جەماوەری و مەیدانی سەرەکی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەن. جم و جوولی سیاسی جەماوەری لە دێهات پەیرەوی جم و جوولی سیاسی لە شارەکانە، و چارەنووسی نێهایی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە شارەکان دیاری دەکری.

٣- مەرجی پێویست بۆ پێشرەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە، دابران و جیایی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لە ئاسوو و ئامانج و سیاسەتەکانی حیزبە بورژواییەکان لە کوردستان، و بە هێز بوونی کۆمۆنیزمە بەرانبەر بە ناسیونالیزم لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا.

٤- سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە تەنیا لە هەلومەرجی گەشە و ئیتلای سیاسی جەماوەری دا لە کوردستان ئیمکانی دەبی. تیگەیشتن لە جیاوازی نیوان هەلومەرجی شۆڕشگێرانە و هەلومەرجی غەیرە شۆڕشگێرانە و ئەو ئەرکە جیاوازانە کە لە هەر کام لەم حالەتانەدا دەکەونە سەر شانی کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی کرێکاری، بنەمایەکی سەرەکین بۆ دیاری کردنی ستراتیژی پرولیتری لەم بزووتنەوەیەدا.

٥- بەلەبەر چاو گرتنی تەنگانەی ئابووری و سیاسی قوولی رژیمی حاکم و مەینەتەکانی شەری ئێران و عێراق و نارەزایەتی قوولی کۆمەلانی خەڵك لە سەرتاسەری ئێران. سەر هەڵدانی بوحرانی سیاسی، بی سباتی رژیم و ئاخیزی سیاسی، ئیمکانی مادی و واقعییە. لە هەلومەرجیکی ئاوادا بە تایبەت لە کوردستان کە کۆمۆنیزم و کۆمەڵە هێزیکی موسری کۆمەڵایەتین، دەکری حیزبی ئێمە بە پراتیکی ئامانجدار و بە جی، گەشە و ئیتلای سیاسی خیراتر کاتەوە.

٦- تەنیا خەباتیکی هەمەلایەنەی ئابووری، سیاسی و نیزامی دەتوانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان بخاتە نیو مەنگەنە و ڕێگا خۆش کا بۆ هەستانی ئاخیزیکی ئیعتیرازی جەماوەری و هێرشیکی جەماوەری بۆ سەر مەوجوودییەتی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان. لیك هەڵپێکانی ئەم شکلانەی خەبات لە سیاسەتیکی هاو ئاهەنگ دا بۆ هەڵخراندنی فشار و ئیعتیراز لە دژی رژیم لە کوردستان، میحوەری ئەرکەکانی ئێستای خیزبی ئیمەیە لە کوردستان.

٧- شکلی نیهایی سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە، تێکەلاویکە لە راپەرینی شارەکان لە ئاکامی هەستان و ئیعتیرازیکی جەماوەریدا، وە پێشرەوی هێزی چەکداری پەرە گرتووی ئێمە، وەدەرنانی هێزی سەرکوتگەری حکوومەت لە کوردستان و بە دەستەوە گرتنی کۆنترۆڵی کار و بار لە لایەن خەڵکی راپەریوە و هێزی چەکداری زەحمەتکێشانەوە بەرابەری کۆمەڵە.

٨- تێکشکان و رووخانی هێزەکان و دام و دەزگاکانی حکوومەتی مەرکەزی و پاشەکشە کردنیان کوتایی کار نییە. سەرکەوتن تەنیا بەوە کامل دەبی کە ئورگانەکانی دەسەڵاتدارەتی جەماوەری لە شار و دێهات بە دەسەڵات بگەن و بینای دەسەڵاتدارەتی لە کوردستان ریك بخری و دامەزری. ئەم دەسەڵاتە نوییە، دەس بەجێ داخواز و بەرنامەی شۆڕشگێرانەی کرێکاران بەریوە دەبا. مەرجی پێویست بۆ وەدی هاتنی ئەمە نەتەنیا زاڵ بوونە بەسەر هێزەکانی حکوومەتی مەرکەزیدا، بەڵکوو پێش گرتنە بە تەقالای حیزبە بوژواییەکان لە کوردستان کە بیانەوی لە جیاتی دام و دەزگاکانی دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزی، ئورگانەکانی بورژوازی مەحەللی بنینە بان سەری خەڵك.

٩- زەمانەتی نیهایی بۆ بەردەوام بوونی سەرکەوتن تیك شکاندنی قەتعی و یەکجاری دەسەڵاتی بورژوازییە لە ئاستی سەراسەریدا. کوردستانیك کە تێیدا بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزی تیك شکاندبی، بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی ناتوانی جگە لە شۆڕشیکی سەراسەری پشت بە هیچی‌تر ببەستی. سەرکەوتن لە کوردستان بۆ ئێمە ئالقەیەکە لە وەدی هاتنی ستراتیژی سەراسەری کرێکاران لە ئێران.

## ج- سەرخەتی گشتی قوناغەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە:

بەشیك لە ئامانجە مەرحەلەیییەکان کە کۆمۆنیستەکان لە هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێرانەدا دەبی پێشتر پێیان بگەن لە ساڵانی دوای شۆڕشی ٥٧دا لە کوردستان وەدی هاتوون. کۆمەڵە وەك ڕێکخراویکی کۆمۆنیستی لە لایەن زۆربەی کرێکاران و بەشیکی بەرین لە زەحمەتیکێشانی کوردستانەوە پشتیوانی لی دەکری و دەتوانین بڵیین بووەتە سازمانی پێشرەوی حیزبی و رابەری کۆمەڵانی کرێکار. لە نەتیجەی تەبلیغات و تێکۆشانی ئێمەدا وشیاری و تیگەیشتنی چینایەتی کرێکاران لە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان زیاتر بووە و داخوازە دیموکراتیکەکانی کۆمەڵانی خەڵك روشنتر بوونەتەوە و وینەیەکی زۆر روشن لە ناوەرۆك و ئامانجەکانی بزووتنەوەی حازر لە نیو خەڵك دا جی گیر بووە. خەباتی چەکدارانە سەرەرای ئەو پاشەکشە و مەحدوودییەتانە کە پێی تەحمیل کراون وەك شکلیکی موعتەبەری خەباتکارانە لەم دەورەیەدا و لە داهاتووی قابیلی پێش بینی دا جیگیر بووە و دەور و جیگایەکی گرینگی بووە لەوەدا کە نەهیلی کونەپەرستی بورژوا ئیسلامی لە کوردستان وەك دەسەڵاتی تاقانە زاڵ بی.

بورژوازی کورد چ لە باری نفووز و ئاسوی کۆمەڵایەتی حۆیەوە و چ لە باری قودرەتی سیاسی و عەمەلی و حیزبییەوە بەرانبەر بە ئالترناتیوی سوسیالیستی کرێکاران و سوننەتی سوسیالیستی خەبات کە کۆمەڵە لە جامعەی کوردستاندا نوینەرییەتی، لاواز بووە و کۆمۆنیزم و سوننەتی خەبات بە هۆی حیزبی کۆمۆنیستەوە هەر ئێستا خەریکە بەسەر ئەو سوننەتە بورژوا ناسیونالیستییەدا زاڵ دەبی کە لە تایبەتییە سەرەکییەکانی خەباتی رابوردوودی جەماوەری خەڵك لە کوردستان بووە.

بەلەبەر چاوگرتنی دەسکەوتەکانی تا ئێستا و بە پێی ئەو بنەمایانە کە لەسەرەوە سەبارەت بە ستراتیژیمان لە کوردستان باسیان کرا، بەرەوپێش بردنی سیاسەتیکی دەورەیی دیاریکراو و دەکەوێتە دەستووری کارمانەوە.

بەگشتی لە تێکۆشانی حیزبی ئێمەدا لە کوردستان دەکری ٣ دەورەی جیاواز دیاری بکەین. دەورەی یەکەم، دەورەی پێش هەستانی بەرینی جەماوەرییان دەورەی ئێستایە، دەورەی دووهەم، دەورەی سەر هەڵدانی بزووتنەوەی ئیعتیرازی جەماوەری و سەر و بەندی ئیتلای شۆڕشگێرانەیە و دەورەی سێهەم دەورەی ئیتلای سیاسی و پەلاماری نیهاییە.

ئەم دەورەبەندییە گەلیك تەئسیری گرینگی لەسەر خەسلەت و تایبەتییەکانی ئەرکەکانمان هەیە و هەرکام لەم دەورانە ئەرك و جیهەت گیری تیابەت دەنینە دەستووری کارمانەوە.

### ١ - سەرخەتی ئەرکەکانی ئێمە لە دەورەی ئێستادا (پێش هەستانی جەماوەری)

١- پتەوکردنەوەی پەیوەندی کۆمۆنیزم و چینی کرێکار، ڕێکخستن و هێنانە مەیدانی چینی کرێکار و پەرەپێدانی شکلە جۆراوجۆرەکانی ئیعتیرازی چینایەتی، تەبدیل کردنی کۆمۆنیزم بە هێزیکی کۆمەڵایەتی و تەبدیل کردنی سازمانی کوردستانی حیزب بە ڕێکخراوی رابەران و تێکۆشەرانی راستەوخۆی بزووتنەوەی کرێکاری.

٢- پێك هێنانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە جۆرێك کە توانای خەبات و پاراستن و پەرەپێدانی یەکگرتوویی یان لە جەرگەی سەنگ و سووکی مەوجوودی نیوان هێزەکان دا هەبی.

٣- لێك هەڵپێکانی شکلە سەرەکییەکانی خەبا (ئابووری، سیاسی، نیزامی) لە سیاسەتیکی فشار هێنانی هاوئاهەنگ و چەند لایەنە بۆ سەر دەوڵەتی مەرکەزی. تەبدیل کردنی کۆمەڵە بەرابەری جم و جووڵی ئیعتیرازی خەڵك، تەبدیل کردنی رابەرانی کۆمۆنیست بە بابەرانی خاوەن نفووز لە ئاستی کوردستاندا.

٤- پاراستنی پتەوی و قودرەتی هێزی چەکداری کۆمۆنیستی، پەرە پی دانی تا ئەو جێگایە کە لەم دەورەیەدا ئیمکانی هەیە، پاراستن و بە هێز کردنی ئیستحکامی ئیدئولوژیك و سیاسی ئەو هێزە.

٥- بردنە سەری توانایی سیاسی و نیزامی بەرانبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی و باش کردنی بەردەوامی سەنگ و سووکی هێزە سیاسی و نیزامییەکان لەگەل بورژوازی مەحەللی و حیزبەکانیان.

٦- تەریك کردن و بە تاك خستەوەی سیاسی ئەحزابی بورژوازی، لاواز کردنی ئاسوی ناسیونالیستی بزووتنەوە بە قازانجی ئاسوی سوسیالیستی و دیموکراتیکی شۆڕشگێرانە.

٧- ئامادە کردنی رابەرانی جەماوەری و ئاژیتاتورە کۆمۆنیستەکان بۆ پەروەردە کردن و هیدایەت کردنی زەحمەتکێشان لە هەلومەرجی ئێستا دا و هەروەها هیدایە کردنی بزووتنەوەی بەرینی جەماوەری لە هەلومەرجی پەرەگرتنی بزووتنەوەی جەماوەری و ئیعتلای شۆڕشگێرانەدا.

٨- پەرە پێدانی ویست و داخوازە کرێکاری و دیموکراتیکەکان لە نیو کۆمەڵ دا و بردنە سەری زەرفییەت و ئامادەیی کرێکاران بۆ ئەوەی بکەونە سەرووی بزووتنەوەی ئیعتیرازی و حکوومەت کردن بە هۆی شووراکانەوە لە داهاتوودا.

٩- ..........

### ٢- سەرخەتی ئەرکەکانی ئێمە لە سەر و بەندی ئیعتلای سیاسیدا:

١- پەرە پێدانی خیرای هێزە چەکدارەکان بە هۆی پێك هێنانی ڕێکخراوە نیزامییە جەماوەرییەکانی سەر بە کۆمەڵە.

٢- پێشرەوی نیزامی و ئازاد کردنی ناوچەکان.

٣- ڕێکخستنی ئیعتیرازاتی بەرینی شارەکان و ئامادە بوون بۆ راپەرینی شارەکان بە پشتیوانی هێزی چەکداری شۆڕشگێر.

٤- پێك هێنانی شکلە سەرەتاییەکانی ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتی جەماوەری لە شارەکان و هەروەها لە دێهات.

٥- ئامادە بوون بۆ چەکدار کردنی کرێکاران و زەحمەتکێشانی شارەکان.

٦- بەتاك خستنەوەی جەرەیانی بورژوایی سازشکار و ناچار کردنیان بەوە کە بکەونە شوین بەشی پێشرەوی خەباتی شۆڕشگێران (پووچەل کردنەوەی بەند و بەست و معاملە و....)

٧- شکل دان بەرابەری جەماوەری راپەرین (واوەتر چوونی رابەری حیزبی لە مەسئوولییەتی حیزبی و تەبدیل بوون بە عناسری قودرەتی شۆڕشگێرانەی جەماوەری).

٨- .............

### ٣- سەرخەتی ئەرکەکانی ئێمە لە دەورەی ئیعتلای سیاسی، راپەرین و زۆربەی نیهاییدا

١- تێك شکاندن و رامالینی ئەرتەشی مەرکەزی بە راپەرینی شارەکان و پێشرەوی نیزامی هێزی چەکداری حیزبی و جەماوەری، گرتنی شارەکان.

٢- دامەزراندنی قودرەتی شوورایی لە ناوچەکان و شارەکا، پێش گرتن بەوە کە جیاتی ئورگانەکانی دەسەڵاتی مەرکەزی، کاربەدەستان و دام و دەزگاکانی محەللی بینەبان سەری خەڵك.

٣- راگەیاندنی رەسمی مەشرووعییەتی حکوومەتی شووراکانی خەڵك و زەمانەتی قانوونییەتیان بە هۆی میلیشیای چەکداری جەماوەرییەوە.

٤- چەکدار کردنی گشتی و ڕێکخستنی میلیشیای جەماوەری بە هۆی هێزی چەکداری کۆمۆنیستی. سپاردنی ئوتوریتەی میلیشیاکان بەدەست شووراکانی خەڵك.

٥- راگەیاندنی داخواز و بەرنامە ریفاهی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگییەکانی کرێکاران و یەك لەوانە گەلالەی کرێکاران بۆ لابردنی ستەمی میللی وەك قانوونی جاری لە کوردستان. بە دەستەوە گرتنی قانوون دانان، بەرێوەبردن و قەزاوەت کردنی لە لایەن شووراکانەوە.

٦- ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵ بە هۆی شووراکان و حاکمییەتی شوورایی.

٧- ...........

***

# گوزارشیك لە مەراسمی ڕۆژی کرێکار لە شارەکانی سنە و مهاباد

هەزاران کەس لە کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەری شاری سنە ڕۆژی جیهانی کرێکاریان جەژن گرت.

ڕۆژی هەوەڵی مانگی مەی ئەمساڵ، لە شاری سنە و دەوروبەری ئەم شارە چەندین مەراسمی جیاواز بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی هاوپشتی و هاوخەباتی جیهانی کرێکاران، بەرپا بوو. لە چەند گەرەکی شار، لە دەرەوەی شار، لەسەر کێوی "ئاویەر" و لە داوێنەکانی ئەم کێوە چەندین کۆبوونەوەی شکودار، بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و پیاوانی کرێکار و جەماوەری تێکۆشەری ئەم شارە بەرپا کرا. ئەم گوزارشەی خوارەوە، گوزارشێکی کورتی ئەم مەراسمانەیە.

میتینگی شکوداری دەبیرستانی "ڕەنج ئاوری" (رازی پێشوو)، کە چەندین هەزار کەس لە کرێکاران و زەحمەتکێشانی وشیار و خەڵکی تێکۆشەر بەشدارییان تێدا کرد، یەکێك لە شکودارترین مەراسمەکان بوو. کرێکارانی تێکۆشەری شاری سنە ماوەیەك بوو خەریکی تەدارەکی بەرپا کردنی جەژنی مانگی مەی ئەمساڵ بوون و دوای چەندین کۆبوونەوە لە بارەی چلونایەتی بەرپا کردنی ئەم جەژنە، تەسمیمیان گرت و بە دەست پێ کردنی چەند کاری پێویست، بەرەوپیری بەرپا کردنی مەراسمەکە چوون و خۆیان ئامادە کرد.

ڕژیمی دژی بەشەری "جمهووری ئیسلامی"ش بە وەری خستنی تەبلیغاتی شەر، هێنانە مەیدانی گەشتییەکانی کومیتە و "سارالله" بە بیانووی ڕەش بگیری و سەربازگیری و مانوری تری دژی کرێکاری و دژی ئینسانی، هەوڵی دا فەزای ترس و سام پێك بێنی و ورەی خەباتکارانەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش کز بکا و لە بەرپا کردنی مەراسمی سەربەخۆی کرێکاران بەرگری بکا.

بەڵام ئیقداماتی سەرکەوتوانەی ڕژیم نە تەنیا نەیتوانی بەری خۆنیشان دانی خەباتکارانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بگری، بەڵکوو نەفرەت و بێزاری کرێکاران و جەماوەری تێکۆشەری قووڵتر کرد و کرێکاران بۆ وەڵام دانەوەی قاتع بە مانورە دژی کرێکارییەکانی ڕژیم بەرپا کردنی چەندین جەژنی شکودار و یەکگرتوانە، سوورتر کرد.

چەند ڕۆژ پێش هەوەڵی مانگی مەی، ڕواڵەتی شار گۆڕا بوو. بە ئاشکرا دیار بوو لە هەموو گەرەکەکان و مەرکەزە کرێکارییەکان، کرێکاران بەرەوپیری بەرپا کردنی مەراسمی مانگی مەی دەچوون. ئەم وەزعە ترسی سەرمایەداران و دەم و دەزگای دەوڵەتی سەرکوتگەری پشتیوانیانی دوو هێندە کردبوو.

ڕۆژی ١٠ی مانگی گولان، یانی ڕۆژێك پێش جەژنی هەوەڵی مانگی مەی، شار، ڕەنگ و ڕواڵەتیکی زۆر نیزامی بەخۆیەوە گرتبوو. هەموو هێزەکانی ڕژیم بە کومیتە و سارالله و گەشتی نهێنی و موتور سوارەکانەوە، ڕژابوونە خیابان و گەرەك و کولانەکان و شوێن و مەرکەزە کرێکارییەکانیان خستبووە ژێر چاوەدێری خۆیانەوە.

بەڵام وشیاری کرێکاران ئەم پیلانەی پووچەڵ کردەوە. چەند ڕۆژ پێشتر نووسراوە و نەشرییە و تراکتەکانی حیزبی کۆمۆنیست بڵاو کرابوونەوە. نوێنەرانی کرێکاران حەوتوویەك پێشتر چووبوونە ئیدارەی کار و داوایان کردبوو شوێنیکی موناسبیان لە ئیختیار بنێن. ئیدارەی کار دوای کارشکەنییەکی زۆر ئاخری مەجبوور بوو دەبیرستانی "ڕەنج ئاوری" (رازی پێشوو) بنێتە ئیختیاریان. ئەم دەبیرستانە لە نێوان "کومیتەی ئینقلاب" و چەند مەقەری تری ڕژیم دا هەڵکەوتبوو. دوای مەعلوم بوونی شوێنی مەراسمەکە کرێکاران دەسبەجێ دەستیان بە ئامادە کردن و ڕازاندنەوەی سالونی مەراسمەکە کرد. زۆر تراکت و پوستەری کرێکاری و شۆڕشگێرانە لە سالونی مەراسم هەڵواسرا، کە لە سەر چەند دانەیان نووسرابوو: "کرێکارانی جیهان یەکگرن!"، "ئێمە کرێکارانی سنە پشتیوانی خۆمان لە کرێکارانی دنیا ڕادەگەیەنین"، "کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان پشتیوانی خۆیان لە خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی فەلەستین ڕادەگەیەنن" "چارەی ستەم لێ کراوان لە یەکیەتی و یەکگرتوویی یان دایە"، "ئێمە کرێکارانی کوردستان بۆمباران و مووشەك بارانی شارەکان مەحکووم دەکەین"، "بژی هەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکاران" لەسەر تراکتێك لە لایەن کرێکارانی فەسلییەوە نووسرابوو " ئێمە پشتیوانی خۆمان لە خەباتی کرێکارانی جیهان دەر دەبڕین کرێکارانی فەسلی". دەوروبەری تراکتەکان بە ئەستێرەی سوور ڕازابووەوە. هەروەها بڕیارنامەیەکی ٢٠ ماددەیی لە لایەن هەیئەتی بەرپا کردنی مەراسمەکەوە نووسرابوو و لە پێشدا پەسەند کرا بوو تا لە مەراسمەکەدا بخوێندرێتەوە. بەڕێوەبەری بەرنامە، سوخەنرانەکان، گرووهەکانی "ئینتزامات"، شانوگەری و سروودی مەراسمەکە و مەسئوولی دابەش کردنی شیرینی و کۆکردنەوەی یارمەتی ماڵی لە لایەن کرێکارەکانەوە دیاری کرابوون.

سەرەڕای ئەوە کە ئیدارەی کار بە دانستە، درەنگ شوێنی مەراسمەکەی بە کرێکاران ڕاگەیاند و دەرفەتیکی کەم بۆ ڕاگەیاندنی شوێنی مەراسمەکە بە کرێکاران و جەماوەری تێکۆشەری شار هەبوو، بەڵام کرێکاران بەوەکار خستنی ئیبتیکار و بە شێوەی جۆراوجۆر شوێنی مەراسمەکەیان بە کرێکارانی شار ڕاگەیاند و لە سەعاتی یەکی پاش نیوەڕووی ڕۆژی ١١ی مانگی گولانەوە تا سەعات ٣ی ئەو ڕۆژە چەندین هەزار کەس لە کرێکاران و جەماوەری تێکۆشەر لە دەبیرستانی "ڕەنج ئاوری" کۆبوونەوە.

سەعات ٣ی پاش نیوەڕو، بەڕێوەبەری مەراسمەکە دوای بەخێر هاتن کردنی حازران ڕیزی بەرنامەی ڕاگەیاند و مەراسم بە سروود و دەقیقەیەك بێ دەنگی و هەستانە سەر پێی حازران بۆ ڕێزگرتن لە یادی کرێکارانی گیان بەخت کردووی شیکاگوو هەموو ئەو کرێکارانەی کە لە سەر کارگیانیان لە دەست داوە، دەستی پێکرد و لە دواییش دا پەیمامی هەیئەتی بەرپا کردنی مەراسمی هەوەڵی مانگی مەی خوێندرایەوە. پاش ئەوە یەکێك لە سوخەنرانەکان لە بارەی ٤٠ سەعات کار و دوو ڕۆژ تەعتیلی لە حەوتوودا قسەی کرد و دوای ئەویش سوخەنرانیکی دیکە لە سەر بیمەی بێکاری بۆ هەموو بێکارانی ژن و پیاوی بانتر لە ١٨ساڵ قسەی کرد. دوای بڵاوبوونەوەی چەند سروود و گۆرانی کوردی سوخەنرانی سێهەم سەبارەت بە تاریخچەی هەوەڵی مانگی مەی و گیان بەخت کردنی کرێکارانی شیکاگو قسەی کرد. سوخەنرانی چوارەم پاش بڵاو بوونەوەی چەند گۆرانیتر، لە سەر بیهداشت لە ناو کارگاکان و تەفرەقەیەك کە سەرمایەداران و خاوەن کاران لە نێو ڕیزی کرێکاراندا پێکی دێنن، سوخەنرانی کرد. هەموو ئەو کەسانەی سوخەنرانی یان کرد لەگەڵ پیشوازی گەرم و گوڕی حازران بەرەورووو بوون و هەرکامەی چەند جار چەپڵەیان بۆ لێ درا. دوای سوخەنرانییەکان شانوگەرییەك پێشکەش کرا بە نێوی "شیرینی فرۆش" و پاشانیش شانوگەرییەکیتر کە نیشانی دەدا کرێکارانی بلووك زەنی چوون سندووقی ماڵی پێك دێنن، پێشکەش کرد.

نوێنەریکی ئیدارەی کار کە لە لایەن ئەم ئیدارەوە بۆ بەشداری و سوخەنرانی لە مەراسمەکەدا ناردرابوو، نەی ویرا بچێتە ناو کوری کرێکاران و لە ماوەی مەراسمەکەدا لە دەرەوەی شوێنی مەراسمەکە ڕاوەستابوو و ئاخریش چونکوو ئەم وەزعەی بە دڵ نەبوو قسەی نەکرد و پێش کوتایی مەراسمەکە ڕویشت. یەکێك لە کرێکاران لەم بارەوە وتی: "ئەمڕۆ، ڕۆژی ئێمەی کرێکارە و هیچ نوێنەریکی دەوڵەت و ئیدارەی کار ناتوانن لەم مەراسمەدا دەخالەت بکەن" و پاشان بە دەنگی بەرز وتی: "ئەوان ناوێرن قسەی دڵ و دەرد و مەرگ و موشکلەکانی ئێمە ببیستن و بیان بینن".

لە بەشی ئاخری بەرنامەدا بڕیارنامەی ٢٠ ماددەیی کرێکاران، لە کۆبوونەوەدا خوێندرایەوە و حازران بە چەپڵە لێدان تەئییدیان کرد. دوای خویندنەوەی بڕیارنامەش، کوری سروودی تازەلاوان، سروودی کرێکاری هەوەڵی مانگی مەی (یەکی ئەیار) یان پێشکەش کرد. لە ماوەی ئەم مەراسمەدا شیرینی لە ناو بەشدار بوانی مەراسمەکەدا بڵاو دەکرایەوە. ئەم شیرینییە کە کرێکاران کریبوویان، لە کاغەزیکی تایبەتەوە پێچرابوو کە لە سەری نوسرابوو: "ڕۆژ جیهانی کرێکارتان لێ پیرۆز بێ!" هەروەها لە پێشدا چەند گرووە لە لایەن کرێکارانەوە دیاری کرابوون کە شیرینی یان بردە گەرەکەکانی شار و لەوێ بڵاویان کردەوە. ئەم مەراسمە سەعات ٥و٤٥ دەقیقە، لە نێو شەوق و شادمانی کرێکاران دا کوتایی پێ هات و کرێکاران لە حالیکدا کە لە بەرپا کردنی ئەم میتینگە شکودارە هەستیان بە سەرکەوتن دەکرد گەڕانەوە ماڵی خۆیان.

## مەراسمی ڕۆژی کرێکار لە گەرەکەکان و کێوی "ئاویەر"

جگە لە متینگی مەدرەسەی "ڕەنج ئاوری"، کرێکاران لە زۆر گەرەکی کرێکارنشین و چەندین خیابان و داوێنی کێوی "ئاویەر"یش، لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی خانەوادەگی و کۆبوونەوەی سەدان کەسیدا جەژنی هەوەڵی مانگی مەیان بەڕێوە برد. خیابانەکانی "مەردوخ"، "سیروس"، گەرەکەکانی "حاجی ئاوا"، "کانی کووزەڵە"، "گولشەن"، "تەق تەقان"، "عەباس ئاوا"، "شەریف ئاوا" و "کانی ماماتکە"ی "ئاویەر" مەراسمیان تێدا بەڕێوە چوو. لە زۆربەی ئەم مەراسمانەدا کرێکاران گوڵ و شیرینی یان دەبردە شوێنی بەرپا بوونی مەراسمەکە و پیرۆزبایی یان لێك دەکرد و بە سروود و سوخەنرانی لە سەر ڕۆژی هەوەڵی مانگی مەی و هەژاری و بەش مەینەتی و ژیانی کرێکاران، ڕێزیان لە ڕۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار گرت و لە نێوان مەراسمەکاندا گوێیان دەدایە بەرنامەی تایبەتی دەنگی شۆڕشی ئێران. لە دوو مەراسمەدا زیاتر کچانی لاو و ژنان و مەندالەکانیان بەشدارییان تێدا کردبوو، کە لە یەکێك لەم مەراسمانەدا جگە لە شیعر و سروودی شۆڕشگێرانە و سوخەنرانی لەسەر هەوەڵی مانگی مەی و ژیانی کرێکاران، لە سەر ڕزگاری ژنان و بەشداری کردنی هەرچی زیاتریان لە خەباتی چینی کرێکار دا قسە و باس کرا. لە مەراسمیکیتردا سەبارەت بە پشتیوانی لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان سوخەنرانی کرا.

لەسەر بەرزاییەکان کێوی "ئاویەر"یش ڕۆژی پێش هەوەڵی مانگی مەی ئالای سوور هەڵدرا و لە ڕۆژی یەکی ئەیاریش دا لە سەر ئەم کێوە لە شوێنیك بە نێوی "کانی ماماتکە" مەراسمیك بەرپا کرا و پاش سروود و سوخەنرانییەکان، لە کوتایی مەسارمەکەدا لاوان دەستیان کرد بە شادمانی و هەڵپەرکی و ئێوارەش دوای خۆ ئاوا، بە هەڵ کردنی ٩ ئالقەی ئاگر، لەسەر بەرزاییەکانی "ئاویەر" و داوێنەکانی ئەم کێوە کە دەڕوانێتە سەر شاری سنە، جاریکی دیکە ڕێزیان لە جەژنی جیهانی کرێکاران گرت.

### بڕیارنامەی کرێکاران سنە یەکی ئەیاری ١٣٦٧
### کرێکاران، زەحمەتکێشان، هاورێیانی هاوچارەنووس!

ئەمڕۆ ١٠٢ ساڵ لەتەمەنی پرایەخی یەکی ئەیار _ ڕیکەوتی ١١ی گولان _ ڕۆژی جیهان چینی کرێکار تێپەر دەبێ، چینێك کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرەو ئەوە دەچێ لەسەرتاسەری جیهان دا شاهیدی بەرەسمییەت ناسرانی خۆی و داخوازە ڕەواکانی بێ. چینێك کە تاقە زامنی گەیشتن بە ئامانجەکانی، هاوپشتی و یەکگرتوویی ڕیزە میلیونییەکانی خۆیەتی.

ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار ڕۆژێکە کە هەموو کرێکارانی جیهان لەگەڵ یەکتر عەهد و پەیمان تازە دەکەنەوە کە تا گەیشتن بە ئامانجە واقیعییەکانی خۆیان، خەباتی بێ وچانیان درێژە پێ بدەن.

ئێمە کرێکارانی کوردستان پێ بە پێی چینی کرێکاری جیهان ئەمساڵیش بە بەرپا کردنی جەژنی یەکی ئەیار سەر لە نوێ پەیمان تازە دەکەینەوە و جاریکیتر لە سەر داخوازە کرێکارییەکان پێ دادەگرین و لەم ڕۆژە پیرۆزە دا بڕیارنامەیەك کە ٢٠ ماددەیە بە هەموو کرێکارانی کوردستان ڕادەگەیەنین و لیبراوانە ئیعلام دەکەین کە ئێمە کرێکارانی کوردستان داواکاری ئەوانەین:

١- داواکاری بەرەسمییەت ناسران و تەعتیلی ١١ی گولان ڕۆژی جیهانی چینی کرێکارین.

٢- داواکاری بەرەسمییەت ناسرانی ڕێکخراوە کرێکارییەکانین لە شوورا و سەندیکا و ئیتحادیە و کومیتەی چارەسەر کردنی کیشەی نێوان کرێکاران و کارفەرمایان بە حوزووری نوێنەری واقیعی کرێکاران.

٣- داواکاری پێك هینانی کاری موناسبین بۆ هەموو ژنان و پیاوانی بێکاری وڵات کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ زیاتر بێ.

٤- داواکاری بەرابەری ژنان و پیاوانین لە هەموو مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا.

٥- داواکاری قەدەغەی کاری کرێکارانی کەمتر لە ١٨ ساڵین لە هەموو واحیدەکانی بەرهەم هێنان دا.

٦- داواکاری قەدەغەی هەرچەشنە زیدەکاری و شەوکارییەکین لە هەموو واحیدەکانی بەرهەم هێنان و غەیری بەرهەم هێنان دا مەرگەر کاری پێویست بێ بۆ کۆمەڵ ئەویش بە حقووق و مەزایای دووبەرابەرەوە.

٧- داواکاری زیاد بوونی حەقدەستی کرێکارانین بە لەبەر چاو گرتنی گرانی، و داواکاری دانی لانی کەمی حەقدەست بە پێی خەرجی خانەوادەیەکی ٥ کەسین.

٨- لانی کەمی حەقدەستی کرێکاران بە لەبەر چاو گرتنی گرانی و خەرجی خیزانیکی ٥ کەسی دەبێ لە لایەن نوێنەرانی واقیعی کرێکارنەوە دیاری بکرێ.

٩- داواکاری بەڕێوەچوونی ٤٠ سەعات کار و ٢ ڕۆژ تەعتیلی لە سەریەکین لە حەوتوودا.

١٠- داواکاری پێك هێنانی مەجال و ئیمکانی خوێندنین بۆ منداڵانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە خەرجی دەوڵەت هەتا تەمەنی ١٨ ساڵان.

١١- داواکاری مەسکەنی موناسب، بهداشت و تەعاونی مەسرەف لە شوێنی موناسب بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشانین.

١٢- داواکاری قەدەغەی دەرکردنی کرێکاران و کەم کردنەوەی هەقدەستین لە لایەن خاوەن کارەوە بە بیانووی سەربازی.

١٣- داواکاری پێك هێنانی بیمەی بێکارین بۆ هەموو بێکارانی وڵات بە ژن و پیاوەوە کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ زیاتر بێ.

١٤- داواکاری هەڵوەشاندنەوەی ماددەی ٣٣ی قانوونی کارین کە ئیجازەی هەرچەشنە دەرکردنیکی کرێکارانی بە بێ دانی خەرجی موناسب، بە خاوەن کارەکان داوە.

١٥- داواکاری ئەوەین لە هەموو واحیدەکانی بەرهەم هێنان و غەیری بەرهەم هێنان دا ڕۆژانی مەرەخەسی بۆ کرێکاران زیاد بکرێ و لە ١٢ ڕۆژەوە بکرێتە ٣٠ ڕۆژ.

١٦- داواکاری ئەوەین ئیمکاناتی وەرزشی بۆ هەموو کرێکاران لە شوێنە کرێکارییەکان پێك بهێنرێ.

١٧- داواکاری قەدەغەی هەرچەشنە جەریمە کردنیکی کرێکارانین لە لایەن خاوەن کارەکانەوە بە بیانووی جۆراوجۆر.

١٨- ئەگەر ژنان نیوەی کۆمەڵن، ئێمە داواکاری مەهدی کوودەك، شیرخورگە،

⇦

مەرەخەسی کافی لە دەورانی دووگیانی دا و پێک هێنانی جلشوورخانە لە شوینی کار و ژیانین.

۱۹– ئێمە کرێکارانی کوردستان پشتیوانی لیبراوانەی خۆمان لە خەباتی حەقخوازانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی فەلەستینی لە دژی ئیسراییل و ئەمپریالیزم، رادەگەیەنین.

۲۰– ئێمە کرێکارانی کوردستان هەرچەشنە هێرشیك بۆ سەر شارەکان لە دژی خەڵکی بی دیفاع، بە توپ باران و مووشەك باران و بومبارانی شیمیایی بە توندی مەحکووم دەکەین.

بژی یەکی ئەیار – ۱۱ی گولان – رۆژی جیهانی کرێکار

بە هێز و توانا تر بی خەباتی کرێکاران بۆ بەسەمەر گەیاندنی ئامانجەکانیان

کرێکارانی کوردستان

## کرێکاران و زەحمەتکێشانی مهاباد لە کۆر و کۆمەڵ و کۆبوونەوەکانی خۆیاندا، رۆژی جیهانی کرێکاریان جەژن گرت.

لە چەند رۆژ پێش هەوەڵی مانگی مەیەوە، کرێکاران و زەحمەتکێشانی چەند گەرەك و مەرکەزی کرێکاری، خەریکی تەدارەك و بەرپا کردنی ئەم جەژنە بوون.

رۆژی هەوەڵی مانگی مەی روالەتی شار گورا بوو و ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران و زەحمەتکێشان و قەفەسەداران و دەستفرۆشانی خاوەنی داشقەی دەستی، دەستیان لە کار هەڵگرت و لە کۆر و کۆمەڵی گەورە و چکولەدا کۆبوونەوە و جەژنی هەوەڵی مانگی مەیان بەرێوە برد. ئەوان لەسەر گرینگی ئەم رۆژە و خەباتی هاوبەشی چینی جیهانی کرێکار و ئەرکەکانی سەرشانی کرێکاران قسە و باسیان کرد و بلاوکردنەوەی شیرینی لە کۆر و کۆمەڵ و کۆبوونەوەکانیان دا، ئەم رۆژەیان جەژن گرت.

هەروەها لەم رۆژەدا بەشیك لە خەڵکی شاری مهابادیش بە تەعتیل کردنی کار و بلاو کردنەوەی شیرینی و ...، پشتیوانی خۆیان لە رۆژی جیهانی کرێکار نیشان دا.

## مەراسمی رۆژی کرێکار لە گەرەکی مەیدانی حەیوان

ئەم گەرەکە کە یەکیك لە گەرەکە کرێکارینشینەکانی شاری مهابادە، رۆژی هەوەڵی مانگی مەی پر لە شور و شەوق و جم و جوولی یەکگرتوانە بوو کە کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئەم گەرەکە بە عەزم و ئیرادەی خەباتکارانەی خۆیان، لە دژی نیزامی سەرمایەداری هێنا بوویانە کایەوە. کرێکاران و خانەوادەکانیان، دەستفرۆشان و سی چەرخەدارانی نیشتەجێی ئەم گەرەکە، لە رۆژانی پێش ۱۱ی مانگی گولان دا یەکگرتوانە تەسمیمیان گرت کە رۆژی هەوەڵی مانگی مەی یەکپارچە و بە تێکرا کار تەعتیل کەن و مەراسمی سەربەخۆی خۆیان، بەرپا بکەن و بەم جۆرە هاوپەیمانی و هاوخەباتی و هاوچارەنووسی خۆیان لەگەل کرێکارانی دیکەی جیهان رابگەیەنن.

بەیانی رۆژی هەوەڵی مانگی مەی، کرێکارانی نانەواخانەکان، دەستفرۆشان و قەفەسە دارانی ئەم گەرەکە کاریان تەعتیل کرد و لە سەعات ۱۰ی بەیانییەوە لە کۆر و کۆمەڵ و مەجلیسی گەورە و چکولە و هات و چووی خانەوادەگی خۆیان دا. ئەم جەژنەیان بەرێوە برد و ویرای دانانی شیرینی و شەربەت و چا، لەسەر رۆژی کرێکار و پێویستی بەرپا کردنی مەراسمی ساڵیانە و سەربەخۆی کرێکاری قسە و باسیان کرد.

بەشیکی تر لە کرێکاران بۆ ریزگرتن لە یادی گیان بەخت کردوان لە گورستانی ئەم شارە لە سەر گوری گیان بەخت کردوان کۆبوونەوە. بەکرێگیراوانی جمهووری ئیسلامی بە بیانووی سەربازگیرییەوە هێرشیکی درندانەیان کردە سەر کرێکاران و ژمارەیەکیان لی گرتن.

هەروەها لەم، رۆژەدا ژمارەیەك لە کرێکارانی ساختمانی کە لە چەند شوینی گەرەکی "کوی فەرهنگیان" کاریان دەکرد، لە دەوری یەك کۆبوونەوە و لە سەر رۆژی کرێکار و پێویستی یەکیەتی و یەکگرتوویی کرێکاران و پێویستی خەبات لە دژی ئەم وەزعە، قسە و باسیان کرد.

## مەراسمی رۆژی کرێکار لە سەیرانگەی "شیخە رەش"

ژمارەیەك لە کرێکاران و زەحمەتکێشانی شاری مهاباد و چەند مەنتەقەی دیکە، لە سەیرانگەی "شیخە رەش" لە نزیك جلدیان، کۆبوونەوە و رۆژی یەکی ئەیاریان جەژن گرت. لەم مەراسمەدا کرێکاران لە سەر گرینگی رۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار و پێویستی یەکگرتوویی کرێکارن لە دژی سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان قسەیان کرد.

بەکرێگیراوانی جیگیر لەم سەیرانگایە ویستیان مەراسمەکە تیك بدەن و کرێکاران لەگەلیان دەرگیر بوون. ئەم دەرگیری و تیك هەڵچوونە تا ئەوکاتەی کە هێزی کومەکی بەکرێگیراوان گەیشتنە شوینی دەرگیری، هەروا ئیدامەی هەبوو و دوای ئەوە کرێکاران و زەحمەتکێشان شوینی مەراسمەکەیان بەجێ هیشت.

***

# راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە مەوقعیەتی ئێستای حیزبی دیموکرات و کوتایی تیك هەڵچوونی ناوخۆیی لە کوردستان

کرێکاران و زەحمەتکێشان!

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

بوحرانی سیاسی و بن بەستی عەمەلی حیزبی دیموکرات، ئەو حیزبەی تووشی ئینشعاب کردوە و ئێستا سەر لی شیواوی و ئالوزی سەرتاپای بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم جەرەیانەی داگرتوە. کێشە و یەکتر لەقاودانی باڵەکان و دەستەبەندییەکانی ئەم حیزبە بە راشکاوییەکی توخ و بی پەردە مەوقعییەت و روخساری حیزبی دیموکرات لە هەرزەمانیکی دیکە زیاتر ئاشکرا بووە.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی دوو لایەنی ئەم کیشەیە ئیددیعای دەکەن، وەزعییەتی ئێستا و بوحرانی قووڵی حیزبی دیموکرات رووداویکی لە ناکاو نیەکە لە ئاخرین کونگرەی ئەم حیزبەدا و بە هۆی مەقام پەرستی ئەم و باندبازی ئەو، سەرەرویی ئەم و بی ئوسوولی ئەو، یان شتیتری لەم چەشنە رووی دابی. چارنووسی حیزب و هێزە سیاسییەکان بەر لە هەموو شتیك لە مەوقعییەتی ئەو حیزب و هێزانە لە مەیدانی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵدا دەوەشێتەوە. بوحران و بن بەستی حیزبی دیموکرات لە بناغەدا رەنگدانەوەیەکە لەو راستییە کە کرێکار و زەحمەتکێشی کورد بە ویست و داخوازەکانی خۆیەوە، بە ئالای خۆیەوە، بە رێکخراوە و حیزبی خۆیەوە پێی ناوەتە مەیدان و بووەتە هێزی بزووینەری جوولانەوە لە کوردستان. بوحرانی حیزبی دیموکرات رەنگدانەوەی ئەو واقعییەتەیە کە لە دلی پەیوەندەکانی سەرمایەداری دا چینی کرێکار وەزنیکی کۆمەلایەتی و سیاسی ئەوتوی پەیدا کردوە کە ئیتر دەتوانی ببێتە کۆڵەکەی هەموو ئاڵ و گۆرە کۆمەلایەتییەکان. دواکەوتوویی لە میژینە و خورافات و بەرچاو تەنگی کونەپەرستانە بەرانبەر بە سەر هەڵدان و گەشەی ئەم چینە پێشرەوە لە رەنگ و رواڵەت دەکەون و هەموو ئەو حیزب و جەرەیانانە کە بوون و نەبوونی خۆیان بەم دواکەوتوویییانە وەرگری دەدەن، بەرەو فەوتان و تەریك مانەوە دەکێشرین. رەوتی گەشەی وشیاری سیاسی کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێش و هاتنە گۆری شیعار و داخوازە دیموکراتیك و سوسیالیستییەکانی چینی کرێکار لە کوردستان، لە هەمان حالدا رەوتی نشست و تەریك مانەوەی ئەم حیزبە بووە. حیزبی دیموکرات وەك جەرەیانیك کە ئیتر هی رابوردووی کۆمەڵی کوردستانە، وەك جەرەیانیك کە نە دەیتوانی لە مەسەلە تازەکانی جوولانەوە و کۆمەڵ تیبگا و نەتوانی ئەوەی بوو جوابیان پی بداتەوە و رێگای چارەسەر کردنیان بۆ بنوینی، کێشرایە تەریکی و بورحانەوە.

حیزبی دیموکرات واقعییەتی گوردراوی کۆمەڵی کوردستانی حاشا لی کرد و لە بەرانبەریدا وەستا. حیزبی دیموکرات ئەو واقعییەتەی وەر نەگرت کە کوردستانی ئەمرۆ، کوردستانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جوولانەوەی ئەمرۆ، جوولانەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشانە. حیزبی دیموکرات تەنانەت هەبوونی چینی کرێکاری لە کوردستان حاشا لی دەکرد و لە بەرانبەر کرێکار و زەحمەتکێشی کورددا، لە بەرانبەر داخواز و ئامانجەکانیدا و سەرەنجام لە بەرانبەر حیزبە سیاسییەکەی دا راوەستا و ئەمرۆ تاوانی ئەو کورت بینی و کەللەویشکییە دەبژیری.

بۆ دەرهاتن لەو بن بەست و تەریك مانەوە سیاسییە بوو کە حیزبی دیموکرات لە ۲۵ی خەزەلوەری ٦۳ دا پەلاماریکی چەکدارانەی گەلالە دارژراوی کردە سەر واحیدەکان و بنکەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە. پیلانی چەکدارانە لە دژی کۆمەڵە لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە تازە نەبوو بەڵام ئەو شتە کە دەورەی دوایی لە دەورەکانی پێشوو جیا دەکردەوە، ئەوە بوو کە ئەم جارە حیزبی دیموکرات پێی نابووە مەیدانی شەریکی سەرتاسەری و تەواو و کەمال لە دژی کۆمەڵە. رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات پێی وابوو کە دەتوانی بە زەبری چەك و رەوتی بەرەوپێش چوونی حیزب و چینی پێشرەو لە کوردستان و هەروەها رەوتی فەوتان و تەریك مانەوەی سیاسی خۆی شل کاتەوە. حیزبی دیموکرات بە مەبەستی تەنگەبەر کردنی مەیدانی تێکۆشانی ئازادانەی کۆمۆنیستی و ترساندنی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان دەستی دایە شەر لە دژی کۆمەڵە و لەو ماوەیەدا بێجگە لەوەی هەموو توانای نیزامی خۆی لە دژی کۆمەڵە خستە کار، پەنای بردە بەر وەسیلەیتری وەك مەزهەب و ناسیونالیزمی بەرچاو تەنگ و ئەخلاقییاتی دواکەوتوو دەرحەق بە ژنان و شتیتری لەم بابەتانە و هەوڵی دا پشتیوانی مادی بۆ دەسدرێژییە نیزامییەکەی بۆ سەر کۆمەڵە، لە ناو بەرەی کونەپەرستی کوردستان دا پێکەوە بنی.

بەڵام واقعییاتی سەرسەختی ئاڵ و گۆرەکان لە کۆمەڵی کوردستان دا و پشت بەستنی کۆمەڵە بە هێزی کرێکار و زەحمەتکێشی وەخەبەر هاتووی کورد، هەموو رۆژیك زیاتر لە رۆژی پێشوو بی سەمەربوونی ئەم هەول و تەقالایەی بە رێبەرانی حیزبی دیموکرات حالی دەکرد. ئەم شەرە و هاتەران بیژیو سەر لی شیواوی سیاسی و تەبلیغاتی حیزبی دیموکرات بە درێژایی شەر، لە تاقیکردنەوەیەکی زیندووی سیاسی دا ئەم حیزبەی زیاتر لە جاران بە خەڵك و بە تایبەت بە زەحمەتکێشانی کوردستان ناساند.

ئێمە بە درێژایی ئەو دەورەیە گەلیك جار لە حیزبی دیموکرات مان داوا کرد کە لە دوژمنایەتی قەهراوی لەگەل کرێکار و زەحمەتکێشی کورد و لە شەراشویی چەکدارانە لەگەل هێزیك کە ئالای ئامانجەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانی هەڵکردوە و لە قوولایی دلی زەحمەتکێشانی کوردستاندا جێی کردوەتەوە، دەست هەڵگری. ئێمە گەلێك جار لە حیزبی دیموکراتمان داوا کرد بۆ دیموکراسی لە کوردستان و بۆ هەلومەرجی تێکۆشانی ئازادانەی زەحمەتکێشان و ئەو هیزە و حیزبانە کە لە کوردستانن، ریز دابنی. ئێمە بە حیزبی دیموکرات مان راگەیاند کە ناتوانی بە زۆری چەك، کۆمەڵە لەسەر حیسابی سیاسەتەکان و ئامانجەکانی خۆی وادار بە سازان بکا و رامان گەیاند کە ئەم تەقالایە بێجگە لە زەرەرگەیاندن بە جوولانەوەی گەلی کورد لە بەرانبەرکی لەگەل جمهووری ئیسلامی دا و بێجگە لە ریسوا بوون و تەریك کەوتنەوەی سیاسی بەرهەمیکی تری بۆ حیزبی دیموکرات نابی. ناکامی یەك لە دوای یەکی نیزامی حیزبی دیموکرات لەشەر لەگەل کۆمەڵە دا و ئەمرۆ کەش ئینشعات و بوحرانی ئەو حیزبە، حەقانییەت و دروستیپێش بینییەکانی ئێمەی بە ئیسبات گەیاندوە.

کۆمەڵە بەرانبەر بە سیاسەتی سەر خوازانە و کونەپەرستانەی حیزبی دیموکرات لیبراوانە راوەستا. مەبەستی ئێمە ئەوە بوو بی سەمەربوونی ئەم سیاسەتە بۆ حیزبی دیموکرات ئیسبات بی و هەلومەرجیکی وا پێك بی کە تێیدا هێزەکانمان بتوانن بە دوور لە موزاحەمەت کردنی حیزبی دیموکرات خەریکی کار و باری ئەساسی خۆیان یانی خەبات لە دژی رژیمی کونەپەرستی جمهووری ئیسلامی بن. ئەمرۆ حیزبی دیموکرات لە باری هێز و توانای عەمەلی خۆیەوە بەو جێگایە گەیشتوە کە ئیتر ناتوانی موزاحەمەتیکی ئەوتو لە سەرریی کۆمەڵەدا پێك بینی. بەم بۆنەوە لە بەر ئەوە کە مەبەستی ئێمە تولە کردنەوە لە حیزبی دیموکرات نیە بەڵکوو مەبەستمان گەیشتن بە هەلومەرجیکی وایە کە تێیدا دیموکراسی لە کوردستان بۆ وشیار کردنەوە و رێکخستنی چینی کرێکار بەرقەرار بی و مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش و تێکۆشانی ئازادانەی حیزب و هێزە سیاسییەکان دەسدریژی نەکرێتە سەر، هەروەها لە بەر مەسلەحەتی جوولانەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە رژیمی جمهووری ئیسلامی، لە تاریخی دەرچوونی ئەم راگەیاندنەوە لە لایەن خۆمانەوە لەگەل هەر دووبەشی جەرەیانیك کە بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کار دەکەن، ئاگر بەس و کوتایی شەر رادەگەیەنین.

ئەوەش زیاد دەکەین کە "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران _ رێبەرایەتی شۆرشگێر" ئەم دواییانە لە راگەیاندنیك دا بەش بە حالی خۆی کوتایی شەر لەگەل کۆمەڵەی راگەیاندوە. ئێمە ئەم کارە بە هەنگاویکی موسبەت دەزانین. راگەیاندنی کوتایی شەر لە هەر دوو لاوە ئیمکانی ئەوە پێك دینی کە دوو لایەن پەیوەندەکانی خۆیان بە شیوەی هیمنانە و لە فەزایەکی تەفاهوم دا و لەسەر بناغەی ری و شوینی دیموکراتیك دیاری بکەن.

سیاسەتی ئێمە بۆ راگەیاندنی یەك لایەنەی ئاگر بەس، لە سەر بناغەی بەر پرسایەتی کۆمەڵە لە بەرانبەر جوولانەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان دا و لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندی خەباتی سەراسەری لە دژی جمهووری ئیسلامی دانراوە. ئێمە رادەگەیەنین مادام هەر جەرەیانیك لە حیزبی دیموکرات لە دژی کۆمەڵە دەست بۆچەك نەبا و بە زوری چەك کوسپ نەخاتە سەر رێگای رێکخراوبوون و تێکۆشانی سیاسی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەش لە دژی دەست بۆ چەك نابا.

لەهەمان حالدا لەو بەشە لە حیزبی دیموکرات کە لە ژیر ناوی کونگرەی هەشتەم دا کاردەکا و هیشتا سیاسەتی درێژە پێدانی شەر لەگەل کۆمەڵەی نەناوەتە لاوە داوا دەکەین کە لەمە زیاتر بەرانبەر بە داخوازی کۆمەلانی خەڵك نەوەستی و کوتایی پی هاتنی شەر و ئەسلی ریزدانان بۆ دیموکراسی لە کوردستان قەبوول بکا.

کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران _ کۆمەڵە

۳ی گولانی ۱۳٦۷

***

# خەباتی جەماوەری

## خەبات لە دژی سەربازگیری و شەر

لە ماوەی چوار مانگی رابوردوودا خەبات لە دژی سەربازگیری رژیم یەکیك لە مەیدانە گرینگەکانی خەباتی جەماوەری خەڵکی شار و دیهاتی کوردستان بووە. ئەم خەباتە بە شیوەی جۆراوجۆری وەك: خو بە دەستەوە نەدان، هەلاتن لە سەربازی، شاردنەوەی مەشموولەکان و دەرباز کردنیان، موقاوەمەت و ئیعتیرازی بە تێکرا و هێرش بردن بۆ سەر هێزەکانی رژیم و ئازاد کردنی گیراوەکان و شیوەی‌تر بەرێوە چووە. ئەمەی لە خوارەوە دەی بینن گوشەیەکی بچووکی ئەم خەباتەی خەڵکی کوردستانە لە دژی سەرباز گیری و جمهووری ئیسلامی لە کوردستان:

### بانە:

* خەڵکی تێکۆشەری شاری بانە لە رۆژەکانی هەوەڵی بەهاردا پەلاماریان بردە سەر بەکریگیراوانی رژیم و سەرەرای تەقەی بەکریگیراوان هێرشی ئەوانیان بۆ رەش بگیری پووچەل کردەوە و بە کۆبوونەوەی خۆیان لە بەر پاسگای مەرکەزی رژیم فەرماندەی ئەم پاسگایەیان ناچار کرد مەعزەرەتیان لی بێنێتەوە.

* رۆژی ٢ی مانگی گولانیش هێرشی رژیم بۆ رەش بگیری لاوەکان بە وشیاری و ئیعتیرازی خەڵکی تێکۆشەر، پووچەل کرایەوە.

* رۆژی ٩ مانگی گولان خەڵك بە ئیعتیرازی یەکگرتووی خۆیان بەکریگیراوانیان ناچار کرد کە گیراوەکان ئازاد بکەن.

* هەر لە ئاخری ئەو مانگەدا خەڵك بە وشیاری و ئاگادار کردنی مەشموولان و شاردنەوەیان، هێرشی رژیم بۆ سەربازگیری پووچەل دەکەنەوە و بە پەلاماری جەسوورانە بۆ سەر بەکریگیراوان لە گەرەکی "بانە کۆن" ٤ گیراوی ئەم کەرەکە ئازاد دەکەن.

* هەروەها لە ئاخری مانگی گولان دا مەشموولەکان و خەڵکی تێکۆشەر و هەول و تەقالای رژیم و ئیمام جومعەی ئەم شارە، بە نەچوون بۆ سەربازی و بەرەکانی شەر، لەگەل ناکامی رووبەروو دەکەن.

* بەکریگیراوانی رژیم لە ماوەی ئەم چوار مانگەدا بۆ رەش بگیری لاوەکان دیان هێرشیان بۆ سەر ئاواییەکانی ئەم ناوچەیە سازمان دا و بە گەمارۆی شەوانە، مالان گەران و ئەزیەت و ئازاری خەڵك و تەنانەت گرتنی خانەوادەی مەشموولەکان یان هەموو پیاوانی ئاوایی ویستیان ناچاریان بکەن بچنە سەربازی رژیم بەلام موقاوەمەت و ئیعتیرازی خەڵك و مەشموولەکان سیاسەتی سەربازگیری رژیمی لەم دێهاتە پووچەل کردەوە.

* خەڵکی دێهاتی "ورچەك"، "بۆیەنی خواروو"، "هەنجیلە"، "دەوسینە"، "چێچوران"، "بژی"، "کیوەرو" و "سەیران بەند" بە موقاوەمەت و ئیعتیرازی یەکپارچەی خۆیان، لە سەرەتای سالی تازەدا، هێرشی رژیمیان لەگەل ناکامی و شکست روبەروو کرد.

* خەڵکی ئاواییەکانی دوو بەشی "بناری سوورکیو" و "پشت ئاربابا" لە نیوەی هەوەڵی مانگی گولان دا، بە موقاوەمەت و خەباتی خۆیان هەول و تەقالای هێزەکانی رژیمیان بۆ رەش بگیری پووچەل کردەوە.

* بەکریگیراوان لە ئاوایی "کانی بەن" بە هۆی وشیاری و موقاوەمەتی خەڵك و مەشموولەکانەوە سەرەرای گەمارۆی ئاوایی و پشکنینی مالان و تەنانەت گرتنی خانەوادەی مەشموولەکان، نەیانتوانی کەس بگرن و سەر شورانە گەرانەوە.

* لە ٢٧ تا ٢٩ی مانگی گولان، رژیم بە هێزیکی یەکجار زۆرەوە کە لە شاری سنە و شارەکانی‌ترەوە هێنابووی، بە مەبەستی سەربازگیری هێرش دەباتە سەر ئاواییەکان و بەشەکانی ئەم ناوچەیە و ئاواییەکانی "کانی گویز"، "کانی ناو"، "شوی"، "ساوان"، "بەردەرەش"، "پیاوین"، "نجنی"، "کانی‌بەن"، "بویەنی خواروو"، "بویەنی سەروو"، "وشترمل"، "نویسە"، "باغی تافی" و چەند ئاوایی‌تر گەمارو دەدەن و دەست دەکەن بە ئەزیەت و ئازا و گرتنی خەڵك. لە ئاواییەکانی "کانی گویز" و "کانی ناو" خەڵك غافلگیر دەبن و هێزەکانی رژیم هەموو پیاوانی ئەم دوو ئاواییە بە ورد و درووشتەوە دەگرن و دەیانبەن بۆ شاری بانە و لەوی مەشموولەکان رادەگرن و باقی‌یەکەیان ئازاد دەکەن.

لە ئاواییەکانی "بەردەرەش"، "نجنی" و "پیاوین" بەکریگیراوان جگە لە چەند کەسیان بۆ ناگیری.

لە ئاواییەکانی "ساوان" و "شوی" بە هۆی موقاوەمەتی یەکپارچە و پەلاماری خەڵك بۆ سەر بەکریگیراوان هێزەکانی رژیم مەجبوور دەبن بە سەر شوری و دەستی بەتال بگەرینەوە. لە ئاواییەکانی تر بەکریگیراوان، ژمارەیەك لە لاوەکان دەگرن کە ٨ کەسیان لە کاتی بەری کردنیان بۆ پادگانی "عجب شیر"، هەڵدین و دەگەرینەوە ئاواییەکانی خۆیان.

* رۆژی ٣ی پووشپەر، دوای ئەوەی بەکریگیراوانی گورووهی زەربەت بە مەبەستی سەربازگیری ئاوایی "بلەسەن" گەمارو دەدەن و ٢٦ کەس لە لاوەکانی ئەم ئاواییە دەگرن، ژنان و پیاوانی زەحمەتکێشی ئەم ئاواییە، بەدارو بەرد و هەر شتیکی کە وەبر دەستیان دی، پەلامار دەبەنە سەر بەکریگیراوان و گیراوەکان ئازاد دەکەن.

* رۆژی ٩ی پووشپەر خەڵکی تێکۆشەری ئاوایی "بەردەرەش" بە ئیعتیراز و پەلاماری جەسوورانە بۆ سەر بەکریگیراوان، گیراوەکان ئازاد دەکەن و هێرشی هێزەکانی رژیم بۆ رەش بگیری تیك دەشکێنن.

* کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی لەم ماوەیەدا پیلانیکی دیکەیان بۆ فریودانی مەشموولەکانی ئەم ناوچەیە گیراو بە یارمەتی شوورا ئیسلامی‌یەکان بە مەشموولەکانیان راگەیاند ئەگەر خۆ بەدەستەوە بدەن، رژیم قەول دەدا بیانکاتە سەربازی محەللی. ئەم راگەیاندنە بۆ ئاواییەکانی "کەوپیچ"، "میراوی"، "ئارمەدە"، "سویروی"، "کوخان"، "سیاومە"، "ئارمەردە"، "نەنور"، "هەوارەخول" و "خوری ئاوا" ناردراوە بەلام جگە لە چەند مەشموولی ئاوایی "خوری ئاوا" کەس حازر نەبووە سەربازی بۆ رژیم بکا.

بەپێی هەوالی گەیشتوو زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە رەش بگیری‌یەکانی رژیم دا گیرابوون، توانیویانە لە مەرکەزە نیزامی‌یەکانەو هەڵێن و بە کومەکی خەڵکی شۆرشگێر، بگەرێنەوە شوینی خۆیان.

### سەردەشت:

* لە ماوەی چەند مانگی رابوردوودا کاربەدەستانی حەوزەی نیزام وەزیفەی رژیم لە شاری سەردەشت بە کومەکی شوورا ئیسلامی‌یەکان چەند جار نامەی بۆ مەشموولەکانی بەشی "ئالان" و ئاواییەکانی "پاراستان"، "ولەتوو"، "میونی"، "دەرمانـاوی"، "قەلەرەشە"، "دولە گەرم"، "قازان"، "گولینە"، "ماراغان"، "کولەسەی سەروو"، "کولەسەی خواروو"، بەری کردوە و داوای لیکردوون خۆ بە حەوزەی نیزام وەزیفە بناسینن بەلام مەشموولەکان حازر نەبوون بچنە سەربازی رژیمی جمهووری ئیسلامی.

* لە چوار مانگی رابوردوودا بەکریگیراوانی رژیم چەند جار دەرژێنە مەیدان و خیابان و کووچە و کولانەکانی شار و بۆ رەش بگیری لاوەکان هێرشیان بردە سەریان. بەلام هەموو جاری بە شیوەی جۆراوجۆر لەگەل موقاوەمەت و ئیعتیرازی خەڵك رووبەروو بوون.

* رۆژی ٨ی مانگی گولان ژمارەیەك لە خەڵکی تێکۆشەری سەردەشت دوای بستنی خەبەری گیرانی مەشموولیك بە هاواریەوە دەچن و ویرای ئیعتیراز، جەسوورانە هێرش دەبەنە سەر بەکریگیراوان و مەشموولەکە ئازاد دەکەن.

* رۆژی ١٤ی پووشپەریش خەڵك دوای ئاگادار بوون لەوەی کە بەکریگیراوان دەیانەوەی رولەکانیان کە لە پادگانی سەردەشت، ئاموزشیان تەواو کردبوو بەرن بۆ جبهەکانی شەر، دەرژینە خیابان و پێشی ماشینەکان دەگرن و بە موقاوەمەت و ئیعتیرازی یەکگرتوو، بەکریگیراوان مەجبوور دەکەن سەربازەکان لە جەرەیانی ئەم رووداوەدا، بەدانی شیعار و دەربرینی نارەزایەتی خۆیان لە سەربازی کردن بۆ جمهووری ئیسلامی، لە ئیعتیرازی خەڵك دا بەشداری‌یان کرد.

* هەروەها لەم ماوەدا بەکریگیراوانی رژیم بۆ لە داوخستنی مەشموولانی دێهاتی شاری سەردەشت چەندین جار دەستیان دایە کۆنترۆلی جادەکان و هێرش بردن بۆ سەر ئاواییەکان.

* لە ئاواییەکانی "قەلەرەشە"، "باسکە دوو" خەڵکی زەحمەتکێش بە ئیعتیراز و هێرشی یەکپارچەی خۆیان بۆ سەر هێزەکانی رژیم مەشموولە گیراوەکانیان ئازاد کرد.

* رۆژی ٢٦ی خاکەلیوە ژنان و پیاوانی تێکۆشەری ئاوایی "کەنگی" بە ئیعتیراز و پەلاماری جەسوورانە مەشموولیك کە لە لایەن هێزەکانی رژیمەوە گیرابوو، ئازاد دەکەن.

* هێزەکانی رژیم رۆژی ٢ی جوزەردان ١٥٠ کەس لە کاروانچیانی سەردەشت دەگرن و دوای رۆژیك ٣٢ کەسیان بەسەرباز دەگرن و باقی‌یەکەیان ئازاد دەکەن. بەلام لە کاتی راگویزانی گیراوەکاندا ژمارەیەك لە کاروانچیانی مەشموول هەڵدین و خۆیان لە چنگ بەکریگیراوان رزگار دەکەن.

* رۆژەکانی ١٧ و ١٨ی مانگی پووشپەریش هێزەکانی رژیم بە کۆنترۆلی جادەی دێهاتی ناوچەی سەردەشت، نزیکەی ١٠٠ کەس دەگرن. بەلام لە رێگای پادگانی سەردەشت، لە پادگانی سەردەشت و لە کاتی گوازتنەوە بۆ پادگانی "عجب شیر"دا زۆربەی زۆریان هەڵدین و تەنیا ١٠ کەسیان دەگاتە پادگانی "عجب شیر".

* هەروەها بە پێی هەوالی گەیشتوو زۆربەی ئەو مەشموولانەی رەوانەی پادگانی "عجب شیر" کرابوون هەلاتوون و گەرانەوە شوینی ژیانی خۆیان.

* لە نیوەی دووهەمی مانگی پووشپەردا گوردانیك لە هێزەکانی رژیم کە بۆ شەری بەرزایی‌یەکانی "دووپەزە" لە سنوورەکانی ئێران و عێراق رەوانە کرابوون، بە تیکرا هەلاتن و بە یاریدەی خەڵکی تێکۆشەری ناوچەی سەردەشت دوای شاردنەوەی چەك و چولەکانیان خۆیان دەرباز کرد و گەرانەوە شوینەکانی خۆیان.

### مهاباد:

* لەسەرەتای بەهاری ئەمساڵەوە هێزەکانی رژیم بە مەبەستی سەربازگیری و رەش بگیری، زەخت و فشاریان لەسەر خەڵکی شاری مهاباد و دیهاتی ئەم ناوچەیە زیاد کردوە. بەکریگیراوان چەندین جار رژانە خیابان و مەیدان و کولانەکانی شار و ویرای کۆنترۆل و بازرەسی ئەم شوینانە و گەرانی مەیدانی وەرزشی و باشگا و سینەماکان و پشکنینی مالان دەستیان بە رەش بگیری لاوان کرد. بەلام بە وشیاری خەڵکی شار و مەشموولەکان زۆربەی لاوانی ئەم شارە توانیان خۆیان لە چنگ بەکریگیراوان دەرباز کەن.

* لە دوو هێرشی بەکریگیراوان بۆ گەرەکی "پشت تەپ" زۆربەی مەشموولەکان بە یاریدەی خەڵك خۆیان دەرباز کرد بەلام رژیم لە سەرجەمی ئەم دوو جارەدا توانی ٧٨ کەس بگری کە ئەوانیش هەموویان پاش ماوەیەکی کورت هەلاتن و گەرانەوە شوینی ژیانی خۆیان.

* رۆژی ٢ی جوزەردانیش بەکریگیراوان چەند کووچەی گەرەکی "مەجبوور ئاوا"یان گەمارو دا و دەستیان کرد بە پشکنینی مالەکان. خەڵکی تێکۆشەری ئەم گەرەکە دەس بەجێ مەشموول و سەربازە فەراری‌یەکان ئاگادار دەکەن و دەیان شارنەوە و دەربازیان دەکەن. بەکریگیراوان سەرەرای تەقە کردن لە مەشموولەکان بە بی ئەوەی توانیبیتیان کەس بگرن بە سەر شوری گەرانەوە.

* هەر لەم ماوەیەدا دیهاتی، "خەلیفان"، "داش دورگە" و "دورگەی سەرپرد" لە بەشی سندووس، "قونقەلا"، "لەج"، "دارەلەك" و "دی وەیس ئاغا"، "خیرئاوا"، "دی مەنسوور"، "جەرجان ئاوا"، "تالاو" و "دەلك داش" لە بەشی شامات کەوتنە بەر هێرشی بەربلاو و سازناندراوی هێزەکانی رژیم و بەکریگیراوان توانیان ژمارەیەك لە لاوەکان بگرن.

بەلام بە هۆی مقاوەمەت و ئیعتیرازی خەڵك و شاردنەوەی مەشموولەکان و دەرباز کردنیان زۆربەی مەشموولان و سەربازانی فەراری توانیان خۆیان دەرباز بکەن.

بەپێی ئاخرین هەوال زۆربەی مەشموولانی گیراوی ئەم دیهاتە هەلاتوون و گەراونەوە ئاواییەکانی خۆیان.

### بوکان:

* رۆژی ١٣ی جوزەردان زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە خەڵکی بوکان، لە مەیدانی فوتبالی ئەم شارەدا پەلاماریان بردە سەر بەکریگیراوانی رژیم کە لەم مەیدانەدا دەستیان دابووە رەش بگیری و سەربازگیری.

خەڵکی توورە دوای ئازاد کردنی هەموو گیراوەکان لە چنگ بەکریگیراوان، بەرەو خیابان و شەقامەکانی شارەکە کەوتنە ری و لە دژی جمهووری ئیسلامی و سەربازگیری رژیم دەستیان بە تەزاهورات کرد.

ئەم تەزاهوراتە کە نیو سەعاتی خایاند، دوای تەقەی بەکریگیراوان کوتایی پی هات. لە جەرەیانی ئەم تەزاهوراتە دا ٤ کەس لە خەڵك لە لایەن هێزەکانی رژیمەوە گیران.

* دوای هێرشی درندانەی هێزە بەکریگیراوەکانی رژیم لە نیوەی دووهەمی مانگی جوزەردان دا کە بووە هۆی بە سەربازگیرانی پتر لە ١٠٠ کەس لە لاوانی ناوچەی بوکان، ٦٠ کەس لە گیراوەکان، لە کاتی بەری‌کردنیان بۆ پادگانی "عجب شیر"، توانیان بە یارمەتی خەڵکی شۆرشگێر، خۆ لە چنگ بەکریگیراوانی رژیم دەرباز گەن و بگەرێنەوە شوینەکانی خۆیان.

* رۆژی ١٥ی پووشپەر خەڵکی تێکۆشەری شاری بوکان، دوای گیرانی دوو لاو لە لایەن بەکریگیراوانی شارەبانی‌یەوە، دەست دەکەن بە ئیعتیراز و ژمارەیەکیان هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی رژیم و بە هێزی خۆیان، گیراوەکان ئازاد دەکەن.

* رۆژی ١٧ی پووشپەر، بەکریگیراوانی رژیم هێرش دەبەنە سەر دەستفروشەکان و پێش ئەوەی خەڵك کۆببنەوە چەند کەس دەگرن و لە ماشینیان دەخەن و لەم شوینە دووریان دەخەنەوە.

*رۆژی ٢٠ی پووشپەر جاریکی‌تر، بەکریگیراوانی رژیم هەر لەم شوینە دوو لاو دەگرن و دەستیان دەبەستن، بەلام پێش ئەوەی دەرفەتی بردنیان پی بدری خەڵك دەسبەجی قریا دەکەون و دەورەیان دەدەن و بە ئیعتیرازی خۆیان گیراوەکان ئازاد دەکەن. پاشان ئەو دوو لاوە کە لە لایەن هێزەکانی رژیمەوە تەعقیب کرا بوون، لە شوینیکی‌تر دەگیرین.

* هەر ئەو رۆژی هێزەکانی رژیم دەرژێنە گەرەکی "کەلهورئاوا" و لاویك دەگرن و دەستی دەبەستن. خەڵکی تێکۆشەر و بە تایبەت ژنانی تێکۆشەر کە ئاگایان لی دەبی، دەسبەجی پەلامار دەبەنە سەر بەکریگیراوان و گیراوەکان ئازاد دەکەن.

* رۆژی ٢٣ی پووشپەر جاریکی‌تر بەکریگیراوانی رژیم لە جادەی "کەمەربەندی" بەری ٢ دووکاندار دەگرن و یەکیان دەستگیر دەکەن. خەڵك دەسبەجی کۆدەبنەوە و دەست دەکەن بە ئیعتیراز. ژمارەیەکی‌تریش لە خەڵك کە لەو نزیکانە لە سەفی وەرگرتنی ئازووقەدا دەبن بە ئاگادار بوون لەم جەرەیانە سەفەکە بەجی دیلن و لە دەوری بەکریگیراوان ئالقە دەبەستن و تێکرا شیعاری "مەرگ بۆ رژیم" و "مەرگە بۆ خومەینی" دەدەن و پەلامار دەبەنە سەر هێزەکانی رژیم دوای بریندار کردنی دوو پاسدار و شکاندنی شیشەی ماشینی بەکریگیراوان و پەلاماریان دان و لیدان لە دوو بەکریگیراوی‌تر، گیراوەکان ئازاد دەکەن.

لە جەرەیانی ئەم تیك هەڵچوونەدا کەسیکیش لە خەڵك بە قونداخی تفەنگی بەکریگیراوان بریندار دەبی.

* رۆژی ٢٢ی پووشپەر تەرمی ٣ سەرباز کە لە جبهەکانی شەری ئێران و عێراقدا کوژرابوون دێننەوە شاری بوکان. کاتیك تەرمی یەکیك لەم سەربازانەیان دەبرد بو قەبران، کەس و کاری ئەو سەربازە بیزاری خۆیان لە شەر و جمهووری ئیسلامی دەر دەبرن و داوا لە خەڵك دەکەن ئیجازە نەدەن بەکریگیراوان رولەکانیان بەرن بۆ سەربازی.

لە ماوەیەکی کورت دا نزیکەی ٥٠٠ کەس لە خەڵکی ئەم شارە کۆدەبنەوە و تەزاهوراتێک لە دژی جمهووری ئیسلامی و شەر وەری دەخەن و وێڕای دانی شیعاری "مەرگ بو جمهووری ئیسلامی" و "مەرگ بۆ خومەینی" داواکاری کوتایی پی هاتنی دەسبەجی شەر دەبن.

بەکریگیراوانی رژێم لە ترس پەرە ئەستاندنی ئەم تەزاهوراتە تەرمی سەربازەکە لە خەڵك دەستێنن و بە ئامبولانس دەیبەنە سەرقەبران.

ئەم تەزاهوراتە لە بیمارستانەوە تا ساختمانی بەخشداری دریژەی بوو.

**سنە:**

* هێزە بەکریگیراوەکانی رژێم لە شاری سنە و دیهاتی ئەم شارە هەموو هەول و تەقالای خۆیان بە کار هێنا تا بەڵکوو بە شیوەی جوراوجۆری وەك: غافلگیر کردنی مەشموولان، کۆنترۆڵی خیابان و مەیدان و کولانەکانی شار، دانانی پوستی بازرەسی لە دەروازەی شارەکان و لە جادەکان، وەری خستنی کونەپەرستانە و مەلاکان بۆ تەبلیغ و بلاوکردنەوەی راگەیاندنی جۆراوجۆر هەرەش و گورەشە و هەروەها هێنانە گۆری تەرحی سەرباز محەللی بۆ فریودانی مەشموولەکان، لاوەکانی شار و دیهاتی ئەم ناوچەیە بخاتە داوی سەربازی رژیمەوە.

بەکریگیراوان خاکەلیوەی بەهاری ئەمساڵ لە راگەیاندنیك دا، لە دایك بوانی ساڵانی ٣٨ تا ٤٨ یان بانگەواز کرد کە تا ١٨ی خاکەلیوە خۆیان بە مەرکەزەکانی رژێم بناسێنن. هەروەها رۆژی یەکەمی مانگی گولان هێزەکانی رژێم جاریکیتر ئەم بانگەوازەیان دووپات کردەوە و رایان گەیاند ئەو کەسانەی خۆیان موعەرفی نەکەن سزا دەدرین و ماوەی سەربازییەکەیان زیاد دەکری.

بەکریگیراوان لە راگەیاندنیکی دیکەداداوایان لە دووکانداران و کارمەندانی ئیدارەکان کرد کە لە ساڵ دا سێ مانگ بچن بۆ جبهەکانی شەریان خەرجی سێ کەس، یانی ٦٠ هەزار تمەن بدەن بۆ رژێم و هەر لەو راگەیاندنە دا هەرەشەیان کرد ئەگەر دووکانداران و کارمەندان مل بەم سیاسەتە نەدەن جەوازی کەسبەکانیان باتل دەکرێتەوە و یان لەسەر کارەکانیان دەردەکرین.

لە دیهاتی ناوچەی سنەش بەکریگیراوان بە هێنانە گۆری تەرحی سەرباز محەللی هەولیکی زۆریان دا کە خەڵکی ئەم دیهاتە مەجبوور بکەن کە بچنە سەربازی رژێم.

بەڵام راوەستان و ئیعتیرازی خەڵکی زەحمەتکێشی شار و دیهاتی ناوچەی سنە هەموو ئەم هەول و تەقالایانەی پووچەل کردوەتەوە و تەنانەت ئەو کەسانەش کە لە لایەن هێزەکانی رژیمەوە غافلگیر کراون و بە زۆر براونە سەربازی، زۆربەیان هەلاتوون و گەراونەوە شوینەکانی خۆیان.

کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی لە شاری سنە بۆ فریودانی دانش ئامووزانی شاری سنە و بەری کردنیان بۆ جبهەکانی شەر جاریکیتریش دەستیان دایە پیلانگیری و رایان گەیاند ئەو دانش ئاموزانەی تەجدید بوون یان رەد بوونەوە ئەگەر بچن بۆ جبهەکانی شەر لەوی ئیمتیحانیان لی وەردەگرنەوە و قەبوولیان دەکەن.

دانش ئاموزان بەم پیلانە جینایەتکارانەی رژێم ئیعتیراز دەکەن و دانش ئاموزانی مەدرەسەکانی خیابانی "١٧ی شەهریور" بۆ دەربرینی ئیعتیراز و بیزاری خۆیان تەزاهوراتیکی خیابانی وەری دەخەن و لە دژی شەر و لە دژی جمهووری ئیسلامی شیعار دەدەن.

**پیرانشار:**

* رۆژی ٨ی مانگی پووشپەر هێزەکانی رژیم بە مەبەستی سەربازگیری دەرژێنە ئاوایی "بیکوس" لە بەشی "میرگان"ی پیرانشار و دوو کەس لە مەشموولانی ئەم ئاواییە دەگرن و تەقەلە چەند مەشموولی تریش دەکەن کە لە دەستیان دەردەچن و خۆیان دەرباز دەکەن.

بە دوای ئەم رووداوانەدا، ژنان و پیاوانی زەحمەتکێشی "بیکوس" بە دار و بەرد و هەرچییەکی کەوتە بەر دەستیان دەکەوی، پەلامار دەبەنە سەر بەکریگیراوان و مەشموولەکان ئازاد دەکەن و بە توندی، بە هێرشی بەکریگیراوان و تەقە کردنیان لە مەشموولەکان ئیعتیراز دەکەن، بە جۆریك کە فەرماندەی بەکریگیراوی هێزەکانی رژێم مەجبوور دەکەن دەست بکا بە پاکانە و پارانەوە.

**مەریوان:**

* لە سەرەتای ساڵی تازەوە رژیمی دژ بە شۆرشی جمهووری ئیسلامی هەموو ئەمکاناتی خۆی خستوەتە گەر تا بەڵکوو بتوانی لە شار و دیهاتی مەریوان وەری خەباتکارانەی خەڵکی زەحمەتکێش تێك بشکینی و سەربازیان لی بگری. بۆ ئەم مەبەستە رژێم زۆر جار هێزەکانی خۆی لە ئەرتەش و سپا و ژاندارمری و شارەبانی و بەسیج و بەکریگیراوانی محەللییەوە خستوەتە کار و تەنانەت جایزەی ٢٠٠ تمەنی بۆ گرتنی هەر مەشموولیك داناوە و هەموو خیابان و مەیدان و کولانی شار و شاروچکەکان و هەموو جادەکان و مووچە و مەزراکانی تەنیوە بەڵکوو بتوانی رەش بگیرییەکی زیاتر بکا.

هەرچەند رژێم توانی بە غافلگیر کردنی خەڵك ژمارەیەکی کەم لە لاوەکان بگری و بەرێیان کا بۆ مەرکەزە نیزامییەکان، بەڵام خەڵکی تێکۆشەری ئەم ناوچەیە دەستیان لە موقاوەمەت و ئیعتیراز هەڵنەگرت و سیاسەتی دژی شۆرشی سەربازگیری رژێمیان لەو ناوچەیە لەگەل شکست و ناکامی روبەروو کرد.

* لە ١٨ و ١٩ی مانگی گولان دا، خەڵکی تێکۆشەری ئاواییەکانی "نی"، "کانیسانان" لە ٦ کیلومیتری شاری مەریوان سەرەرای دوو رۆژ گەماروی بەکریگیراوان، وێرای شاردنەوەی هەموو مەشموولەکان، بە تێکرا ئیعیترازیان بە سەربازگیری رژێم کرد و رایان گەیاند بە هیچ جۆریك سەرباز بە جمهووری ئیسلامی نادەن و دوای دوو رۆژ بەکریگیراوانیان مەجبوور کرد بە دەستی بەتاڵ بگەرێنەوە.

* خەڵکی ئاواییەکانی "بیلوو" و "ساوجی" لە بەشی "خاومیراوا"ی مەریوانیش لە دژی سیاسەتی سەربازگیری رژێم راوەستان و بە دار و بەرد و هەر شتیکی کە وەبەر دەستیان هات پەلاماریان بردە سەر هێزە بەکریگیراوەکانی رژێم و ناچاریان کردن بی ئەوەی بتوانن کەس بگرن، ئەم دوو ئاواییە بەجێ بیلن.

هەروەها لە رۆژی ١٣ی مانگی پووشپەر دا هێزە بەکریگیراوەکانی رژێم جاریکیتر هێرش دەبەنە ئاوایی "ساوجی" و بە غافلگیر کردنی خەڵك دەتوانن ٣ کەس بگرن و باقی مەشموولەکان بە یارمەتی خەڵك خۆ دەرباز دەکەن. ئەو جار خەڵکی تێکۆشەری ئەم ئاواییە یەکپارچە لە دژی گرتنی رولەکانیان ئیعتیراز دەکەن و هێزە بەکریگیراوەکان ناچار دەکەن هەر سیکیان ئازاد بکەن و بەسەر شورییەوە ئاوایی بەجی بیلن.

* بە پێی ئاخرین خەبەر زۆربەی زۆری ئەو سەربازانەی کە لە سەرەتای ئەمساڵ دا غافلگیر کرابوون و بە زۆر بەری کرابوون بۆ پادگانەکانی "عجب شیر" و "جلدیان" و جبهەکانی شەر، هەلاتوون و گەراونەوە شوینەکانی خۆیان.

هەروەها دوای شکستەکانیئەم دواییانەی جمهووری ئیسلامی لە جبهەکانی شەر، ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی پادگانی مەریوان هەلاتوون و بە یارمەتی خەڵکی مەریوان رەوانەی شار و دیهاتی خۆیان کراون.

* سەعات ٢ی پاش نیوەرووی رۆژی ٢٧ی مانگی پووشپەر، دوای ئەوەی رادیو تاران بەشکستی جمهووری ئیسلامی لە شەردا ئیعتیرافی کرد و قەبوولی قەتعنامەی ٥٩٨ی راگەیاند، ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی تێکۆشەر و سەربازان لە شاری مەریوان و شاروچکەکانی "کانی دینار" و "جووجە سازی" و لە سێریی "بیەکەرە" و زۆربەی دیهات و شوینی ئاوارەکان، کۆبوونەوە و شکستی جمهووری ئیسلامییان جەژن گرت.

هێزە سەرکوتگەرەکانی رژێم ریتی لە پاسدار و کومیتەچی و پاسەبانەکان، سەعاتی ٣/٥ی ئیوارە بە ماشینی کالیبر٥٠وە پەلاماریان بردە سەر خەڵك و دەستیان بە تەقە کرد و پاش ٢ سەعات توانیان بلاوە بە خەڵك بکەن.

رۆژی دواتریش خەڵکی شاری مەریوان جاریکیتر رژانە خیابانەکان و شادمانی خۆیان لە شکستی جمهووری ئیسلامی دەر بری و دیسان لەگەل هێزە جینایەتکارەکانی رژێم بەرەو روو بوون.

## گوزارشیك لە بارەی هەلاتنی دەستەی سەربازان لە پادگانی ئامووزشی "عجب شیر"ەوە

زۆربەی ئەو سەربازانەی کە لە پادگانی "عجب شیر" دەورە دەبینن، مەشموولە بە زۆر گیراوەکانی کوردستان و "ئازەربایجانن". هەلاتنی دەست دەستەی سەربازان لەم پادگانەوە، یەکیك لە موشکلە ئەساسییەکانی رژێم و فەرماندەکانی لەو پادگانەیە.

فەرماندە بەکریگیراوەکانی ئەم پادگانە بۆ بەرگری کردن لە هەلاتنی سەربازان، بێجگە لە قانوونی کونەپەرستانەی ئەرتەش و فشار و زەخت و زۆر بۆ سەر سەربازان ، ناچاربوون چوار دەوری پادگان بە سیمی خاردار بتەنن و لە زۆر شوینی پادگان پوستی نیگەهبانی زیادی دابنین.

بەڵام سەرەرای ئەمانە، مەوجی هەلاتنی سەربازان هەروا دریژەی هەیە و سەربازەکانیش لەبەرانبەر ئیقداماتی فەرماندەکانی پادگان دا، بە موقاوەمەت، نوسینی شیعاری شۆرشگێرانە لە سەر دیواری پادگان، تەنانەت ئیعتیرازی عەلەنی، و هەروەها پێك هێنانی کۆر و کۆمەڵی گەورە و چکولە، بە مەبەستی قسە و باس کردن لە سەر ئەوزاعی سیاسی، شەری کونەپەرستانەی ئیران و عیراق، وە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان فەرماندەکانیان خستوەتە ژیر فشاری شۆرشگێرانەی خۆیان.

فەرماندەکان کە لە هەلاتنی دەست دەستەی سەربازان و نافەرمانی کردنیان لە بەرانبەر قانوونەکانی پادگان دا وە تەنگ هاتوون، دەستیان داوەتە زۆر کاریتر وەك: هێنانی ئاخوند لە شارەکانی دیکەوە بۆ تەبلیغ کردن، هەرەشە کردن لە خانەوادەی سەربازان و نەدانی مەرەخەسی بە سەربازەکان و زۆر شتیتری لەم چەشنە.

بەڵام سەربازەکان بە هاوکاری و یارمەتی زەحمەتکێشانی مەنتەقە و تەنانەت هاوکاری و یارمەتی ژمارەیەك لە کادرەکانی ئەرتەش، هەلاتنیان کردوەتە قانوونی بی ئەم لاو ئەو لای پادگان و لە راستیدا هەلاتن قانوونیکە کە سەربازان دایان سەپاندوەتە سەر پادگانی "عجب شیر" و فەرماندە بەکریگیراوەکانی ئەم پادگانە.

## خەبات لە دژی تەحویل دانەوەی چەك

سیاسەتی چەك کردنی جەماوەری خەڵکی کوردستان یەکیك لە سیاسەتە کونەکانی جمهووری ئیسلامییە. لە سەرەتای بەهاری ئەمساڵەوە بەکریگیراوانی رژێم هەول و تەقالایەکی زۆریان بۆ چەك کردنی خەڵك بەکار هێناوە و موقاوەمەت لە بەرانبەر ئەم سیاسەتەی جمهووری ئیسلامی لە ماوەی چوار مانگی رابوردوودا بەر چاو بووە.

* مانگی خاکەلیوەی ئەمساڵ، بەکریگیراوانی رژێم لە شاری بانە زەخت و زۆریکی فراوان دینن بۆ سەر خەڵکی ئاوایی "کانی بەن" و پێیان رادەگەیەنن کە دەبی ٢٣ تفەنگ تەحویلی رژێم بدەنەوە. بەڵام خەڵکی ئەم ئاواییە نەچوونە ژیر ئەم فشار و زەخت و زۆرەوە و دەستیان دایە موقاوەمەت.

* هەروەها هێزەکانی رژێم لە دیهاتی بەشی "بناری سوورگیو" فشاریان بۆ خەڵك هێناوە کە چەك تەحویلی رژێم بدەن و تەنانەت لە ئاوایی "تەوەکل"ی ناوچەی بانە بە زۆر چەند چەکیان لە خەڵك ئەستاندوە. خەڵکی ئەم ئاواییانە حازر نەبوون سەر بۆ ئەم فشار و زۆرە دانەوینن.

* خەڵکی تێکۆشەری ئاواییەکانی "کوسینی" و "ترشیان" لە ناوچەی سەردەشت یەکگرتوانە لە دژی فشاری رژێم بۆ تەحویل دانەوەی چەك و بۆ ئازاد کردنی ٥ کەس لە خەڵکی ئەم ئاواییانە کە بەم بۆنەوە گیرابوون دەستیان دا ئیعتیراز و پاشان ٦٠ کەسیان لە دریژەی ئیعتیرازەکەیاندا چوونە شاری سەردەشت و داواکاری ئازاد کردنی گیراوەکان و پیچانەوەی مەقەری رژێم لە ئاواییەکانیان دەبن و هەروەها خوازیاری سزادانی ئەو بەکریگیراوانە دەبن کە خەڵکیان ئەزیەت و ئازار داوە.

بەپێی ئاخرین هەوال گیراوەکان ئازاد کراون و خەبات بۆ پیچانەوەی مەقەر و سزادانی بەکریگیراوانی سەرکوتگەر هەروا دریژەی بووە.

* لە ناوچەی مهابادیش ئاغا بەکریگیراوەکانی "مەنگور" خەڵکی بەشی "مەنگور"یان بۆ تەحویل دانەوەی چەك خستوتە ژیر زەخت و زۆریکی درندانەوە. بەڵام جگە لە چەند کەسی خەڵکی "گویچکە دەری" کەس حازر نەبووە چەك تەحویلی رژێم بدا.

* لە ناوچەی مەریوانیش فشار و زەخت و زۆری بەکریگیراوان بۆ تەحویل دانەوەی چەك لە شاروچکەی "کانیدینار" و چەند ئاوایی "سەرشیو"ی مەریوان لەگەل موقاوەمەتی خەڵك رووبەروو بووە.

* لە نیوەی هەوەلی پووشپەردا بەکریگیراوانی رژێم لە ناوچەی بانە، بە مەبەستی سەندنەوەی چەك لە خەڵکی ئاوایی بۆیەن، چوونە ئەم ئاواییە و ژمارەیەك لە خەڵکیان خستە ژیر زەخت و زۆر و ئەزیەت و ئازار.

خەڵکی تێکۆشەری بۆیەن بەم فشار و زەخت و زۆرە ئیعتیرازیان کرد و لە بەرانبەر ئەو سیاسەتەی رژێم دا راوەستان و سەرەرای تەبلیغی چەند کونەپەرستی ئاوایی کەب ۆ شل کردنەوەی ئیعتیرازی خەڵك کوتبوویان "با چەند چەك بکرین و تەحویلی بدەێنەوە تا دەستما لەسەر هەڵگرن"، خەڵك هەروا لە دژی ئەم سیاسەتە موقاوەمەتی خۆیان دریژە دا.

## زەحمەتکێشانی کوردستان بیگاری بۆ رژێم ناکەن

* بەکریگیراوانی رژێم لەن ناوچەی سەقز بە یارمەتی شوورا ئیسلامییەکان، بە خەڵکی "حاجی ئەول"، "هەرمیدول"، "شیپانەجو" لەبەشی سەرشیوی سەقزیان راگەیاند کە دەبی بە نوبە وەسایل و ئازووقەی بەکریگیراوان بەرن بۆ پایگا.

* بەکریگیراوان لە ئاواییەکانی "ورچەك" و "ویسك" بە یارمەتی شوورا ئیسلامییەکان خەڵکی ئەم دوو ئاواییەیان خستە ژیر فشار کە وەسایل وە کەل و پەلی هێزەکانی رژێم بەرن بۆ پایگا.

رۆژی ٨ی خاکەلیوە خەڵکی ئەم دوو ئاواییە دوای کۆبوونەوەی خۆیان ئیعتیرازنامەیەکیان لەم بارەوە نووسی و رایان گەیاند حازر نین بیگاری بۆ دەوڵەت بکەن.

* رۆژی ٢٠ی مانگی گولان بەکریگیراوانی رژێم جیگیر لە ئاوایی "نەستان" لە بەشی گەورکی سەردەشت بە خەڵکی ئەم ئاواییە رادەگەیەنن کە دەبی هەر ماڵەی کەسیك بۆ تەعمیری جادە لە ئیختیار هێزەکانی رژێم بنی. خەڵکی ئاوایی دەست دەدەنە موقاوەمەت و حازر نابن بیگاری بۆ رژێم بکەن.

چەند سەعات دواتر بەکریگیراوان ئاوایی گەمارو دەدەن و دەیانەوەی خەڵك مەجبوور بە بیگاری بکەن بەڵام خەڵکی زەحمەتکێش "نەستان" یەکپارچە لە بەرانبەریان دا رادەوەستن و بەکریگیراوان ناچار دەکەن بگەرێنەوە شوینەکانی خۆیان و پیلانی رژێم تێك دەشکێنن.

## چەند هەوالی کورت لە جینایەت و زەخت و زۆری بەکریگیراوانی رژێم دەرهەق بە زەحمەتکێشانی کاروانچی

* رۆژی ٣١ی خاکەلیوە، ژمارەیەك لە کاورانچییانی زەحمەتکێشی ناوچەی سەردەشت، لە نیوان ئاواییەکانی "گورەشیر" و "دولەتوو"دا کەوتنە ناو مەیدانی مینی بەکریگیراوان و ٣ کەسیان بریندار بوو کە برینی دوو کەسیان قورسە.

* رۆژی ١ی مانگی گولانیش لە شوینیکیتر ژمارەیەکیتر لە کاروانچییەکان کەوتنە ناو مەیدانی مینی بەکریگیراوانی رژێم و کەسیك بە نیوی "رەسوولی مام ئەحمەد" گیانی خۆی لە دەست دا دوو کەسیتریش بریندار بوون.

* بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی مانگی گولان رادەگەیەنن کاروانچییەکانی ناوچەی سەردەشت دەبی هەر بە رێگای "قاسمەرەش" و "گویزی" دا هات و چوو بکەن دەنا مەین لە سەر رێگایان دادەنیین و تەقەیان لی دەکەن.

* هـەروەها ماوەیـەك لـەوەپێش بـەكریگیراوانی ئیتلاعاتی رژیم لە ئاوایی "نەلاس"ی سەردەشت بە كاروانچـیـیەكان رادەگەیـەنن ك هـەقیان نیـە كاروانچی‌یەتی بكەن مەگەر كارتی شناسایی رژیمیان پـی بـی و بـۆ وەرگرتنـی كـارتی شناسـایی دەبـی ٤ عەكس و فتوكوپی سجیلەكانیان بدەن بە رژیم.

كاروانچـیـیەكان دەسـت دەدەنـە موقاوەمـەت و رادەگەیەنن كەسب و كار و هات و چوو مافی خۆیانە و ئەوان حازر نین كارتی شناسایی رژیم وەرگرن.

* ماوەیـەك لەمـەپێش، هێزەكـانی رژیـم لـە داوینـی "قەنـدیل" لـە ناوچـەی سەردەشـت، كـەمین بـۆ كاروانچی‌یانی ئەم ناوچەیە دادەنینەوە و ژمارەیەكی زۆریان دەگرن و كەل و پەلەكانیان بەتالان دەبەن.

* هەروەها بەكریگیراوانی رژیم لە "دەشتی وەزنی" لە ناوچەی سەردەشت، دوای هێنانی هێزیكی زۆر بۆ ئەم شوینە، دەست دەكەن بە كۆنترۆڵی رێگای هات و چـووی كاروانچـیـیان و ژمارەیـەكیان لی دەگـرن و كاروانچـیـیە مەشموولـەكان بـۆ پادگانـە ئامووزشیی‌یەكان بەری دەكەن.

* لـە ناوچـەی پیرانشاریش بـەكریگیراوان زەخـت و زۆریان خستوەتە سەر كاوانچی‌یان و رایان گەیاندوە كە تـەنیا لـە "گـوری دیلانـان"ەوە دەبـی هـات و چـوو بكـەن. بەكریگیراوان كاتی گەرانەوەی كاروانچی‌یەكان كەمینیان بۆ دادەنین و ئەزیـەت و ئازاریان دەكـەن و بە تایبـەت بـەكریگیراوانی ئیتلاعـات دەیانـەوی مەجبووریان كەن كە جاسووسی بۆ رژیم بكەن.

* شـەوی ٢٧ی مـانگی گـولان، هێـزە جینایـەتكارەكانی رژیـم، لـە كـەمینیك دا كـە لـە نزیـك ئـاوایی "كـانی زەرد"ی ناوچـەی سەردەشـت، بـۆ كاروانچی‌یانی زەحمەتكێشیان دانابوو، كاوانچی‌یەك بـە نیـوی "عوسمـان كـوری پـیروت" بریندار دەكـەن و چەند كاروانچیش دەگرن.

فەرمانـدەی بـەكریگیراوان لـە نـاردنی عوسمـان بـۆ موعالجـە و تەنانـەت دەرمـان كردنـی لـەم شـوینەش بەرگری دەكا و ئەم كاروانچی‌یە زەحمەتكێشە گیانی خـۆی لـە دەسـت دەدا. هـەر بـەم بۆنـەوە فەرمانـدەی جینایەتكار كەوتـە بـەر پـەلامار و لیدانی ژمارەیەك لە سـەربازانی رژیـم كـە شـاهیدی ئـەم رووداوە بـوون و ئیعتیرازیان كردبوو.

## چەند هەوالی كورت لە هەول و تەقالای رژیم بۆ باجگیری لە كوردستان

* كاربەدەسـتانی رژیـم لـە شـاری سەردەشـت تـەرحیكی تـازەی باجگیری‌یان دامەزراند و بە دانانی بەرگەی ٢ تمـەنی و ٥ تمـەنی بۆ ئەم موسافیرانەی لە شار دەچنە دەر باجیان لی دەستینن.

* بـەكریگیراوانی رژیـم لـە شـاری سەردەشـت بـە بیـانووی دروسـت كردنـی بیمارسـتان و مەدرەسـە، خـەڵكی ئاوایی‌یـەكانی "نـەلاس"، "واوان"، "گـرژال"، "سەرشـیو"وە چـەند ئـاوایی‌تری ئـەم ناوچـەیان خستوەتە ژیر فشار بۆ ئەوەی باجیان لی بستێنن.

* بـەكریگیراوانی رژیـم، بـە تایبـەت بـەكریگیراوانی ئیتلاعـاتی رژیـم لـە ناوچـەی سەردەشـت، رێگـا بـە زەحمەتكێشـانی كاروانچـی دەگـرن و بـەرتیلیان لی دەستینن و تەنانـەت چەندین جار كاروانچی‌یەكانیان گرتوە و كەل و پەلەكانیان بەتالان بردوون.

* كاربەدەستانی رژیـم لـە مەدرەسـەكانی راهنمـایی رایان گەیاندوە كە هەر كام لە دانش ئاموزانی كچ ٥٠ تمـەن و دانش ئاموزانی كوریش ٣٠ تمـەن دەبـی بۆ كومەك بە جبهە بدەن بە رژیم.

* هێـزە تالانكـەرەكانی جمهـووری ئیسـلامی بـە خەڵكی دیهاتی "سەرچنار"، "قەرەگول"، "دی وەیس ئاغـا"، "تازەكەنـد"، "تـالاو" وە چـەند ئـاوایی‌تری ناوچەی مهابادیان راگەیاندوە كە دەبی پوولیكی زۆر بۆ كومەك بە جبهە بدەن بە رژیم.

* بـەكریگیراوانی رژیـم لـە بـەهاری ئەمسـاڵەوە هەولیكی زۆریان دا كە دانش ئاموزانی دیهاتی بەشـی "سەرشیو"ی سەقز بە نیوی كومەك بە جبهە باج بدەن بە جمهووری ئیسلامی.

* لـە شاری سەقز و شارەكانی‌تری كوردستان، بە پێی بریاری رژیم خەڵك دەبی بۆ وەرگرتنـی سەهمیەی كوپینی هەر كەسیك ١٥تمەن باج بدەن بە رژیم.

* لـە دیهاتی بەشی "پیران"ی پیرانشار، ماوەیەكی زۆرە كە بە بیانووی كیشانی بەرق، لـە هـەر خانـەوادەی هەر كام لەو ئاوایی‌یانە ١٠٠٠ تا ٤٠٠٠ هەزار تمـەنیان ئەستاندوە بەڵام ئێستا و ئێستاش كەس بەرقی نەدی.

* جمهـووری ئیسـلامی لـە یـەكیك لـە مەیدانـەكانی شاری پیرانشار چادریكی لی داو خەڵكی ئەو شارەی بۆ كومـەك بـە جبهـە خسـتە ژیـر زەخـت و فشـار. بـەڵام خەڵكی زەحمەتكێشی پیرانشار حازر نەبوون بچنە ژیر باری ئەم فشار و باجگیری‌یەی رژیمەوە.

* شارەداری بەكریگیراوی مهاباد، بە دووكاندارانی ئەو شارەی راگەیاند كە دەبی جەوازی كەسب و كاریان بگـورن و بـۆ گـورینی جـەوازی كەسـب و كـاریش هـەر دووكانداریك دەبی ٣ تا ١٥ هەزار تمەن بدا بە رژیم.

شـارەداری بـەكریگیراو هەرەشـەی كـرد ئەگـەر دووكاندارانی مهاباد ئەم باج گیری‌یـەی رژیم قـەبوول نەكەن، دووكانەكانیان پی دادەخەن.

بـەڵام ژمارەیـەك لـە دووكانـدارانی شـاری مهابـاد سـەرەرای ئەم هەرەشانە دەستیان دایـە موقاوەمـەت و حازر نـەبوون باج بـدەن بـە رژیـم. بەكریگیراوانی رژیم دووكانی ١٥٠ تدووكاندارانیان بەم بۆنەوە داخست.

* لـە ئـاوایی "بـاگردان" لـە بەشـی "مـەنگوران"ی مهابـاد، بـەكریگیراوان بـە خـەڵكیان راگەیانـد كـە هـەر مالەی دەبی خەرجی سـەربازیكی رژیم دابین كا. بەڵام خەڵكی ئەم ئاوایی‌یە ملیان بۆ ئەم فشارە كەچ نەكرد و باجیان بە رژیم نەدا.

* بەكریگیراوانی رژیم، لە ئاخری مانگی جوزەردان دا، بـە هـۆی شـوورا ئیسـلامی‌یەكانەوە بـە بەشـیك لـە خەڵكی دیهاتی "گەورگ"ی سەردەشتیان راگەیاند كە هەر مالیك دبی ٣٠٠ تمـەن بدا بـە رژیم، بـەڵام خـەڵكی ئاوایی‌یـەكانی "سیسـیر"، "سـویروی" و "مـاوەلو" لـە بەرانبـەر ئـەم باجگیری‌یـەی رژیـم دا راوەسـتان و تـەنیا چـەند كـەس لـە ئـاوایی "گـولی" ئـەم فشارەیان قـەبوول كـرد كـە ئـەوانیش دوایـی داواكـاری ئـەوە بـوون كـە پوولەكانیان پی بدەنەوە.

## بەكریگیراوانی رژیم دەستیان داوەتە تـالانی مالی خەڵك

* لـە نیوەی دووهـەمی مـانگی گولانـەوە تـا ئێسـتا، ژمارەیـەك لـە بـەكریگیراوانی رژیـم بـۆ نائـەمن كردنـی ژیـانی خـەڵك، لـە دیهـاتی "گـەوركی" ناوچـەی سەردەشت دەستیان داوتە راو و رووت و تالان كردنی خـەڵك و لـە ئاوایی‌یـەكانی: "گـەنكی"، "بانـەزیر"، "بـەرووی"، "شیخی‌سـی"، "میـونی"، "هـەمران" و "بناویلـەی حـاجی مینـە" بەسەروچـاوی داپوشـراو چوونە مالی خـەڵك و تالانیـان كردوون. كاربەدەسـتانی رژیـم لـە وەڵامـی ئیعتیرازی خـەڵك دا رایـان گەیانـد كـە خـەڵك دەبـی چـەكی رژیـم هـەڵگرن. بـەڵام خـەڵكی تێكۆشـەر ملیـان نـەداوە و خۆیـان بـۆ دیفـاع لـە مـال و حالیان دەست بە كار بوون.

* لە سەرەتای مانگی پووشپەردا، چەند چەكداری نەناسراو دەچنە ئاوایی "بی‌كـەش"ی ناوچـەی بانـە و خۆیـان بـە پێشمەرگە لـە قەلـەم دەدەن و لـە یـەكیك لـە مالـەكانی ئـەم ئاوایی‌یـە داوای ١٠٠ هـەزار تمـەن پـوول دەكەن.

ئـەفرادی ئـەو مالـە كـە دەزانـن ئـەو چـەكدارانە پێشمەرگە نین، لە بەرانبەریان دا رادەوەستن بـەڵام سێ كوریان دەكەونە بەر ئازار و لیدانی چەكدارەكان و بە زۆر ٤٠هەزار تمەنیان لی دەستینن.

* شـەوی ٢٣ی پووشـپەر دوو چـەكدار لـە ئـاوایی "شیپانەجو" لە سەر شیوی سەقز دەچنە مالی "حسن محمـود نـارنج" و هـەموو سـەروەتی ئـەو مالـە بـەتالان دەبەن.

پێویسـتـە بكـوتری مەقـەر و پایگـای هێـزە سەركوتگەرەكانی رژیم لـەم ئاوایی دایە و لە ماوەیەك لەوە پێشەوە شەوانە حكوومەت نیزامی‌یان راگەیاندوە و لە هات و چوو كردنی خەڵك بەرگری دەكەن.

## خەڵكی شاروچكەی جووجەسازی ٢ پاسداریان چەك كرد

لە شاروچكەی جووجەسازی مـەریوان، سێ پاسدار منـدالیك دەدەنـە بـە رماشـین و بـە تونـدی بریـنداری دەكـەن. پاسـداری راننـدە لـە ترسـی خـەڵك هەڵـدی ٢ پاسدارەكەی‌تر دەكەونە بەر پەلاماری نزیكەی ٢٠٠٠ كەس لە خەڵكی توورە و هـەر دووكیان چەك دەكرین. هێزەكانی كومەكی جمهووری ئیسلامی كە بۆ نـەجات دانی ٢ پاسدارەكە وەری كەوتبوون، كاتیك چاویان بە جەماوەری توورە كەوت نەیان ویرا خۆیانی لیدەن.

## خـەڵكی تێكۆشـەری سـنە ماشـینیك نـانی دەوڵەتیان موسادەرە كرد

رۆژی ٦ی مـانگی پووشـپەر، ژمارەیـەك لـە خـەڵكی شاری سنە، كە زۆربەیان لە كرێكارانی بێكـار و ژنان و تازەلاوان بوون، لـە مەیـدانی مەركـەزی ئەم شـارە بـەری ماشـینیكی تاكسـی‌بار دەگـرن كـە پـر بـوو لـە نـانی بەكریگیراوانی رژیم و دەسبەجێ موسادەرەی دەكەن.

خـەڵكی تێكۆشـەری سـنە لـە دریـژەی ئیعـتیرازی خۆیـان بـە كـەم بـوون و گرانـی نـان دەستیان دایـە ئـەم موسادەرە شۆرشگێرانەیە.

نزیكەی مانگیك لەوەپێش فەرمانـداری بەكریگیراوی رژیـم بـە هـەموو نانەواخانـەكانی شـاری سـنەی راگەیاندبوو كە هـەر نانەواخانەیەك دەبی هەندیك نان بـۆ كارمەنـدانی دەوڵـەت گـل بداتـەوە و خـەڵكی تێكۆشـەری ئـەم شـارە ویـرای ئیعـتیراز بـەم سیاسـەتە داواكاری ئەوە بوون كە ئەم سیاسەتە كوتایی پی بی.

بـە دوای موسـادەرەی شۆرشـگێرانەی نـانی بـەكریگیراوانی دەوڵـەت دا، فەرمانـدار لـە ترسـی پەرەسەندنی ئیعتیرازی خەڵك ناچار بوو راگەیەنی كە كارمەنـدەكانیش دەبـی خۆیـان لـە نانەواخانـەكان نـان بكرن.

## خەڵكی تێكۆشەری ئاوایی "سیسیر" بـە ئـاگر تی بەردانی ئاغەڵەكانیان لە لایـەن هێزەكـانی رژیمەوە ئیعتیرازیان كرد

* رۆژی ٢٧ی خاكەلیوە خـەڵكی تێكۆشـەری ئاوایی "سیسیر" لە بەشی گەوركی ناوەچی سەردەشت، دوای هێرشـی بـەكریگیراوان بـۆ ئەئاغەڵـەكانی پشـت ئـاوایی "سیسـیر" و ئـاگر تی‌بـەردانی ئـەم ئاغەڵانـە، كۆبوونەوەیەكی ئیعتیرازی پێك دینن و چەند نوینەر لە نـاو خۆیـان دا هەڵدەبـژیرن و بـۆ ئیعـتیراز و مـەحكووم كردنـی ئـەم جینایەتـە بـەرییان دەكـەن بـۆ شـاری سەردەشت.

بەڵام فەرمانداری بەكریگیراوی رژیم لە جواب دا دەڵی ئیوە بە بی ئیجازەی دەوڵـەت ئەم ئاغەڵانەتان ئاوەدان كردوەتەوە و دەبی چولیان كەن.

## هەوالیك لە مانگرتنی زینـدانیانی سیاسـی لە شاری سنە

رۆژی ٢ی مانگی پووشپەر ٦٠ كـەس لە زیندانیانی سیاسی، لە زیندانی "دادگای ئینقلاب"ی شاری سنە بـۆ گەیشـتن بـە داخوازەكانیـان ئیعتیسـابیكی یەكگرتوانـەیان دەسـت پی‌كـرد و بـۆ ئـەوەی دەنگـی ئیعتیرازی خۆیـان بـە دەرەوەی زینـدان بگەیـەنن، حازر نەبوون بچنە مولاقاتی خانەوادەكانیان.

ئەو زیندانی‌یانە لـە ماوەیـەك لەمـەو پێش داواكاری روون بوونـەوەی وەزعـی خۆیـان بـوون. بەشـیك لـەم زیندانی‌یانە ماوەیەكی زۆرە بە بی موحاكمە لـە زیندان دا راگـیراون و بەشـیكی تریـان مـاوەی زیندانەكـەیان تەواو بووە بەڵام رژیم ئازادیان ناكا.

خانـەوادەی زیندانی‌یـەكان لـە بـەر دەرگـای زینـدان كۆبوونـەوە و بـە پشـتیوانی لـە رولـەكانیان دەنگـی ئیعتیرازیان هەڵبری.

كاربەدەستانی جینایەتكاری زیندان بۆ لە سەر شان لابردنـی جینایەتـەكانیان رادەگەیـەنن: زیندانی‌یـەكان خۆیـان حازر نـەبوون بینـە مولاقاتی خانـەوادەكانیان، دەنا ئەوان پێشیان پی نەگرتوون.

## تێـك هەڵچـوونی كۆمـەڵانی خـەڵكی سەردەشـت لەگـەل بـەكریگیراوانی جمهـووری ئیسلامی

رۆژی ٣ی پووشپەر، پاسەبانیكی شارەبانی لە چوار رێـی فەرمانـداری شـاری سەردەشـت بـە ملهوری‌یـەوە مەداریكی رانندەیەك زەوت دەكا. رانندەو شاگردەكەی ویـرای ئیعـتیراز لەگـەل پاسـەبانەكە دەرگـیر بـدەن. دەسبەجی ژمارەیەك لە خـەڵكی شار بە پشتیوانی لە رانندە و شـاگردەكەی كۆدەبنـەوە و ٣ پاسەبانی‌تریش بە یارمەتی پاسەبانەكەوە دین و دەیانەوی بە هەرەشە و گۆرەشە بلاوە بە خـەڵك بكـەن كە لە لایـەن خەڵكەوە دەكەونـە بـەر پـەلامار ٢ كەسـیان بریـندار دەبـی. وردە وردە ژمـارەی خـەڵكی زیـاد دەكـا و دوای بەسـتنی خیابانەكە و بەرگری كـردن لـە هـاتنی بەكریگیراوانی پاسدار و كومیتەچی، بە بی ئەوەی ئیجازەی دەست دریژی بە هێزەكانی رژیم بدەن بلاوەی دەكەن.

## خـەڵكی تێكۆشـەری ئـاوایی "بیلـوو" چـەتە بەكریگیراوەكانی رژیمیان راونا

شـەوەكانی ٥ و ٦ی مـانگی پووشـپەر تاقمیـك لـە بـەكریگیراوانی رژیـم لـە ژیـر نیـوی پێشـمەرگەی كۆمەڵەدا، دەرژینە دوو مال لە ئاوایی‌یەكانی "بیلوو" و "سیفی‌ژووروو" لە بەشی "خاومیراوا"ی مەریوان.

ئـەم بەكریگیراوانـە لـە "سـفی ژووروو" دەچنـە مـالی كەسیك لـە نـاو حاجی حەسـەن و دوای قـول بەستن و ئەزیـەت و ئـازاری نـاوبراو دەیبنـە دەر و بـە زۆر ٣٠ هەزار تمەن لە ژنەكەی دەستینن. لە "بیلوو"ش دەچنە مـالی كەسـیك بـە نـاوی مینـەی كـاك حەسـەن و دوای ئەزیـەت و ئـازاری نـاوبراو، لـە كـاتی پشـكنینی مالەكەیەدا دە هەزار تمەن دەدزن.

خـەڵكی تێكۆشـەری ئاوایی "بیلـوو" كـە ئاگـاداری جینایـەتی بـەكریگیراوان ببـوون، بـە تفـەنگی تـایر و ساچمەزەن پەلاماریان دەدەن و راویان دەنین.

## خـەڵكی تێكۆشـەری شاری سـنە لـە چـەند مـەراسمی جیـاواز دا ریزیـان لـە یـادی ٤ پێشمەرگەی گیان بەخت كردووی كۆمەڵە گرت

دوای بـلاو بوونـەوەی هـەوالی بۆمبـارانی یـەكیك لـە مەقـەرە مەرزی‌یـەكانی كۆمەڵـە، لـە لایـەن تـەیارەكانی جمهووری ئیسلامی‌یەوە لە رۆژی ١٢ی خاكەلیوەدا، كە بـووە هـۆی گیـان بـەخت كردنـی چـوار هـاوریی خۆشەویسـت و تێكۆشـەرمان، هاورییـان عـەزیز ئەسـكەندەری، رەزا یسـربی، بهـزای فـدوی و رەحمـان فرشگر، هـەزاران كـەس لـە خـەڵكی تێكۆشـەری شاری سنە لە چـەند مـەراسمی شكودار و جـەماوەری‌دا، كـە چەند رۆژی خایاند، ریزیان لە یادی ئەم هاوریيانە و بـاقی گیـان بـەخت كردوانـی رێگـای ئـازادی و سوسیالیزم گرت.

شوینی ئەم مەراسمانە كە بە دروشمی شۆرشگێرانە و گـول و ئەسـتیرە و عەكسـی هاورییـانی گیـان بـەخت كـردوو، بـە شـیوەیەكی شـكودار رازابـووەوە، ببـووە جیگایـەك بـۆ دەربرینـی رق و بیـزاری لـە جمهـووری ئیسلامی و قەسـە و باس لەسـەر فیداكاری و خـەباتی بـی وچـانی هاورییـانی گیـان بـەخت كـردوو و دەوری كۆمەڵـە لـە بـەرەوپێش بردنـی بزووتنـەوەی شۆرشـگێرانەی كوردسـتان و وشـیار كردنـەوە و رێكخسـتنی كرێكـاران و زەحمەتكێشـان لـە دەوری سیاسەتەكانی كۆمەڵە.

## خـەڵكی تێكۆشـەری شـاری سـنە لـە چـەند مراسمی جیاواز دا ریزیان لە یادی گیان بەخت كردوانی كۆمەڵە گرت

خەڵكی تێكۆشەری شاری سنە دوای بلاو بوونەوەی هەوالی بۆمباران مانگی گولانی یەكیك لە مەقەرەكانی كۆمەڵە، لە چەندین مەراسمی گەورە و چكولەدا ریزیان لە یادی هاوریيانی گیان بەخت كردووی كۆمەڵە گرت.

هەروەها خەڵكی شاری سنە لە چلەمین رۆژی گیان بەخت كردنـی ئەم هاوریيانـەدا جاریكی‌تر لـە دەوری یـەك كۆبوونـەوە و ریزیـان لـە یـادی ئازیزیـان گـرت. بەشـدار بـووانی ئـەم مەراسمـە ویـرای دەربرینـی هـاودەردی و پـەژارەی قـوولی خۆیـان، لەگـەل كـەس و كاری هاوریيانی گیان بەخت كردوو لە سەر گرینگترین رووداوە سیاسـی‌یەكان قسـە و باسیان كـرد و ئـاخرین هەوالـەكانی ئیعـتیراز و خـەباتی كۆمـەڵانی خـەڵكی زەحمەتكێشیان بۆ یەكتر دەگیراوە.

لـە زۆربـەی ئـەم مەراسمانـەدا شـیعر و سـروودی شۆرشگێرانە خوێنـدراوە و عەكسـی هاورییـانی گیـان بەخت كردووی كۆمەڵە لـە ناو ئەستیرەی سووری بە گول رازاوە دانرابوون.

هێـزە سـەركوتگەرەكانی جمهـووری ئیسـلامی بـۆ تێكدانی ئەم مەراسمانە هێرشیان بردە سـەر یەكیك لە خانەوادەكان و چەند كەسیان لی گرتن. بەڵام دوای دوو روژ بـە دوای ئیعـتیرازی خـەڵك دا مـەجبوور بـوون ئازادیان بكەن.

## مەراسمی خەڵکی زەحمەتکێشی نەغەدە و شنوو سندوس بۆ ڕێزگرتن لە یادی هاوڕێ "بایزید بیاز"

خەڵکی زەحمەتکێشی "نەغەدە"، "شنوو" و بەشی "سندوس"ی نەغەدە، دوای بیستنی هەواڵی گیان بەخت کردنی هاوڕێ "بایزید بیاز" ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست و پێشمەرگەی فیداکاری کۆمەڵە، لە مەراسمیکدا کە چەند ڕۆژ لە ئاوایی "کەریزەی شکاکان" درێژەی هەبوو، بەشداریان کرد و ڕێزیان لە یادی ئەو ڕۆلە خۆشەویستەیان گرت و خەم و پەژارەی قووڵی خۆیان لەم جەرەیانە دڵ تەزینە دەربڕی.

ئەم مەراسمە سەرەرای پیلانی بەکرێگیراوانی ڕژیم بۆ بەرگری کردن لە پێك هاتنی، لە لایەن خەڵکی زەحمەتکێشەوە بەرپا کرا.

## ژمارەیەك لە خەڵکی تێکۆشەری شاری مهاباد بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیان بەخت کردوان مەراسمیان پێك هینا

ڕۆژی ٢٧ی مانگی گولان ژمارەیەك لە ژنان و پیاوانی تێکۆشەری شاری مهاباد کە بۆ ڕێزگرتن لە یادی ئازیزانی گیان بەخت کردوو، مەراسمیکیان لە قەبرستانی ئەم شارە پێك هینا بوو، کەوتنە بەر هێرشی دڕندانەی بەکرێگیراوانی گەشتی "سارالله".

لەم هێرشەدا چەند لاو دەگیرین و خەڵکی تێکۆشەر لە دژی ئەم هێرشە دەست دەکەن بە ئیعتیراز و خوازیاری ئازاد کردنی گیراوەکان دەبن. بەڵام بەکرێگیراوان لە پێشدا لاوەکانیان ڕاگویزتبوو.

## تێکۆشەرانی شاری سەردەشت، مەقەری بەکرێگیراوانی "جهادی سازندگی"یان لەو شارە تەقاندەوە.

لەسەرەتای مانگی پووشپەردا تێکۆشەرانی شاری سەردەشت مەقەری بەکرێگیراوانی "جهاد سازندگی"یان لەو شارە تەقاندەوە و خەسارەتیکی زۆریان لە ساختمانی ئەم مەقەرە دا.

تەقاندنەوەی مەقەری ئەم ئۆرگانی سەرکوتەی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان، لە لایەن خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو شارەوە پێشوازی لی کرا و شوور و شەوقیکی زۆری لە نیو ئەواندا پیك هێنا.

## ئیعیترازی ڕانندەکانی ماشین و تەراکتوری شاری سەردەشت

لە سەرەتای ساڵی تازەوە کاربەدەستانی ڕژیم بۆ برین و کەم کردنەوەی سەهمیەی بەنزین و گازوئیل و لاستیك و باقی پیداویستی‌یەکانی ماشین و تەراکتوری ڕانندەکانی شار و دیهاتی سەردەشت فشاریکی زیاتریان خستوەتە سەر ئەم بەشە لە خەڵکی شاری سەردەشت.

ڕانندەکانی ماشین و تەراکتوری شار و دیهاتی ئەم ناوچەیە تێکرا بەم وەزعە ئیعتیراز دەکەن و لە فەرمانداری و شارەداری ئەم شارە کۆدەبنەوە و داواکاری دابین کردنی داخوازەکانیان لە لایەن ڕژیمەوە دەبن. سەرەرای هەول و تەقالای فەرمانداری بەکرێگیراو بۆ ساز کردنی تەفرەقە لە نیوان ڕانندەکاندا، ئەوان دەتوانن بەشیك لە داخوازەکانیان بە سەر ڕژیم دا داسەپینن و کاربەدەستانی ڕژیم ناچار دەکەن کوپینی سووخت بلاو بکەنەوە و بۆ هەر ماشین و تەراکتوریك سەهمیە دابنین.

## مەراسمی شکوداری ٧ ئاوایی "گەورکی" سەردەشت و مهاباد لە بەرزایی‌یەکانی "مەیدان چوغە"

ڕۆژی ٢٣ی مانگی گولان ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و پیاوانی ئاوایی‌یەکانی "سیسیر"، "نەستان" و گەنمان بە پێی قەراری پێشوو، بەرەو بەرزایی‌یەکانی "مەیدان چوغە" وەری کەوتن و لە پێشدا چوونە سەر گوری هاوڕێ "مینە نەستانی"، کە هاوڕێی پێشوو بە دەست چەکدارەکانی "حیزبی دیموکرات شەهید کراوە ویرای مەحکووم کردنی حیزبی دیموکرات و سیاسەتەکانی، دەستە گولیان لەسەر گوری شەهیید مینە دانا و دوایی بەرەو "مەیدان چوغە" وەری کەوتن و لەوی لەگەل خەڵکی ٤ ئاوایی بەشی "گەورك"ی مهاباد تیکەلاو بوون و کۆبوونەوەیەکی گەورەیان پێك هێنا.

خەڵکی ئەم حەوت ئاوایی‌یە لە سەر ڕووداوە سیاسی‌یەکان و ئینشعاب جیابوونەوەی حیزبی دیموکرات و سیاسەتەکانی، هەروەها لە سەر ئەوزاعی سیاسی و هەڵویستی شۆرشگێرانەی کۆمەڵە قسەیان کرد. ئەم مەراسمە تا ئیوارە لە نیو شوور و شەوقی خەڵکی ئەم ئاوایی‌یانەدا درێژەی بوو.

## ئیعتیرازی یەکپارچەی ژنان و پیاوانی ئاوایی "دیوالان" لە دژی بەکرێگیراوانی ڕژیم

ڕۆژی ١٧ی گولان دوای تەوهینی چەند پاسدار بە ژنانی ئاوایی "دیوالان"ی ناوچەی سەردەشت و ئیعتیرازی موعەلیمی ئاوایی بەم تەوهینە، ژنانی تێکۆشەری ئاوایی پەلامار دەبەنە سەر بەکرێگیراوان و لەگەلیان دەرگیر بوون.

بەکرێگیراوان تەقەیان لە ژنەکان کردو ژنیکی خەڵکی ئاوایی‌یان بریندار کرد و موعەلیمەکەیان گرت. زەحمەتکێشانی ئاوایی دیوالان، دوای ئەم جینایەتەی بەکرێگیراوان، یەکپارچە دەستیان دایە ئیعتیراز و بە خەباتی خۆیان موعەلیمەکەیان ئازاد کرد. دانش ئامووزانی ئەم ئاوایی‌یەش بۆ ئیعتیراز بە جینایەتی هێزەکانی ڕژیم، تەزاهوراتیکیان بەرەو ئاوایی "نەلاس" وەری خست.

خەڵکی ئاوایی دیوالان لە درێژەی ئیعتیرازی خۆیان دا کۆبوونەوە بریارنامەیەکیان بە ئیمزای ٦٠ کەس پەسند کرد و خوازیاری پێچانەوەی مەقەری بەکرێگیراوان لە ئاوایی‌یەکەیان بوون.

## خەڵکی ئاوایی "ئالوت" هەروا ئاوارە و بی ئیمکاناتن

خەڵکی ئاوایی "ئالوت"ی بانە کە زستانی پار ئاوایی‌یەکەیان کەوتە ژیر هەرەس و ویران بوو، لە وەزعیکی زۆر ناخوش و سەختدا ئاوارەی شار و دیهاتی دەوروبەری بانە بوون و لە ئیمکانات و پێداویستی‌یەکانی سەرەتایی ژیانیشیان بی بەهرە و مەحروومن. خەڵکی ئەم ئاوایی‌یە کە ١١٠ خانەوادەیە تا ئێستا چەندین جار داواکاری دابین کردنی ژیانیان لە لایەن دەوڵەتەوە بوون و چونکوو جوابیان نەداوەتەوە ئیعتیرازیان وەری خستوە و نوینەرانی خۆیان ناردوەتە ئیداراتی دەوڵەتی و داوایان کردوە دەوڵەت مالەکانیان بۆ دروست بکاتەوە و خەسارەتیان پی بدا بەڵام کاربەدەستانی ڕژیم تا ئێستا هەر تەفرەیان داون و هیچ کاریکیان بۆ نەکردوون.

## جمهووری ئیسلامی ژیانی ئاوارەکانی عێراق دابین ناکا

ئاوارەکانی عێراقی بۆ دابین کردنی گوزەرانیان مەجبوور بوون کەل و پەلی ناو مالیان بفرۆشن. ڕژیمی جمهووری ئیسلامی لە دابین کردنی ژیان و گوزەرانی ئاوارە عێراقی‌یەکان خو دەدزێتەوە و یارمەتیان ناکا و هەرچیش تا ئێستا لیرە و لەوی بە نیوی ئەوان یارمەتی کۆکردوەتەوە، خەرجی شەری کونەپەرستانەی خۆی کردوە.

ئاوارە عێراقی‌یەکان تا ئێستا چەندین جار بە وەزعی نالەباری خۆیان ئیعتیرازیان کردوە و لەگەل هێزەکانی ڕژیم دەرگیر بوون. ماوەیەك لەمەوپێش بەکرێگیراوانی جمهووری ئیسلامی لە بەرانبەر ئیعتیرازی ئاوارەکان دا تەقەیان لی کردن و نزیکەی دە کەس لەم تەقەیەدا گیانیان لە دەست دا.

جمهووری ئیسلامی لەم ئاخانەدا بە ئاوارەکانی عێراقی ڕاگەیاندوە کە یان دەبی یەکجاری ببنە دانیشتووی ئێران و یان دەبی بگەرێنەوە شوینەکانی خۆیان.

## ئیعیترازی خەڵکی تێکۆشەری ٢ ئاوایی سەردەشت لە دژی حوزووری بەکرێگیراوانی ڕژیم

ڕۆژی ١٨ی خاکەلیوە هێزەکانی ڕژیم دەرژینە ئاوایی‌یەکانی "زیرەمیرگ" و "کانی‌بی" لە ناوچەی سەردەشت بە ملهووری و هەرەشە و گورەشە لە مەزراکانی ئەم ئاوایی‌یانە دەست بە کاری دانانی قەرارگایەکی نیزامی دەبن. خەڵکی ئەم ئاوایی‌یانە ویرای ئیعتیراز، هەموو ئەو کارانەی کردوویانە لییان تیك دەدەن و نایەلن بەکرێگیراوان قەرارگا دابنین.

ڕۆژی دواتر هێزەکانی ڕژیم جاریکی‌تر لەگەل فەرمانداری بەکرێگیراوی شاری سەردەشت دەگەرێنەوە بەڵام دیسان لەبەر ئیعتیرازی خەڵك هیچیان پی ناکری.

ڕۆژی ٢٠ی خاکەلیوە خەڵکی تێکۆشەری ئەم دوو ئاوایی‌یە لە درێژەی ئیعتیرازی خۆیاندا، دەچنە شاری سەردەشت و ویرای کۆبوونەوە و ئیعتیراز لە بەر درگای فەرمانداری، نوینەرانی خۆیان بەری دەکەن ئاوایی‌یەکانی دەوروبەر و داوایان لی دەکەن لە خەباتی ئەوان لە دژی ڕژیم، دانانی قەرارگا لە مەزراکانیان، پشتیوانی بکەن.

بەپێی ئاخرین هەوالی گەیشتوو، خەڵکی ئاوایی‌یەکانی "یاسین ئاوا"، "نیسك ئاوا"، "کولەسەی خواروو"، "کولەسەی سەروو"، "خانە خەلی سەروو" لە کۆبوونەوەکانی "زیرەمیرگ" و "کانی‌بی" بریارنامە دەردەکەن و ویرای ناردنی ئەم بریارنامانە بۆ کاربەدەستانی ڕژیم، داواکاری بەرێوە چوونی بریارنامەکەیان دەبن.

## ئیعتیرازی خەڵکی ئاوایی "نەبی‌ئاوا" لە دژی جینایەتی هێزەکانی ڕژیم

خەڵکی تێکۆشەری "نەبی‌ئاوا" بە دوای کوژرانی کوریکی خەڵکی ئەم ئاوایی‌دا بە نیوی "کەریم محمەد ئەمین" کە بە هۆی تەقەی بەکرێگیراوان کوژرابوو، ویرای مەحکووم کردنی ئەم جینایەتە، بۆ ئیعتیراز چوونە شاری پیرانشار و لە بەر فەرمانداری کۆبوونەوە و خوازیاری ئەوە بوون کە بەکرێگیراوی قاتل تەحویلی خەڵك بدرێتەوە تا موحاکمەی بکەن. فەرماندەی بەکرێگیراوی هێزەکانی ڕژیم بۆ بەرگری کردن لە پەرەسەندنی ئیعتیرازی خەڵك بەکرێگیراوی قاتل زیندانی دەکا.

## ئیعتیرازی خەڵکی ئاوایی بیکوس لە دژی جینایەتی هێزەکانی ڕژیم

لە نیوراستی مانگی جوزەردان دا ژنان و و پیاوانی تێکۆشەری ئاوایی "بیکوس" لە ناوچەی پیرانشار، بۆ ئیعتیراز بە قاتلی زەحمەتکێشی خەڵکی ئاوایی بە ناوی سالح بە دەستی بەکرێگیراوانی ڕژیم، لەبەر پایگای ڕژیم لەو ئاوایی‌یە کۆبوونەوە و ویرای ئیعتیراز داواکاری تەحویل دانەوەی بەکرێگیراوی قاتل و سزادانی ئەم بەکرێگیراوە لە لایەن خۆیانەوە دەبن.

فەرماندەی بەکرێگیراوی هێزەکانی ڕژیم، بۆ بەرگری کردن لە ئیعتیرازی خەڵك قاتلی بەکرێگیراو زیندانی دەکا.

ڕۆژی چواری جوزەردانیش ژنیکی خەڵکی ئەم ئاوایی‌یە بە هۆی تەقەی بەکرێگیراوان گیانی خۆی لەدەست دابوو.

## زەخت و زۆری بەکرێگیراوانی ڕژیم بۆ سەر خانەوادەی پێشمەرگە لە مهاباد و سەردەشت

لە سەرەتای بەهاری ئەمساڵەوە بەکرێگیراوانی جمهووری ئیسلامی لە شاری مهاباد زەخت و فشاریکی زۆریان خستە سەر خانەوادەی پێشمەرگەکان.

لە نیوەی هەوەلی مانگی گولان دا هێزەکانی ڕژیم ویرای فشار هێنان بۆ خانەوادەی پێشمەرگەکان، پێی ڕاگەیاندن کە دەبی هەموو حەوتووی جاریك بچنە سپای پاسداران و خۆیان بە ئیتلاعاتی سپا بناسینن.

بەڵام جگە لە خانەوادەیەك هیچکام لە خانەوادەکان ملیان بۆ ئەم داخوازە دژ بە شۆرشەی بەکرێگیراوان کەچ نەکرد.

لە ئاخری مانگی گولان و هەوەلی مانگی جوزەردان دا، هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم لە ناوچەی مهاباد و هەروەها لە چەند گەرەکی شاری مهاباد، ژمارەیەك لە خانەوادەکانی پێشمەرگەیان گرت و ویستیان مەجبووریان کەن فشار بۆ منالەکانیان بینن کە خۆ تەحویلی جمهووری ئیسلامی بدەنەوە.

بەکرێگیراوان لە دیهاتی "سیونی"، "گەرور" و "گومان"ی بەشی "نەلین"ی سەردەشتیش بۆ ئەم مەبەستە چەپەلە فشاریان بۆ خانەوادەی پێشمەرگەکان هێناوە و لەگەل موقاوەمەتی خانەوادەکان بەرەوروو بوون.

## ئیعتیرازی خەڵکی گەرەکەکانی "ئەسحابە سپی" و "کانی سوفی تەها"ی مهاباد

خەڵکی زەحمەتکێشی گەرەکەکانی "ئەسحابە سپی" و "کانی سوفی تەها" لە شاری مهاباد بە نەبوونی ئاوی خواردنەوە ئیعتیرازیان کرد و داواکاری ئەوە بوون کە ڕژیم ئاوی خواردنەوەی خەڵکی ئەم دوو گەرەکە دابین بکا.

شارەداری بەکرێگیراوی شاری مهاباد ڕۆژی ٤ی مانگی پووشپەر ڕاێگەیاند بە شەرتیك ئاوی خواردنەوەی ئەم دوو گەرەکە دابین دەکا کە هەر مالیك ١٠هەزار تمەن پوول بدا بە ڕژیم.

بەڵام خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو دوو گەرەکە ویرای ئیعتیراز بەم باجگیری‌یە رایان گەیاند ئاویشیان دەوی و باجیش نادەن بە ڕژیم.

پێویستە بکوترێ ساڵی پێشووش شوورا ئیسلامی‌یەکانی ئەم گەرەکانە بەم بیانووە پوولیکی زۆریان لە خەڵکی ئەم گەرەکانە ئەستان بەڵام هیچکاریك بۆ لوولەکشی ئاوی ئەم گەرەکانە نەکرا و خەڵك بە خەبات و ئیعتیرازی خۆیان پوولەکانیان ئەستاندەوە.

## خەڵکی ئاوایی بیتووش ویرای ئیعتیراز بە سیاسەتی کوچی زۆرەملی رایان گەیاند حازر نین بۆ ئەم سیاسەتە سەر دانەوەێنن

ڕۆژی ١٩ی پووشپەر، فەرماندار، بەخشت دار و نوینەرانی سپای پاسداران و ئەرتەش لە شاری سەردەشت چوونە ئاوایی "بیتووش" لەم ناوچەیە و بە خەڵکیان ڕاگەیاند کە هەموو ئاوایی‌یەکانی بەشی ئالانی سەردەشت دەبی تا ئاخری ئەم مانگە چول بکرین.

خەڵکی تێکۆشەری ئاوایی "بیتووش" بە تێکرا ئەم پیلانەی ڕژیمیان مەحکووم کرد و ویرای ئیعتیراز رایان گەیاند کە مل بۆ کوچی زۆرەملی کەچ ناکەن و ئاوایی‌یەکان چول ناکەن.

## ئیعتیراز و موقاوەمەتی خەڵکی تێکۆشەری "سیسیر" لە دژی زەخت و فشاری بەکرێگیراوانی ڕژیم

ڕۆژی ١٠ مانگی گولان، هێزەداگیرکەرەکانی ڕژیم ویرای ئاگر تی‌بەردانی ئاغەلەکانی ئاوایی "سیسیر" لە ناوچەی سەردەشت، بە خەڵکی ئەم ئاوایی‌یەیان ڕاگەیاند کە هەقیان نیە بچن بۆ هەوار. بەڵام خەڵکی تێکۆشەری ئەم ئاوایی‌یە تێکرا دەست دەدەنە موقاوەمەت و سەرەرای هەرەشە و گورەشەی بەکرێگیراوان دەچن بۆ هەوار.

بەکرێگیراوانی گورووهی زەربەتی ڕژیم، جی‌گیر لە شاروچکەی "ڕەبەت" بۆ تیك شکاندنی موقاوەمەتی خەڵکی "سیسیر" هێرش دەبەنە سەر هەوارەکانیان و چیغ و چادرەکانیان تیك دەدەن. بەڵام دیسان زەحمەتکێشانی ئەم ئاوایی‌یە دەست دەدەنە ئیعتیراز و موقاوەمەت و ڕادەگەیەنن بە هیچ جۆریك تەسلیمی فشاری ڕژیم نابن و هەوراەکانیان چول ناکەن.

بەکرێگیراوان دیسان دوو ڕۆژ دواتر هێرش دەبەنە سەر هەوارەکان و دەست دەکەن بە ئەزیەت و ئازای خەڵك. بەڵام جاریکی‌تریش خەڵکی تێکۆشەری سیسیر بە جینایەتی هێزەکانی ڕژیم ئیعتیراز دەکەن و لە بەرانبەریان دا ڕادەوستن و حازر نابن هەوارەکان چول کەن. ویرای ئەم موقاوەمەتەش ژمارەیەکیان بۆ ئیعتیراز دەچن بۆ شاری "ورمی".

## پیلانی ئاغاکانی پێشووی ناوچەی دیواندەرە و ڕژیم لە دژی جووتیارانی ئەو مەنتەقەیە

لە سەرەتای ساڵی تازەوە ڕژیم و ئاغاکانی پێشووی ناوچەی دیواندەرە، بۆ ئەستاندنەوەی ئە زەوی و زارەی کە جووتیاران لە زەمانی قیام دا موسادەرەیان کرد دەستیان بە پیلانگێری کردوە.

هەیئەتی زەوی و زاری ڕژیم دەستیان داوەتە دەستی ئاغاکان و جووتیارانی ئەم مەنتەقەیان بۆ تەحویل دانەوەی زەوی‌یەکان یان کرینی ئەو زەوی‌یانە خستوەتە ژیر زەخت و فشار.

پێشڕەو

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٢٦ | گەلاوێژی _١٣٦٧ | ئووتی _ ١٩٨٨

بەکریگیراوانی رژیم لە ناوچەی مەریوان ژمارەیەکی زۆریان لە خەڵك گرت

هێزە بەکریگیراوەکانی رژیم لە ئاخرەکانی مانگی جوزەردان دا، لە شاری مەریوان، شاروچەکەی "کانی‌دینار"، شاروچەکەی "جووجە سازی" و دیهاتی "نی"، "تەینال"، "سوفی‌بلە"، "تازەئاوا"، "جانەوەرەی سەروو"، تەنگ باخ"، "وەرو" ، "میانە"، "لاویسان" و "گلیە" بە بیانووی هاوکاری لەگەل کۆمەڵە ژمارەیەکی زۆریان لە خەڵك گرت و زیندانیان کردن.

## ئیعتیرازی سەرکەوتاوانەی ئاوارەکانی ناوچەی بانە

کاربەدەستانی رژیم ماوەیەك بوو هەقی ئاوارەگی و کوپینی ئازووقەی ئاوارەکانی ناوچەی بانەیان بریبوو. ژمارەیەك لە ئاوارەکانی ئەم ناوچەیە بۆ ئیعتیراز بەم وەزعە لە بەر فەرمانداری شاری بانە کۆبوونەوە و ویرای دەربرینی ئیعتیرازی خۆیان، داواکاری دابین کردنی هەقی ئاوارەگی و سەهمیەی کوپینەکانیان بوون. کاربەدەستانی رژیم کە لە پێشدا دەیانەویست بە وەعدەی بە درو و فروفیل تەفرەیان بدەن، لە بەرانبەر ئیعتیراز و راوەستاوەی ئاوارەکان ناچار بوون داخوازەکانیان قەبوول بکەن.

## خەڵکی ئاوایی "گەنکی"ی بانە بە ئیعتیرازی یەکپارچەیان گیراویکیان ئازاد کرد

رۆژی ٢٦ی مانگی خاکەلیوە، بەکریگیراوانی رژیم جیگیر لە ئاوایی "دارساوین"ی ناوچەی بانە دوای گەماروی ئاوایی گەنکی، کەسیکی خەڵکی ئاوای دەگرن و دەیانەوی لەگەل خۆیان بی‌بەن.

ژنان و پیاوانی تێکۆشەری ئەم ئاوایییە بە تێکرا لە دژی ئەم ئیقدامە دژ بە شۆرشەی بەکریگیراوان رادەوەستن و بە ئیعتیرازی یەکپارچەی خۆیان، بەکریگیراوان ناچار دەکەن کە گیراوەکە ئازاد بکەن.

## ئیعتیرازی ژنانی زەحمەتکێشی گەرەکی "کانی مەر"ی سەردەشت بۆ دابین کردنی ئاوی لولەکەشی

ژنانی زەحمەتکێشی گەرەکی "کانی‌مەر" لە شاری سەردەشت، لە دریژەی ئیعتیرازی پێشووی خۆیاندا بۆ دابین کردنی ئاوی لوولەکەشی مالەکانیان لە لایەن دەوڵەتەوە، رۆژی ١ی جوزەردان لە بەرانبەر شارەداری ئەم شارە کۆبونەوە و ویرای ئیعتیراز رایان گەیاند تا کاربەدەستانی رژیم داخوازەکانیان بەجێ نەهینن، دەست لە ئیعتیراز و کۆبوونەوە هەڵناگرن.

کاربەدەستانی رژیم لە نەتیجەی ئیعتیرازی یەکپارچەی ژنانی ئەم گەرەکە و لە ترسی پەرەئەستاندنی ئەم ئیعتیرازە لە گەرەکە فەقیر نشینەکانی‌تر، ناچار بوون داخوازەکانیان قەبوول کەن و قەول بدەن تا کێشانی ئاوی لوولەکەشی بە ماشین ئاوی ئەم گەرەکە دابین کەن.

## ئیعتیرازی خەڵکی دیهاتی بۆیەن لە دژی بەرین کردنەوەی جادەی نیزامی رژیم

جمهووری ئیسلامی بۆ پەرەپێدانی شەری کونەپەرستانەی لە مەرزەکانی کوردستان، دەستی داوەتە بەرین کردنەوەی جادەی بانە "بۆیەن" تاکوو مەرز و زەرەرو زیانیکی زۆری لە زەوی و زار و باغ و خانووی خەڵکی زەحمەتکێشی ئەم منتەقە داوە. سەرەرای ئەوە بەکریگیراوان بە خەڵکیان راگەیاندوە کە دەبی مالو و دووکانەکانیان چول کەن ئەگینا بەکریگیراوان خۆیان بە بولدیزیر دەیان رووخینن.

بە دوای ئەم هەرەشە و گورەشانەدا ژمارەیەك لە خەڵکی ئاواییەکانی بەشی "بۆیەن" چوونە شاری بانە و ویرای ئیعتیراز خوازیاری ئەوە بوون کە دەوڵەت خەسارەتی زەوی و زار و باغ و خانووەکانیان بۆ ببژیری.

## تەقە و لیکدان لە نیوان دوو بەشی حیزبی دیموکرات دا

بە پێی خەبەری رادیو حیزبی دیموکرات رابەری شۆرشگێر، لە نیوەراست مانگی جوزەردان دا، لە نیوان پێشمەرگەکانی ئەم بەشە و بەشەکەی‌تری حیزبی دیموکرات کە لە ژیر ناوی کونگرەی هەشتم دا فەعالییەت دەکەن، لە ئاوایی "کاولانی گەلی بەردەرەش" لە شیمالی کوردستانی عێراق، تەقە و لیکدانیك رووی داوە.

ئەم دەرگیری‌یە دوای کەمیون نانەوەی دارودەستەی کونگرەی هەشتەمی حیزبی دیموکرات و بە پێی سیاسەتیك کە ئەم بەشە بەرانبەر بە بەشەکەی‌تر گرتوویەتی‌یە پێش، رووی دا. دارودەستەی کونگرەی هەشتم لە ماوەیەك لەوە پێشەوە بە هێزەکانی خۆیان راگەیاندوە کە لە هەر کوی تووشی بەشەکی‌تر بوون لەگەلیان دەرگیربن.

## خەڵکی تێکۆشەری شاری سەقز لە ئیعتیرازیکی جەماوەری‌دا لەگەل هێزەکانی رژیم دەرگیر بوون

رۆژی ٢٤ی جوزەردان دوای تەوهینی بەکریگیراویکی پاسەبان بە ژنیکی خەڵکی سەقز، خەڵکی تێکۆشەری ئەم شارەدەستیان دایە ئیعتیراز و خوازیاری موجازات بەکریگیراوکە بوون. هێزە جینایەتکارەکانی رژیم بە بیانووی ئەوەی کە بەکریگیراوەکە دەگرن دەربازیان کرد و پاشان ئازادیان کرد. خەڵکی تێکۆشەری سەقز جاریکی‌تر، لە مەیدانی هەلو دەستیان دایە ئیعتیراز و تەزاهوراتیکی گەورەیان پێك هێنا و داواکاری سزادانی پاسەبانەکە بوون. هێزەکانی رژیم بۆ سەرکوت و تێك شکاندنی ئەم تەزاهوراتە دەسریژیان لە خەڵك کرد و خەڵکی تێکۆشەریش پەلاماریان بردەسەر بەکریگیراوان. لەم تێك هەڵچوونەدا پاسەبانیك بریندار بوو و کەسیکیش لە خەڵکی شار بە دەستی بەکریگیراوان کوژرا.

هەر ئەو رۆژە شۆرشگێرانی شاری سەقز، لە ئیدامەی ئەم ئیعتیرازەدا پاسەبانیکی‌تریشیان بە سزای خەیانەتەکانی گەیاند.

## چەند هەوالی کورت

* رۆژی ١٥ی مانگی گولان، ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی شاری بوکان، لە فەلەکەی بازار، بەکریگیراویکی مەئمووری ئاگاهی شارەبانی بوکانیان بەر دەسریژدا و بە سزای جینایەتەکانیان گەیاند.

کورژرانی ئەم بەکریگیراوە زۆر زوو لە شار دەنگی داوە و بووە هۆی شادمانی خەڵکی شار.

* لە سەرەتای بەهاری ئەمساڵەوە ئاغای بەکریگیراوی ئاوایی "چەکو" لە بەشی "نەلین"ی سەردەشت بە پشتیوانی دەوڵەت، دوو مالی ئەم ئاواییەی بۆ داگیرکردنی زەوی‌یەکانیان خستوەتە ژیر زەخت و زۆر. بەلام ئەم دووخانەوادەیە بە موقاوەمەتی جەسوورانەی خۆیان پیلانەکانی ئاغاکەیان پووچەل کردوەتەوە.

* رۆژی ٨ی مانگی پووشپەر کوریکی شوانی ١٢ سالەی خەڵکی ئاوایی "کیلەشین"ی سەقز بە نیوی خەلیل، بە هۆی تەقینەوەی مینیك کە بەکریگیراوانی رژیم دایان نابوو گیانی لە دەست دا.

هێزەکانی رژیم دوای ئەسپەردە کرانی تەرمی ئەم شوانە بە بیانووی ئەوەی کە پێشمەرگە بووە دەیانەوی تەرمەکەی لە خاك دەربێننەوە بەلام ئیعتیرازی خەڵك ئیجازەی ئەم کارە دژی ئینسانی‌یەیان پی نەدا.

*رۆژی ١٠ی جوزەردان پیاویکی زەحمەتکێشی خەڵکی ئاوایی "نی" لە ناوچەی مەریوان کە لەبەر نەداری و بۆ بەخیو کردنی خانەوادەی پووکەی گوللە بۆ فرۆش کۆدەکاتەوە، لە لایەن هێزە جینایەتکارەکانی رژیمەو وەبەر دەسریژ درا و بە توندی بریندار بوو.

* رۆژی ٥ی مانگی پووشپەر، دوو بەکریگیراوی ئیتلاعاتی رژیم، لە ئاوایی "دەرەوەران"ی بەشی "خاومیراو"ی مەریوان دەچنە مالی کەسیك بە ناوی "محەمەدئەمینی مەلا" و خۆیان بە پێشمەرگەی کۆمەڵە لە قەلەم دەدەن و داوای لی دەکەن بیانگەیەنێتەوە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە.

ناوبراو کە هەست بە پیلانی ئەو دوو بەکریگیراووە دەکا، حازر نابی هاوکاری یان بکا و لە بەرانبەریان دا رادەوەستی. رۆژی دواتر ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی مەریوان کاك "محەمەد امین" دەگری و تا گەیشتنی ئەم هەواله ناوبراو هەر لە زیندان دایە.

* هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی جاریکی‌تر لەم دواییانە دا پەلاماریان بردە سەر خەڵکی زەحمەتکێشی گەرەکە فەقیرنشینەکانی شاری سنە و لە گەرەکەکانی "غەفوور"، "تەق تەقان"، "کانی کووزەلە"، "عەباس ئاوا" و "تازەئاوا" بە بیانووی خارجی مەحدودە و نەبوونی جەوازی ساختمان ژمارەیەك لە مالەکانیان رووخاند.

* رۆژی ٣ی پووشپەر، پاسداریك، لە پشت ئاوایی "گرژال"ی ناوچەی سەردەشت تەقە لە دوو سەرباز محەللی دەکا و دەیانکوژی.

کوژراوەکان کە ئەندامی یەکیك لە گرووهە زۆربەتەکانی گوردانی "نبی ئەکرم"ی ناوچەی سەردەشت بوون، عمر معینی و ئیبراهیم کوری حاجی رەسوولی نەجار بوون. خانەوادەی کوژراوەکان داوای سزادانی پاسدارەکەیان کردوە بەلام کاربەدەستانی رژیم جوابیان نەداونەوە.

* رۆژی ١١ی پووشپەر یەکیك لە ئەنبارەکانی چەك و تەقەمەنی پادگانی شاری بانە دەتەقیتەوە. دەنگی ئەم تەقینەوە کە لە مەودایەکی زۆر دوورەوە دەبیسترا، تا سەعات ٢/٥ی نیوەشەو دریژەی هەبوو. پرشیکی گوللە توویپیك دەکەویتە ئاوایی "شوی" دەبیتە هۆی لە دەست چوونی گیانی کەسیکی خەڵکی ئاوایی.

* رۆژی ١٦ی پووشپەر شوانەکانی ئاوایی "گردینە" لە بەشی "سویسنی" سەردەشت، جەنازەی کەسیکیان دووزییەوە کە بە دەست هێزە جینایەتکارەکانی رژیم کوژراوە. بەکریگیراوان پاش تالان کردنی ئەو کەسە، جەنازەکەیان لە شوینیکی چول، کە کاروانچی هاتووچووی پێدا دەکەن، فری دابوو. تا ئێستا رژیم لەم شوینە بەری کاروانچی‌یانیان گرتوە و تالانیان کردوون.

* ١٤ی پووشپەر، لە شاری سەردەشت، ماشینیکی سپای پاسداران دوو موتور سوار وەبەر دەدا کە یەکیان بە ناوی "محەمەد سعید چاوشین" خەڵکی ئاوایی "رشەکان" گیانی خۆی لە دەست دەدا و ئەوی تریشیان بە توندی بریندار دەبی.

خەڵکی شاری سەردەشت ویرای ئیعتیراز بەم جینایەتە، بەدار و بەرد پەلاماریان بردە سەر بەکریگیراوان و ماشینەکەیان و توورەیی و بیزاری خۆیان لەم جینایەتە دەردەبرن.

* رۆژی ١٦ی پووشپەر بەکریگیراویکی ئیتلاعاتی رژیم لە بازاری "نەلاس" لە ناوچەی سەردەشت، بە بیانووی گەران بۆ کەل و پەلی قاچاخ، فشار بۆ دووکاندارەکان دینی، یەکیك لە دووکاندارەکان لە بەرابنەری‌دا رادەوەستی و ناچاری دەکا هەلی.

* هێزەکانی رژیم لە رۆژی ١٠ی پووشپەرەوە، بە بیانووی جۆراوجۆر زەخت و زۆریان خستوەتە سەر رانندەکانی شاری سەردەشت و بەر بە کار و کاسبی‌یان دەگرن. ئەم زەخت و زۆرە دوای موقاوەمەت و نەچوونی رانندەکان بۆ بیگاری رژیم و بۆ بەرەکانی شەر، خراوتە سەر رانندەکان.

* رۆژی ١٥ی پووشپەر لە ئاوایی "گردی گلان"ی بەشی تورجان بە هۆی تەقینەوەی نارنجوکیکی هێزە جینایەت کارەکانی رژیمەوە ٢ تازە لاو کە یەکیان خەڵکی ئەودی‌یە و ئەوی تریان بە ناوی ئومید کوری کرێکاریکی خەڵکی سەقز بوو گیانی خۆیان لە دەست دا.

* رۆژی ١٨ی جوزەردان لاویکی خەڵکی ئاوایی "میراوی"ی پیرانشار بە نیوی "محەمەد ئەمین" کوتە سەر مینیك کە بەکریگیراوانی رژیم دایان نابوو و بە هۆی تەقینەوەی ئەو مینە گیانی خۆی لە دەست دا.

* رۆژی ١٠ی مانگی گولان لە ئاوایی "مەزرا"ی ناوچەی سەردەشت، لە ئاکامی کەمین دانانەوەی بەکریگیراوانی پاسدار بۆ بەکریگیراوانی ئەرتەشی‌دا، ١٢ کەس لە هێزەکانی رژیم کوژران. یەکیك لە فرماندە جینایەتکارەکانی ئەرتەش بە نیوی "مەردانی" لە نیو کوژراوەکان دا بوو.

* تێکۆشەرانی شاری سەردەشت بەکریگیراویکی رژیمیان بە نیوی "ئەبوبەکر قویلەر"، خەڵکی ئاوایی "شەلماش" کوشت، ئەم بەکریگیراوە زەخت و زۆریکی فراوانی بۆ سەر خەڵکی زەحمەتکێشی هێنا بوو و دەوریکی فەعالی لە بەرێوەبردنی سیاسەتەکانی رژیم دا، بوو و زۆر جار کەوتبووە بەر ئیعتیرازی خەڵکی زەحمەتکێش.

* رۆژی ٢٣ گولان سەرەرای هەول و تەقالای کاربەدەستانی رژیم بۆ بەشداری کردنی خەڵکی شاری بانە لە مەراسمی رۆژی "قودس"دا، خەڵکی تێکۆشەر ئەم مەراسمەیان تەحریم کرد.

* لە جەرەیانی بومبارانی شاری پاوەدا، بە داخەوە ژمارەیەك لە زیندانیانی سیاسی ئەو شارە و خانەوادەکانیان کوژران. ژمارەیەك لە زیندانی‌یەکانیش لەم جەرەیانە دا توانیان هەلین و خۆیان لە چنگ هێزەکانی رژیم دەرباز کەن.

* بەکریگیراوانی رژیم هات و چووی هەوارچی‌یەکانی "مەنگوران" و "پیران"ی ناوچەی پیرانیشاریان قەدەغە کردوە و رۆژی ١٧ی جوزەردان هەوارەکانی "بادیناوی"یان بە زۆربە هوارچی‌یەکانی ئەو شوینە چول کرد.

* لە نیوەی هەوەلی گولان دا ژمارەیەك لە خەڵکی ئاواییەکانی "زیرەمیرگ"، "کانی بی"، "کولەسەی خواروو" و "کولەسەری سەروو" بۆ وەر گرتنی سەهمیەی کوپینەکانیان چوونە فەرمانداری شاری سەردەشت بەلام فەرمانداری شاری سەردەشت بەلام فرماندار و بەکریگیراوانی رژیم بە بیانووی خەباتی خەڵکی ئەم ئاواییانە لە دژی حوزووری هێزەکانی رژیم و داگیرکردنی زەوی‌یەکانیان، سەهمیەکەیان لی دەبرن و هیچیان پی نادەن.

* رۆژی ٢٥ی خاکەلیوە خەڵکی تێکۆشەری "مام کاوی" لە ناوچەی سەردەشت، بۆ مەحکووم کردنی شکەنجە و ئازاری یەکیك لە خەڵکی ئاوایی لە لایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیمەوە، لە بەر پایگای رژیم کۆبوونەوە و ویرای ئیعتیراز، جینایەتی بەکریگیراوانیان مەحکووم کرد.

* لە مانگی گولان دا، پاسداریك لە شاری سەردەشت کەسیکی خەڵکی "کوخانی"ی بانە بە نیوی "محەمەد قادربك" وەبەر ماشین داکەوت و بووە هۆی مەرگی ئەو کەسە. کەس و کاری ناوبراو ویرای دەربرینی ئیعتیرازی خۆیان، خوازیاری موحاکمە و موجازاتی پاسدارەکە بوون.

کاربەدەستانی رژیم لە ترسی پەرەگرتنی ئیعتیرازی خەڵك رادەگەیەنن ئەو پاسدارەیان زیندانی کردوە.

* لەسەرەتای مانگی جوزەردان دا بەکریگیراوانی رژیم لە یەکیك لە پایگاکانی رژیم لە سەردەشت، چوار سەگی زنجیری لە گیانی لاویك بەردەدەن کە لە نزیکی پایگا و رادەبرد سەگەکان ئەم لاوەیان خنکاند.

* لە نیوەی هەوەلی مانگی خاکەلیوەدا، هێزە داگیرکەرەکانی رژیم، خەڵکی زەحمەتکێشی ئاوایی "باشماخ"یان، لە نەواری سنووری مەریوان، بە زۆر کوژ دا و خەڵکی ئەم ئاواییە ئاوارە بوون.

* ماوەیەکە بەکریگیراوانی رژیم لە بوکان، خەڵکی ئاواییەکانی "نوبار" و "قەلاگا"یان بۆ هەڵگرتنی چەکی رژیم لە ژیر زەخت و فشار ناوە. بەلام خەڵکی ئەم ئاواییانە دەستیان داوەتە موقاوەمەت و نەچوونە ژیر فشاری رژیم بۆ چەکدار کردنی زۆرەملی.

* لەسەرەتای بەهاری ئەمساڵ دا بەکریگیراوانی رژیم لە شاری مهاباد، زەحمەتکێشانی دەستفرۆشی "مەیدانی ئارد"یان خستە ژیر فشار و ناچاریان کردن قەفەسەکانیان بەرنە دەرەوەی شار. دەستفرۆشەکان بیزاری و نارەزایەتی خۆیان لەم گوازتنەوە ئیجباری‌یە دەر بریوە.

* کاربەدەستانی رژیم لە شاری سەردەشت دوای راگەیاندن و هەرەشە لە دەستفروشانی ئەم شارە بۆ گوازتنەوەی قەفەسەکانیان بۆ دەرەوەی شار، و موقاوەمەتی دەستفروشەکان، هێزە سەرکوتگەرەکانیان دەنێرن و دوای تیك هەڵچوونیك لەگەل دەستفروشان بە زۆر رایان دەگوێزن.

رۆژی دواتر ٢٠ کەس لە دەستفروشان لەبەر فەرمانداری کۆدەبنەوە و ویرای ئیعتیراز رادەگەیەنن ئەگەر فەرماندار شوینیان بۆ دیاری نەکا، دەگەرێنەوە شوینەکانی خۆیان.

* لەسەرەتای مانگی جوزەردان دا بەکریگیراوانی رژیم جیگیر لە ئاوایی "چور"ی ناوچەی مەریوان، دەسریژیان لە زەحمەتکێشیکی ئاوایی "بلچە سوور"ی ئەم ناوچەیە کرد و لە نەتیجەدا ئەم زەحمەتکێشە گیانی خۆی لە دەست دا.

***

# وەرگێردراوی وت و وێژی دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەگەڵ هاوری ئیبراهیم عەلی زادە سەبارەت بە کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە

**پرسیار: هاوری ئیبراهیم! ماوەیەك لەوە پێش راگەیاندنی کوتایی کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە لە دەنگی شۆرشی ئێران و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە بلاو کرایەوە. بە پێویستمان زانی سەبارەت بە رەوالی کونگرە و باسەکانی، وت و وێژێکتان لەگەل بکەین هەتا گویگرەکانمان زیاتر لە نەتیجەکان و بریارەکانی کونگرەی شەشەم ئاگادار بن. پێش ئەوەی بچینە سەر باسەکانی کونگرە تکایە سەبارەت بە تەدارەك و رەوالی کونگرە تەوزیحاتیك بۆ گویگرەکان بدە.**

وەڵام: لەگەل سلاو بۆ گویگرەکان و سپاس بۆ ئیوە، کونگرەکانی کۆمەڵە هەر بە دوو ساڵ جاریك دەگیرین. کونگرەی پێشوو، یانی کونگرەی پێنجەم _ مانگی بەفرانباری ساڵی ٦٥ گیرا بوو، بە رەوالی خۆی کونگرەی شەشەم دەبوو زستانی ساڵی رابوردوو بگیری. بەڵام لەبەر هەندیك دەلیلی فەننی و ئەمنییەتی، کومیتەی ناوەندی کونگرەی خستە مانگی گولانی ئەمساڵ و هەروەك ئاگادارن کونگرە، نیوەی دووهەمی مانگی گولان، لە ماوی حەوتوویەك دا بەرێوە چوو.

گرتنی کونگرە یەکیك لە ئەرکەکانی کومیتەی ناوەندییە، بەم بۆنەوە لە چەند مانگ لەوەپێشەوە، کومیتەی ناوەندی کۆمیسیونیکی بۆ تەدارەکی فەننی و تەشکیلاتی کونگرە دیاری کردبوو. ئەم کومیسیونە ئایین نامەی مەربووت بە هەڵبژاردنی نوینەرانی کونگرەی نووسی و نایە ئیختیاری ئەندامانی حیزب لە کوردستان. بە پێی ئەو ئایین نامەیە نوینەرانی کونگرە, لە بەشە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلات دا هەڵبژیردران. هەروەها ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزب لە تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات فەعالییەت دەکەن و ژمارەیەکیش لە هاورییانی کومیتەی ناوەندی حیزب، وەك نازر بۆ بەشداری کردن لە کونگرەدا دەعوەت کران.

تەدارەکی سیاسی کونگرەش بەشیکی دیکەی کارەکانی کومیتەی ناوەندی بوو بۆ گرتنی کونگرە. بۆ ئەم مەبەستە، پێشتر ئەو مەسەلە گرینگانە کە کومیتەی ناوەندی بە پێویستی دەزانی لە کونگرەدا باسیان بکری، لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندیدا قسەیان لەسەر کرا. ئەم باسانە سەرئەنجام لە پلینومیك دا کە پێش کونگرە پێك هات کۆکرانەوە سەریەك و حاسلیان بوو بە چەند بریارنامەیەك لە بۆ لێکولینەوە و کران لە کونگرەدا، ئامادە کران. ئەم بریارنامانە پێش کونگرە لە ناوخۆی حیزب دا نرانە ئختیاری ئەندامانی حیزب و هەموو هاورییانی تەشکیلاتی. ئەمە ئیمکانی بە نوینەرانی کونگرە داکە بۆ قسە و باس سەبارەت بە دەستووری کۆبوونەوەکان بە ئامادەیی‌یەکی زیاترەوە بێنە کونگرە.

کونگرە لەسەرەتای کاری خۆی دا بە پێی رەوالی هەمیشەیی ئیعتیباری یەکەیەکەی نوینەران و پاشان رەسمییەتی خۆی بە تیکرای دەنگ کرد و دوای ئەوە چووە سەر لێکولینەوە و پەسند کردنی ئایین نامەی کاری کونگرە. دەستووری پێشنیار کراوی کۆبوونەوەکان لە باسی مەربووت بە ئایین نامەدا کونگرە ی کرد بریتی بوو لە:

١- گوزارشی کار کردی تەشکیلات لە نیوان دوو کونگرەدا، لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە،

٢- جەمع بەندی تێکۆشانی تا ئێستای کۆمەڵە، وە مەوقعییەتی ئێستا و ئاسوی داهاتوو.

٣- ستراتیژی کۆمەڵە لە کوردستان.

٤- کاری نیزامی و هەندیك لایەنی گرینگ لە فەعالییەتی تەشکیلاتی عەلنی مان لە ساڵی داهاتوودا.

٥- هەڵسەنگاندنی مەوقعییەتی ئێستای حیزبی دیموکرات.

٦- هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە.

- گوزارشی کارکردی تەشکیلات لە نیوان دوو کونگرەدا، بە نووسراوە نرا بووە ئیختیاری نوینەران. هاورییانی کومیتەی ناوەندی وەڵامی پرسیاری نوینەران سەبارەت بەم گوزارشە و لایەنە جۆراوجۆرەکانی فەعالییەتی دوو ساڵی رابوردووی کۆمەڵەیان دایەوە.

- پاشان باسی "جەمع بەندی فەعالییەتی تا ئێستای کۆمەڵە" پێشکەش کرا. ئەم باسە زیاترین وەختی بۆ تەرخان کرا و لە راستی‌دا رێگای بۆ ئەوە خۆش کرد کە باقی دەستووری کۆبوونەوەکانی کونگرەش زووتر بە نەتیجە بگەن. سەبارەت بەم باسە، لە لایەن هاورییانی بەشدار لە کونگرەدا بە بروای من قسە و باسی روشن و بەنرخ کران وە لە کوتایی دا خەتە سەرەکی‌یەکانی باسەکە کە لە سوخەنرانی سەرەتای ئەم ماددەیەی دەستووری کۆبونەوەکان دا باسی کرابوو، لە لایەن کونگرەوە کرا و بریار درا کە ئەو هاوری‌یەی باسەکەی پێشکەش کردوە ئەم سوخەنرانی‌یە بۆ بلاوکرنەوەی عەلەنی ئامادە بکا و ئەمە کاریکە کە دەبی لە داهاتوودا بکری.

- ستراتیژی ئێمە لە بزووتنەوەی کوردستاندا، ماددەیەکی‌تری دەستووری کۆبوونەوەکان بوو. کونگرە بە هەندیك دەسکاری کردنی مەتنی پێشنیار کراوی پلینوم، بەڵگەیەکی لەم زەمینەیەدا پەسەند کرد کە لێی ئاگادارن.

دەستووریکی دیکەی کۆبوونەوەکانی کونگرە بریتی بوو لە فەعالییەتی نیزامی ئێمە لەم دەورەیەدا. لە بەر ئەوە کە لە لایەکەوە فەعالییەتی نیزامی کۆمەڵە یەکیك لە مەیدانە گرینگەکانی فەعالییەتی کۆمەڵەیە و لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ئەوە کە ئەو هەل و مەرجەی کە ئەم لایەنەی خەباتی ئێمە ئەمرۆ تێیدا بەرێوە دەچی حەساسییەتیکی تایبەتی هەیە، پێویست بوو لە کونگرەدا لە سەر بەدەستەوە گرتنی سیاسەتیکی روشن لەم بابەتەوە قسە بکری و هاو نەزەری حاسل بی. خەتە سەرەکی‌یەکانی ئەم بریارنامەیە کە لەم بابەتەوە پێشنیار کرابوو کرا و بریاردرا پاش کونگرە سمیناریك بۆ شیکردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم باسە بگیری. ئەم بریارنامەیە لە بەر تێبینی ئەمنییەتی جاری لە دەرەوەی تەشکیلات بلاو ناکرێتەوە.

- ئاخرین باسی دەستووری کۆبوونەوەکانی کونگرە "هەڵسەنگاندنی مەوقعییەتی ئێستای حیزبی دیموکرات" بوو. ئەم باسە دەبوایە مەوقعییەتی ئێستای ئەو حیزبە هەڵسەنگێنی و سیاسەتی ئێمە بەرانبەر بەو حیزبە لەم دەورەیەش دا روون بکاتەوە. لەم باسەدا سەرەتا جێگا و شوینی کۆمەڵایەتی تاریخی ئەو حیزبە وەك جەرەیانیکی ناسیونالیستی کە لە کوردستان قەوارەی حیزبی گرتوەتە خۆیی درایە بەر لیکولینەوە و پاشان کونگرە چووە سەر هەڵسەنگاندنی موشەخەستری مەوقعییەت و جێگا و شوینی ئێستای ئەو حیزبە و کیشەی سوننەتی ناسیونالیستی و سوننەتی سوسیالیستی لە بزووتنەوەی کوردستاندا بە دریژایی نزیکەی دەساڵی رابوردوو، وە سەرەنجام بریارنامەی پێشنیار کراوی بە هەندیك دەسکاری‌یەوەپەسەند کرد کە بلاو کراوەتەوە.

- لە کوتایی داهەلبژاردنی کومیتەی ناوندی بەرێوە چوو، وە کونگرە لە دوایین بەشی کاری خۆی‌دا ١٥ کەس لە ئەندامانی حیزب لە کوردستانی وەك ئەندامی ئەسلی کومیتەی ناوەندی و ٣ کەسیشی وەك ئەندامی جێگر هەڵبژارد. کونگرە بە کۆبوونەوەیەکی ئیختتامییەی رەسمی و راگەیاندنی پەیام بە خانەوادەی شەهیدانی کۆمەڵە و پەیام بە زیندانیانی سیاسی کۆمۆنیست و هەروەها پەسەند کردنی بریاریك بۆ سپاس گوزاری لە هاورییانی پێشمەرگە کە پاراستنی شوینی کونگرە و تدارکاتی کونگرەیان لە ئەستو بوو، بە سوخەنرانی ئیختتامیە کوتایی بە کاری خۆی هێنا.

**پرسیار: هەروەك ئیوەش ئیشارەتان پی‌کرد ماددەیەکی دەستووری کۆبوونەکانی کونگرە بریتی بوو لە "جەمع بەندی فەعالییەتی تا ئێستای کۆمەڵە". ئەوەلەن زەروورەت و زەمینەی ئەم باسە چی بوو؟ دووهەم، ئەو مەسەلانە کە هەول درابوو لەم باسەدا وەلامیان بدرێتەوە کامانە بوون؟**

وەڵام: بە کورتی لەم باسە دا ئێمە سەرەتا هەولمان دا هەلومەرجی کۆمەڵی ئێران و مەوقعییەتی چینە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە دریژایی نزیکەی بیست ساڵی رابوردوو چاو لی بکەینەوە. بروانینە ئەو رەوتە عەینی‌یە کۆمەڵایەتی‌یانە کە زەمینەو ئیمکانی گەشە و هەلدانی جەرەیاناتی رادیکالیان لە کۆمەڵ دا پێك هێناوە، وە پاشان بزانین چارەنووسی گەرایشاتی سیاسی جۆراوجۆر لە جەرگەی ئەم ئاڵ و گۆرە کۆمەڵایەتی‌یانەدا چی لی هاتوتەوە.

ئەم لیکولینەوەیە نیشانی داین کە پروسەی گرسان و خۆگرتن و گەشەی سەرمایەداری لە ئێران، لە کوردستان، زیاد بوونی ژمارەی چینی کرێکار و زیاد بوونی وەزنی کۆمەڵایەتی ئەو چینە و هاتنە گۆری داخوازەکانی، تەوەقوع و تەمای هەموو کۆمەڵی بردوەتە سەر، ئەو حیزب و گۆرووهە سیاسی‌یە سوننەتی‌یانەی تووشی بن بەست کردوە کە بەرانبەر بە واقعییاتی تازە راوەستاون و نەیانتوانیوە وەڵامی مەسەلە تازەکان بدەنەوە، وە هێزی رادیکالتری هێناوەتە مەیدان و قودرەتی پی بەخشیون و لە حاست مەسەلە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ ئەم هێزانەی ناوەتە هەلوێستیکی رادیکالترەوە. بەم مەعنایە ئێمە لە واقعییەتیکی زۆر سادەوە بۆی چووین. ئەویش ئەوەیە کە ئێران کۆمەڵیکی سەرمایەداری‌یە و کوردستانی ئێرانیش بەشیکە لەو کۆمەڵگایە.

پاشان هەولمان دا کۆمەڵە وەك واقعییەتیکی عەینی لە جەرگەی ئەم هەلومەرجە کۆمەڵایەتی‌یەدا بێنێنە بەرچاوی خۆمان و بە چاوی کرێکاریکی سوسیالیستی تێگەیشتوون لە بەرژەوەندی چینایەتی خۆی، حەرەکەتی کۆمەڵە تاریخ و سەردەمی خۆی دا لە سەرەتای پێك هاتنیەوە هەتا ئەمرۆ، چاو لی بکەین و بزانین کۆمەڵە لە چ هەلومەرجیکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا پێك هات، ئەو دەورە و قوناغانەی کۆمەڵە تێپەری کردوون کامانەن و لە هەر دەورەیەکدا چ وەڵامیکی بەنیاز و پێویستی‌یەکانی کۆمەڵی خۆی داوەتەوە. بە کام مەنزل و قوناغی چارەنووس سازدا هاتوە و ئەمرۆ لە روانگەی چینە کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە بووەتە چی و لە نیو چینی کرێکاردا چ جیگا و شوینیکی هەیە.

بەم جۆرە ئێمە لە لێکولینەوەکەمان دا کۆمەڵەمان وەك مەوجوودییەتیکی لە حالی گوران و تەکامول و گەشە کردن دا، لە جەرگەی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی‌یەدا کە ئیشارەی پی‌کرا هێنایە بەرچاو. ئەم لێکولینەوەیە نیشانی داین کە حاسلی گەشە و گورانی کۆمەڵە لە هەر دەورەیەك دا جگە لە بە هێز بوونی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی هیچی‌تر نەبووە. لەوانەیە ئەم یان ئەو بەڵگە و نووسراوەمان کە لە فلان تاریخ دا بلاو کراوەتەوە جێگای ئیراد گرتنی هەبی، لەوانەیە کەم و کووری‌یەك لە فلانە یان فیسارە کارکردمان دا بەدی بکری، بەڵام سەرەرای هەموو ئەمانە ئەگەر کەسێك ئەمرۆ بروانیتە بۆچوونەکانمان، فەعالییەتی عەمەلیمان، شیوەکانمان و ئەو رێبازە کە بۆ خەبات و ئامانجەکانی خۆمان دیاری دەکەین، ئەو رەوتە روو لە گەشەیەی تێدا دەبینی. رەوتی گەشە کردنی کۆمۆنیزمیکی غەیرە رووناکبیرانە، کۆمۆنیزمیکی کرێکاری لە جەرگەی بزووتنەوەیەکی شۆرشگێرانەدا، لە نیو کۆمەڵەدا رەوتیکی واقیعی و حاشا هەڵنەگرە و پتەوی و شادابی سیاسی کۆمەڵە لە هەر دەورەیەك دا هەر لە سایەی ئەو تایبەتی‌یەوە بووە کە کۆمەڵە رووی لە گەشە و تەکامول و بەرەوپێش چوون بووە.

ئەو لێکولینەوەیە پێویست بوو. چونکوو ئەمرۆ لە ریزەکانی ئێمەدا زۆر کرێکار و کۆمۆنیستی تازە پی‌گەیشتوو هەن کە بە ریزی بزووتنەوەی چینایەتیمانەوە پەیوەست بوون یان سەر بەم بزووتنەوەیەن بەڵام خۆیان لەم پروسە و رەوتە تێپەر نەبوون و ئێمە وەزیفەمانە پەیوەندی نیوان خەباتی ئەمرۆی ئەم کەسانە و ئەم تاریخە واقیعی‌یە یان پی‌نیشان بدەین و بەم جۆرە تەجرەبەکانمان، هەلس و کەوت و هەوراز و نشیوەکانی خەباتمان بکەینە بناغەیەك بۆ پەروەردە کردنی تێکۆشەرانیکی وشیارتر و خاراوتر. ئەم لێکولینەوەیە ئیمکانی پی دەداین کە بە زمان و بەیانیکی پاراوتر و روشنتر و بە پێی دوایین پلەی دەرك و تێگەیشتنمان، باسی ئەو مەسەلانە بکەین کە پێشتریش باسمان کردوون. وە بەم جۆرە کەم و کووری‌یەکانمان ببێنێنەوە وە ئەو کوسپانە لەسەر رێگامان لابەین کە رەوتی بەرەوپێش چوونمانیان شینەیی تر دەکردەوە و ناچاریان دەکردین هێزیکی زیاتر لە رادەی پێویست بۆ پێشرەوی‌یەکانمان سەرف کەین.

هەر لێرەدا ئەوەش بڵێم کونگرەی پێنجەمی کۆمەڵە کە بە شوین کونگرەی دووهەمی حیزبی کۆمۆنیست دا نزیك دوو ساڵ و چەند مانگ لەوە پێش گیرا، سەبارەت بە جێگا و دەوری تەشکیلاتی کۆمۆنیستی لە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان دا دەرگای گەلیك قسە و باسی گرینگی بەروومان دا کردەوە. لە دوو ساڵی رابوردوودا باسەکان و جیهەت گیری‌یەکانی کونگرەی پێنجەم زۆر بە شوور و شەوقەوە شوینیان گیراوە و من پێم وایە کونگرەی شەشەم شەقلی خۆی بە پێشرەوترین و روشنترین بوچوونەکانەوە کە لەم زەمینەیەدا شکلیان گرتبوو.

لە باسی "جەمع بەندی فەعالییەتی تا ئێستای کۆمەڵە"دا هەروەها هەندیك مەسەلەی وەك ئەوە کە "ئامانجە بنەرەتی‌یەکانی کۆمەڵە لە کوردستان کامانەن؟"، "دەوری کۆمەڵە لە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان دا چیە؟"، "جێگای مەسەلەی میللی و خودموختاری"، "پەیوەندی خەباتی چینایەتی و بزووتنەوەی ئەمرۆی کوردستان"، "خەباتی چەکدارانە و دەوری ئەو خەباتە بۆ ئێمە"، باسیان کرا و وەڵامیان پی درایەوە.

**پرسیار: هاوری ئیبراهیم بە پێی ئەو خالانەی باست کردن، پێمان باشە بزانین ئەم باسانە چ نەتیجەیەکیان لی گیرا؟**

وەڵام: زۆر شت هەن کە دەکری وەك نەتیجەی باسی "جەمع بەندی فەعالییەتی تا ئێستای کۆمەڵە" ئیشارەیان پی بکەین. بەشیك لەم نەتیجەگیری‌یانە لە بریارنامەی ستراتیژی ئێمە لە بزووتنەوەی کوردستان دا گونجاون. جگە لەوە، ئەم باسە لە دریژەی خۆی دا چووە سەر هەندیك مەسەلەی سەرەکی لە زەمینەی تئوریك، تاکیتکی و شیوەی خەبات دا کە باسی سەرخەتی گرینگترین مەسەلەکانم کرد، بە هیوام بتوانین ئەوانەش بۆ راگەیاندن و بلاو کردنەوەی عەلەنی ئامادە بکەین. بەڵام لە وەڵامی ئەم پرسیارە دا دەمەوی لەسەر دوو خالی دیکەش سەبارەت بە نەتیجەکانی ئەم باسە تەئکید بکەم.

یەکیان روانینیك بوو سەبارەت بە تاریخی بە تایبەت دەساڵی رابوردووی کوردستان و تاریخی کۆمەڵە.

⟸

بۆچوونیکی باو کە بورژوازی کورد و چەپی رووناکبیری ئێران بەردەوام پەرەی پی دەدەن، هەول دەدا کوردستان تەنیا وەك مەیدانی خەباتیکی گشتی بۆ نەهیشتنی ستەمی میللی، بۆ خودموختاری، چاو لی بکا و وانیشان بدا کە کیشە و لە رووی یەکدا وەستانەوەی حیزبە سیاسی و چینایەتی‌یەکان لە کوردستان گویا کیشەی نیوان بالی چەپ و بالی راستی ئەو بزووتنەوەیەیە.

ئەم بۆچوونە لە لایەن جەرەیاناتی رووناکبیری‌یەوە رەنگە بە دوو دەلیل پەری پی بدری، یەکیان ئەوەیە کە سەلماندن و قوبوول کردنی گەشە و هەولدانی کۆمەڵە وەك جەرەیانیکی کۆمۆنیستی، راستەوخۆ بە مانای تەریك کەوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی جەرەیاناتی غەیرە کرێکاری و رووناکبیری بە روالەت سوسیالیستە و هەموو ئەم کیشەیەش هەر لە بەرانبەر ئەم واقعییەتەدایە و بۆ پاراستنی ئەو مەوقعییەتە بی مایە و بی بناغەیەیە کە ئەم جەرەیانانە تێیدا بەسەر دەبەن. دەلیلی دووهەم ئەوەیە کە هیشتا ئەم بۆچوونە لە بزووتنەوەی ئێمە دا دەبیندری کە گویا زەمنیە و بناغەی گەشە و هەڵدانی جەرەیانی سوسیالیستی و رادیکال، نەك بە پشت بەستن بە چینی رادیکالی کۆمەڵایەتی مەوجوود چینی کرێکار بەڵکوو بە "کەلك وەرگرتن" لە ئیحساساتە و داخوازە میللی‌یەکان پێك دی. ئەم بۆچوونە نەتەنیا خۆی لەوە دەدزیتەوە کە بە ئاشکرا لە رووی سوننەت و بۆچوونە ناسیونالیستی‌یەکان دا راوەستی، بەڵکوو لە ئاکام دا لەگەلی دەکەوێتە سەنگەریکەوە. ئێمە هەوڵمان دا لەو باسەدا نیشان بدەین کە لە لێکولینەوە و هەڵسەنگاندنی تاریخی کوردستان و تاریخی کۆمەڵەدا، واقعییەتی عەینی رێك بە پێچەوانەی ئەم تەعبیراتەیە.

کوردستان کۆمەڵێکی چینایەتی‌یە و خەبات لەم کۆمەڵگایەدا بە هەموو مەیدان و شکلە جۆراوجۆرەکانیەوە، بە غەیری بەرژەوەندی واقیعی چینەکان بە پێی هیچ شتیکی‌تر بەرەوپێش ناچی. ئەم کیشە چینایەتی‌یە لە دەساڵی رابوردوودا، لە مەیدانی خەباتی هەموو رۆژەی جەماوەردا، لە وجوودی نوینەرانی سیاسی یان دا و لەو وەڵامانەدا کە بە مەسەلە جوراوجۆرەکانی ئەم خەباتەی دەدەنەوە وە لە جوملەی ئەوانە لە وەڵامیك دا کە بە مەسەلەی میللی شیان دەداوە بەرچاو دەکەوی. لە دەساڵی رابوردوودا لە کوردستان خەباتیکی جەماوەری و هەمەلایەنە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات دا بەردەوام بوو. موقاوەمەتی چەکدارانە بەرانبەر بە سەرکوتی نیزامی، موقاوەمەتی هەموو رۆژە بەرانبەر بە ملهوری مەئمووران و بەکریگیراوانی رژیم، خەبات بۆ باشکردنی وەزعی گوزەران لە کارگاکان و شارەکان و لە دێهات، خەباتی کرێکاران لە دژی خاوەن کاران و دەوڵەت بۆ وەدەست هێنانی ماف و داخوازەکانیان، تێکۆشانی کرێکاران لە مەیدانی تر دا وەك ریزگرتن لە یەکی ئەیار بۆ دەرخستن و نیشاندانی وجوودی چینایەتی، خەباتی زەحمەتکێشانی دێهات لە دژی ئاغاوات و سەرمایەداران، خەباتی ژنان لە دژی فشار و ستەمی فەرهەنگی و سیاسی و دواکەوتوانە وە بۆ گەیشتن بە مافی بەرابەر لەگەل پیاوان لە کۆمەڵ دا، خەبات بۆ دیموکراسی لە کۆمەڵی کوردستاندا، وەدەیان مەیدانی‌تر و شکلی‌تری خەبات.

لە هەموو ئەو مەیدانانەدا کە ئیشارەم پی کردن تاریخی واقیعی کوردستان نیشان دەدا کە رەوت و بۆچوونیکی رادیکالی کرێکاری بە هەموو هێز و توانایەوە لە هەموو دەورەیەك دا هەولی داوە ئەم خەبات و تێکۆشانە بە پێی قازانج و بەرژەوەندی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بەرەوپێش بەری و شیوە چینایەتی‌یەکانی خۆی بێنێتە گۆر و جێگیریان بکا. تاریخ نووسیك کە نەیەوی واقعییەتەکانی ئەم کۆمەڵگایە بشارێتەوە، دەبی تاریخی واقیعی کوردستان پێش هەموو شتیك وەك تاریخی خەباتیکی چینایەتی نیشان بدا.

بەڵام کۆمەڵە کەوتوەتە کویی ئەم تاریخە واقیعی‌یە، یانی تاریخی خەباتی چینایەتی؟ کوردستان لە دەساڵی رابوردوودا زیاتر لە هەمیشە کۆمەڵێکی حیزبی بووە. حیزبە سیاسی‌یەکان دەوریکی سەرەکی و چارەنووس سازیان لە حەرەکەت و جم و جوولەکانی دەساڵی رابوردوودا بوە و بەم پی‌یە شەقلی سیاسەت و جیهەت گیری‌یەکانی خۆیان بەم خەباتەوە ناوە. کیشەی حیزبە سیاسی‌یەکان لە سەر ئەو وەڵامانە کە نەتەنیا بە مەسەلەی میللی بەڵکوو بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی ئەم کۆمەڵگایەیان داوەتەوە، بەشیك بووە لەم خەباتە چینایەتی‌یە لە کوردستان.

وجوودی چینی کرێکار لە کۆمەڵێکی سەرمایەداری دا، لە کوردستان ئیمکانی بۆ هەڵدانی گەرایشی سوسیالیستی لەم کۆمەڵگایە دا پێك هێناوە و کۆمەڵە بەو وەڵامانە کە بە هەر رادەیەك، لە هەر قوناغیك دا لە روانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکارەوە بە هەموو مەسەلەکانی ئەم کۆمەڵگایەی داوەتەوە گەشەی کردوە و بە پشت ئەستووری ئەم بناغە مادی‌دی‌یە واقیعی‌یەیە کە توانیویەتی فشاری سوننەتی دواکەوتوانە و بەرچاو تەنگانە و ناسیونالیستی پووچەل بکاتەوە و حاسلی ئەم خەباتە لە دەساڵی رابوردوودا ئەوە بووە کە سوننەتی ناسیونالیستی لە بەرانبەر سوننەتی سوسیالیستی دا بەردەوام پاشەکشەی کردوە. کۆمەڵە لە خەباتی کولنەدەرانەی دا لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی، لە هەول و تێکۆشانی دا بۆ پووچەل کردنەوەی سات و سەودا و معامەلەی حیزبی بورژوازیی لەگەل ئەو دەوڵەتە، لە خەباتی بۆ رزگاری ژنان و لە قەیدی سوننەت و نابەرابەری‌یە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکان، لە شەر و رووبەروو بوونەوەی لەگەل حیزبی بورژوایی دا و لە دیفاعی دا لە دیموکراسی و مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش، لە هەموو ئەمانەدا، جگە لە کۆکردنەوە و هەڵخراندنی هێزیکی چینایەتی، جگە لە پشتیوانی لە کوردستان، کرێکار و زەحمەتکێش لە ئێران، نەیتوانیوە پشت بە هیچی دیکە ببەستی، وە کۆکردنەوە و هەڵخراندنی ئەم هێزە چینایەتی‌یە تەنیا بۆیە ئیمکانی بووە کە کۆمەڵە لەم خەباتەدا لە سەنگەری کرێکار و زەحمەتکێش دا بووە. لەم رووەوە، لەم خەباتە چینایەتی‌یەدا کۆمەڵە دەکەوێتە ئیدامە و جەرگەی تاریخی کرێکاری کوردستانەوە.

مەسەلەی دووهەم ئەوەیە کە مەوقعییەتی ئێستای کۆمەڵە، بە چ سەنگ و پێوانەیەك بەراورد دەکری؟ بۆچوونیکی رایجی دیکە ئەوە بوو کە کۆمەڵە نەك وەك کۆمۆنیزمی رێکخراو لە کوردستان، بەڵکوو وەك بەشی "رادیکال" و "پەیگیر" و "کولنەدەر"ی نیو بزووتنەوەی میللی و گشتی لە کوردستان چاو لی بکا و بەو بۆنەوە رەنگە "ئیحترام"ی بگری.

لەوەش بەرتەسك تر و مەحدوودتر ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی شەری چەکدارانە لەگەل رژیمی جمهووری ئیسلامی یەکیك لە مەیدانەکانی فەعالییەتی کۆمەڵە بووە، ئەم "بۆچوونە" هەمیشە ئەم بارەی گرتوە کە کۆمەڵە تەنیا وەك هێزیکی چەکدار بەرچاو بخا و پێشرەوی و پاشەکشەکانی ئەم مەیدانەی فەعالییەت بکاتە سەنگ و پێوانە بۆ هەڵسەنگاندنی بزووتنەوە و کۆمەڵە. ریشەی ئەم بۆچوونە رێك دەچێتەوە سەر سوننەتەکانی خەباتی ناسیونالیستی دا خەباتی چەکدارانەی هێزی پێشمەرگە وەك تاقە شکلی موعتەبەری ئیعتیراز لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی چاوی لی دەکری و شکلەکانی تری ئیعتیرازی خەڵك بە پێی ئەم سوننەتە ئەو پەرەکەی وەك پشت جبهە و هەندیك جم و جوول کە لە خزمەت ئەم شکلەی خەبات دا بووە چاوی لی کراوە. هەر بۆیە پاشەکشە و پێشرەوی نیزامی، سەنگ و پێوانەی سەرەکی سەرکەوتن و سەرنەکەوتن بووە و بووەتە هۆی سەرەکی چوونە سەر و هاتنە خواری "ورە". لەم رووەوە، بە پێی ئەم سوننەتە، بزووتنەوە تەنیا لە خەباتی چەکدارانەدا و حیزبە سیاسی‌یەکان تەنیا لە هێزی نیزامی دا، خولاسە دەکرێنەوە. هەر بە پێی ئەم بۆچوونەیە کە بە توند و تیژ بوونەوەی فشار و پاشەکشەی نیزامی، حیزبە ناسیونالیستەکان لە کوردستان تووشی بی ئاسویی و داماوی عەمەلی دەبن و هەر جەرەیانیك کە بۆ هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی ئەم سەنگ و پێوانەیە بەکار بێنی، بەناچار هەر بەو نەتیجەگیری‌یانە دەگا کە گەرایشی ناسیونالیستی پێی دەگا.

ئەگەر ئەمرۆ لەم روانگەیەوە چاو لە بزووتنەوەی کوردستان و کۆمەڵە بکەین، هەرچی دەی‌بینین بە دریژایی ئەم چەند ساڵە پاشەکشە بووە. هێزیك کە رۆژیك شارەکانی کورستانی بە دەستەوە بوو و بە دریژایی چەند ساڵ لە بەشیکی بەرینی دێهاتی کوردستان ئازادانە فەعالییەتی کردوە، ئەمرۆ لە باری نیزامی‌یەوە بە شکلی پارتیزانی متحرك فەعالییەت دەکا، بنکە و مقەرەکانی خۆی کێشاوەتە ئەودیوی سنوورەکان. دیارە لە مەنتەقی نیزامی دا ئەمە بێجگە لە پاشەکشە هیچی تر نیە. بەڵام ئایا کرێاریکی سوسیالیستیش لە کوردستان ئەگەر ئەمرۆ مەوقعییەتی چینی خۆی لەگەل ساڵانی ٥٦ و ٥٧ موقایەسە بکا، هەر بەم نەتیجەیە دەگا؟ خۆریچکخستنی قوتبیکی پتەوی کۆمۆنیستی بەرانبەر بە حیزبە بوژوازی‌یەکان و تەریك هێشتنەوە و بە تاك خستنەوەی جەرەیاناتی رویزیونیستی، رێگا کردنەوە بۆ دەخالەتی سەربەخۆی چینی کرێکار لە مەیدانی سیاسی کوردستاندا، هێنانە گۆری داخوازی پرولیتری لەم بزووتنەوەیەدا، پێش گرتن بە پەرەگرتنی بیرورا و سیاسەتە بوژوایی‌یەکان بە بیانووی مەسەلی میللی‌یەوە، بردنە سەری تەوەقوعاتی دیموکراتیك و ئاشنا کردنی زەحمەتکێشان لەگەل مافە سەرەتایی‌یەکانی خۆیان، کەلك وەرگرتن لە هەلومەرجی خەباتکارانەی مەوجوود بۆ پەرەپی دانی کۆمۆنیزم و پتەو کردنەوەی پەیوەندی نیوان کۆمۆنیزم و چینی کرێکار، پێش گرتن بە پەل و پو هاویشتنی کونەپەرستی ئیسلامی لە کوردستان، ئەمانە و گەلیك مەیدانی‌تر، ئەو پێشرەوی‌یانەن کە کرێکاران وشیار لە کوردستان دەتوانی هەموویان ببینی و خۆی پەنجە بۆ گەلیك نموونەیان راکێشی. هەڵسەنگاندنیك لەم روانگەیەوە، بەروونی نیشان دەدا کە کرێکارانی کوردستان پالپشتی زۆر قایمیان بۆ پێشرەوی‌یەکانی داهاتووی خۆیان دارژتوە و نەتیجەی زۆر هیوابەخەشتر لە خەباتی تا ئێستای خۆیان وەردەگرن.

ئەوە هیچ گومانی تیدانیە کە پێشرەوی نیزامی و سەنگ و سووکی‌یەکی باشتر لە نیوان هێزەکان دا، لە ریزی خەباتی نیزامی کرێکارانیش دامەعنای هەیە و ئەم پێشرەوی‌یە نیشانەیەکە بۆ قودرەتمەندی ریزی کرێکاران. بەڵام لە هەمان کات دا پێم وانیە کرێکارانی وشیاری کوردستان قەت تووشی ئەم خوشباوەری‌یە بووبن کە پێیان وابی گویا بەشە چەکدارەکەیان، بەبی خەباتی رێکخراو و سەراسەری و چینایەتی کۆمەڵایەتی کرێکار، رۆژیك، سەرکەوتن دەباتە بەر درگای مالیان و پێشکەشیان دەکا. بۆیە کرێکاری وشیار لە کوردستان سەنگ و پێوانەی واقیعی‌تری بۆ بەراورد کردن و هەڵسەنگاندنی مەوقعییەتی ئێستای خۆی هەیە. لە روانگەی کۆمۆنیزم و چینی کرێکارەوە لە کوردستان سەرەرای پاشەکشەی نیزامی، جگە لە پێشرەوی هیچی‌تر نابینری.

**پرسیار: هاوری ئیبراهیم! دوای "جەمع بەندی فەعالییەتی تا ئێستای کۆمەڵە"، کونگرە چووە سەر باسی ستراتیژی کۆمەڵەلە بزووتنەوەی کوردستاندا کە بریارنامەکەی لە دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە بلاو کراوەتەوە. لیرەدا پرسیارمان ئەوەیە: لە رابوردوودا تەرحی وەك تەرحی ٨ ماددەیی مەهاباد و سنە و تەرحی تریشمان بووە و هەروەها بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاری کوردستان. بە لەبەر چاو گرتنی ئەم باسە و باسەکانی کونگرە، ئەمانە چیان لی دێتەوە؟**

وەڵام: هەروەك ئیوەش ئیشارەتان پی کرد ئیمە لە ساڵانی رابوردوودا تەرح و گەلالەی جۆراوجۆرمان بۆ خودموختاری کوردستان بووە و تەنانەت ساڵی ٥٨ لە "هەیئەتی نوینەرایەتی گەلی کورد"دا تەرحیکی هاوبەشمان لەگەل باقی ئەندامانی هەیئەتەکە ئیمزا کرد. هەرکام لەم تەرح و بەرنامانە لە چوارچێوەی تاریخی تایبەت دا نووسراون. بە شوین ئەم باسەی ئەمرۆمان دا قەرار نیە هیچ تەرحیکی دیاری کراو دەسکاری بکری. بەڵام ئەو بەڵگەیە کە بە نیوی "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاری کوردستان" ئێستا هەیە، لە دووبەش پێك هاتوە کە دەکری لیك جیا بکرینەوە. یەکیان داخوازی خەڵکی کوردستانە لە دەوڵەتی مەرکەزی کە بریتی‌یە لە کۆمەڵیك ماف و دەسەلات کە دەبی دەوڵەتی مەرکەزی بیان سەلمینی و پەیوەندی خەڵکی کوردستان لەگەل دەوڵەتی مەرکەزی بە پێی ئەوە تەنزیم بکری، کە ئەم بەشە لەو بەڵگەیە دا بە نیوی "بنماکانی خودموختاری" ناوی براوە. ئەوی‌تر بەرنامەیەکە بۆ دەسەلاتدارەتی شۆرشگێرانە دیموکراتیك لە کوردستاندا کە توانیویەتی خودموختاری‌یەکەی لە دەوڵەتی مەرکەزی بستێنی، ئەم بەشە، ئەساسەن شکلی ژیان و پەیوەندی چینەکان لە نیو کۆمەڵی کوردستاندا دیاری دەکا. ئێمە بە بی ئەوەی هیچ گورین و دەسکاری کردنیکی ناوڕۆکی ئەو بەڵگەیە بە پێویست بزانین، بەو باسانەوە کە لە کونگرەدا کردمان، لەمەودوا ئەو دوو بەشە وەك دووبەشی تەواو جیاواز چاو لی دەکەین.

بەشی یەکەم، یانی بنەماکانی خودموختاری، داخوازی هاوبەش و گشتی لە کوردستانە و حیزبی بورژوازی کوردیش داوای دەکا، کە دەکری ئیشارە بە هەندیك جیاوازی بنەرەتی بکەین کە تەرحی ئێمە لەم زەمینەیەدا لەگەل تەرحەکانی تر هەیەتی. بەڵام لە هەر حال دا ئەم جیاوازی‌یانە ئەو خالانەنین کە سنووری نیوان ئێمە و بورژوازی کورد لەو ئامانجانەدا کە لە کوردستان بە شوینیانەوەین دیاری بکەن. بەڵام بەشەکەی دیکە یانی موناسباتی ناوخۆی کۆمەڵی کوردستان و داخوازە کرێکاری‌یەکان و شتی‌تر، ئەمانە ئەو مەسەلانەن کە لە نیو کۆمەڵگای چینایەتی کوردستاندا کیشەیان لە سەرە. ئێمە دەمانەوەی بورژوازی مەرکەزی، ئەسلی خودموختاری قەبوول بکا و دیاری کردنی تەکلیفی ئەم کیشەیە بسپێردرێتە تەناسوبی هێزە چینایەتی‌یەکانی پرولیتاریا و بورژوازی لە کوردستان.

ئەگەر لە دەورەیەك دا کەویست و داخوازەکانی چینی کرێکار لە ژیر پەردەی بزووتنەوەیەکی گشتی‌دا فەراموش دەکران و رێگایان پی نەدەدرا بکەونە سەرووی داخوازەکانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەوە، لەو کاتدا نەفەسی گونجاندنی ئەم داخوازانە لە بەڵگەکانمان دا لە هەر قالبیك دا هەنگاویکی گرینگ بوو بەرەوپێشەوە، بەڵام ئەمرۆ ئەمە بە کافی نازانین. ئەوەی ئەمرۆ زۆرگرینگە ئەوەیە کە داخوازە کرێکاری‌یەکان و ئامانجەکانی چینی کرێکار بە تەواوی خۆیان لەو کلیشە و قالبانە کە بە پێی سوننەتەکانی پێشوو داریژراون، رزگار بکەن و سەربەخۆ بهێنرێنە گۆر.

مەسەلەکە بە شیوەی واقیعی ئەوەیە کە لە کوردستان ستەمی میللی یەکیك لەو شکلە ستەمانەیە کە سەرمایەداری پێك هێنەر و پاریزەریەتی، لە چەشنی بی عەدالەتی‌یەکانی تر وەك نابەرابەری ژن و پیاو، ستەمی مەزهەبی و لە هەمووان گرینگتر نابەرابەری کۆمەڵایەتی، چەوسانەوە و..... چینی کرێکار و هەروەها حیزبی سیاسی کرێکاران وەك جەرەیانیك کە لە دژی هەموو شکلیکی بی عەدالەتی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان و هەرچەشنە نابەرابەری و زۆڵم و زۆریك لە کۆمەڵدا خەبات دەکا و خوازیاری ژیرە و ژوور بوونی نیزامی چەوسێنەر و ستەمکاری سەرمایەداری‌یە، تەرح و گەلالەی خۆی بۆ نەهێشتنی ستەمی میللی تەنزیم دەکا و رای دەگەینی و هەر لەم روانگەیەشەوە کۆمەڵە گەلالەیەکی بۆ خودموختاری دیاری کردوە. بەڵام ئیتر پێویست نیە تەرح و

گەلالەی ئێمە بۆ خودموختاری، ئەم چوارچێوە گشتی‌یە بی کە هەموو ئامانج و داخوازەکانی کرێکاران لە خۆی‌دا کوبکاتەوە. چونکوو بە شیوەی واقیعی چوارچێوەیەکی تەنگە.

بەلام باسی ستراتیژی بۆ ئێمە باسیکی عەمەلی‌ترە. رەنگە ناوی "ستراتیژی" چونکە زیاتر لایەنی نیزامی مەسەلەکە وەبیر دەهێنێتەوە، زۆر موناسب نەبووبی، بەڵام ئەو تەرحە کە لە ژیر ئەم نیوەدا پێشکەش کراوە هەموو لایەنەکان و هەموو قوناغەکانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە لە کوردستان تێدا گونجاوە. گرینگی هێنانە گۆری ئەم بەڵگەیە کاتیك زیاتر خۆنیشان دەدا کە ئەم واقعییەتە ببێنین کە هەم ئەو ئاسویەی بە شیوەی سوننەتی ناسیونالیستەکان بۆ بزووتنەوەی کوردستانیان دیاری کردوە، لە نیو جەماوەری خەڵك دا ئیعتیباری نەماوە و هەم حیزبە ناسیونالیستەکانی بی لیاقەتی خۆیان لە وەدی هێنانی ئەو داخوازانەدا کە کردویانەتە ئالای خۆیان بە خەڵك نیشان داوە. بۆیە لە هەلومەرجیك دا کە کۆمەڵەی سوسیالیست لە کوردستاندا زیاتر لە هەمیشە بووەتە جەرەیانیك کە جەماوەری زەحمەتکێش هیواکان و عەدالەتخوازی خۆیان لی ئالاندوە، پێویست بوو جاریکی‌تر، بە وردی و روشنی‌یەکی زیاترەوە و لە ژیر تیشکی باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری دا، ئاسوی خەبات و ئامانجەکانی کرێکاران لەم بزووتنەوەیەدا بخاتە بەرچاو. بریارنامە و باسەکانی ئێمە سەبارەت بە ستراتیژی ئێمە لە بزووتنەوەی کوردستاندا، نیشاندەری ئەو هەوڵدانەی ئێمەیە.

پرسیار: هاوری ئیبراهیم! ئیشارەتان بەوە کرد کە تەئکیداتی ئێمە لەسەر مەسەلەی خودموختاری جیاوازی هەیە لەگەل حیزب و هێزە بورژوایی‌یەکان. تکایە لەم بابەتەوە تەوزیحیکی زیاترمان بۆ بدە؟

وەلام: یەکەمین مەسەلە کە ئێمە تەئکیدی لەسەر دەکەین ئەوەیە کە ئێمە خوازیاری حەل بوون و چارسەر بوونی مەسەلەی میللین، بەم مانایە دەمانەوەی ئەم کوسپە بە دیموکراتیك ترین شیوە لە سەر رێگای کرێکار و زەحمەتکێشی کورد لاچی هەتا ناکوکی‌یە چینایەتی‌یە واقیعی‌یەکان لەم کۆمەڵگایەدا بە ئاشکراترین شێوە خۆنیشان بدەن. بورژوازی محەللی هەمیشە بە بیانووی بوونی ستەمی میللی هەول دەدا واقعییەتە چینایەتی‌یەکانی ئەم کۆمەڵگایە پەردەپوش بکا. بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە ببرێتەوە و بۆ ئەوەی هەر جارە و لە هەر قوناغیك دا بورژوازی ئەم ستەمە نەکاتە بیانوو بۆ ئەوەی چینی کرێکار بکاتە هێزی زەخیرەی خۆی، ئێمە خوازیاری ئەوەین هەر تەرح و گەلالەیەك، هەر شکلیکی لەنیو چوونی ستەمی میللی (خودموختاری، دەولەتی فیدرالی، جیابوونەوە و شکلی‌تر) بە نەزەر و بیروڕای خەڵکی کوردستان بسپێردری. بە خەڵك ئیمکانی بدری کە لە ریفراندومیك دا کەلك لەم مافەی خۆیان وەرگرن.

دووهەمین خال کە ئێمە تەئکیدی لەسەر دەکەین ئەوەیە کە ئێمە خوازیاری جی‌گیر بوون و پایەدار بوونی دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی جەماوەرین. لەم رووەوە بەرنامەی سیاسی ئێمە دەبی ئەو زەمانەتە عەمەلی‌یانەی تێدا بی کە نەکری ئەم دەسکەوتانە بە ئاسانی بستێندرێنەوە. ئەگەر بۆ بورژوازی محەللی قەول و قەراری دەولەتی مەرکەزی کافی‌یە، بۆ ئێمە کافی نیە. بەم بۆنەوە ئێمە داواکاری چوونە دەری هێزە سەرکوتگەرەکانی دەولەتی مەرکەزین کە کوردستانیان بە پێچەوانەی مەیلی خەڵکەکەی داگیر کردوە. ئێمە داواکاری ئەوەین کە هات وچو و ئازو گویزی هێزەکانی دەولەتی مەرکەزی لە کوردستان کە بە بیانووی دیفاع لە سنوورەکانەوە دەیکەن، مەحدوود بێەوە و بکەوێتە گرەوی ئیجازەی ئورگانە محەللی‌یەکانی دەسەلاتی جەماوەری. تەئکید کردن لەسەر ئەم مەسەلەیە لە باریکی دیکەشەوە بۆ ئێمە پێویستە، چونکوو بە دلنیایی دەکری بڵێین وە تەجرەبەش جگە لەمە هیچی دیکەی نیشان نەداوە کە دەخالەتی هێزەکانی دەولەتی بورژوایی مەرکەزی لە کوردستان تەرازووی هێزەکانی پرولیتاریا و بورژوازی لە کوردستان بە قازانجی بورژوازی کورد قورس دەکا و دەخالەتی ئەم هێزە دەکەوێتە خزمەت پاراستنی مەوقعییەتی بورژوازی محەللی.

وە تەئکیدی سێهەممان ئەوەیە کە ئێمە ئەساسەن خوازیاری یەکگرتوویی کرێکارانین لە چوارچێوەی سیستمیکی شوورایی دەسەلاتدارەتی جەماوەری دا لە کوللی ئێران و ئەم یەکگرتنە تەبلیغ دەکەین و پێمان وایە بەرینایی ماف و ئازادی‌یە ئینسانی‌یەکان بۆ خەڵکی کوردستان لە نیزامیکی ئاوادا و بە یەکگرتن لەگەل کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران زۆر لەوە زیاترە کە بورژوازی کورد بە ناوی خودموختاری وە یا بە هەر ناویکی‌تر دەی هێنێتە گۆر.

**پرسیار: پرسیاری ئاخرمان سەبارەت بە خەباتی چەکدارانەیە. بە گشتی سیاسەت و رینوینی‌یەکانی کونگرە بۆ بەرەوپیش بردنی فەعالییەتی حیزب لەم مەیدانەدا چ بوون؟**

وەلام: سیاسەتی جەنگی‌مان لەم دەورەیەدا بە لەبەر چاو گرتنی ستراتیژی گشتی‌مان و لیکدانەوەیەك کە لە قوناغی ئێستامان هەیە، بەلەبەر چاو گرتنی نەتیجەکانی شەری ئێران و عێراق و مەوقعییەتیك کە ئەم شەرە لە کوردستان پێکی هێناوە، بەلەبەر چاو گرتنی هەڵسەنگاندنی کەم و کووری‌یەکان و نوقتە قوەتەکانی فەعالییەتی نیزامی تا ئێستامان و بەلەبەر چاو گرتنی ئیمکانی شەر هەلایساندنی جناحیی کونگرەی هەشتەمی حیزبی دیموکرات کە ئاگر بەسی ئێمەی قەبوول نەکردوە، دیاری کراوە. هەر کام لەم هۆیانە لەسەر چەند و چونی فەعالییەتی ئێمە تەئسیر دادەنین و ئێمە هەولمان دا رادە و جۆری ئەو تەئسیراتە بدەینە بەر لێکولینەوە و پوختەی کەین. ئێمە هەولدەدەین بە پێی هەڵسەنگاندنی واقیع بینانەی وەزعییەتی ئێستا بە دانستە ئەرکی بەجێ و حیساب کراوتر بنێینە دەستووری فەعالییەتی نیزامی خۆمانەوە و لە چوارچێوەی ئیمکانات و مەقدوراتی ئەم دەورەیەدا هێزی نیزامی خاراو و ئامادەی کۆمەڵە زیاتر بکەین. لەو تەئکیداتە کە لە کونگرە دا لەسەر سیاسەتی نیزامی‌مان کران، دەتوانم ئیشارە بە چەند خالی سەرەکی بکەم:

توانایی رەزمی تەشکیلاتی عەلەنی بە گشتی دەبی بەرینە سەر. هەلومەرجی ئێستای کوردستانی ئێران و تەنانەت سنوورەکان ئامادەیی نیزامی زیاتر و گاردی نیزامی جیددی‌تریان پی دەوی. کاری نیزامی دەبی زیاتر ئوسوولی عیلمی بێنێتە کایەوە و لەم بابەتەوە گەشەی پی بدری.

ئاموزشی نیزامی بالاتر بۆ ئامادە کردنی واحیدی رەزمی لێهاتووتر و بە تواناتر دەبی بایەخیکی زیاتری پی بدری. عەمەلیاتی نیزامی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، ئامانجدارتر و بە دانستەتر بی و ئەو واحیدانەی بەرێوەی دەبەن لە باری رەزمی‌یەوە ئامادەتر بن. پاراستنی هێزەکان و کەم کردنەوەی تەلەفات لە عەمەلیاتەکاندا بە جیددی لەبەر چاو بگیری. پێشمەرگەی تازە پێش ئەوەی بچنە مەیدانی شەری قورس مەجالیکی زیاتریان بۆ پەروەردە کردن و ئامادە کردنی خۆیان پی بدری و بە گشتی چەکدار بوون و فەعالییەت کردن لە ریزی خەباتی چەکدارانەی کۆمەڵەدا بە جۆریك بی کە زەحمەتکێشانی کۆمەڵ بۆیان گونجاوتر بی و باشتریان لە دەست بی. لێرەدا پێویستە بڵیم مەرجیکی سەرکەوتنی هەر سیاسەتیکی جەنگی، هاوکاری و یاریدەی خەڵکی تێکۆشەر و شۆرشگێر و زەحمەتکێشانی کوردستانە. واحیدە رەزمی‌یەکانی ئێمە بۆ بەرێوە بردنی سەرکەوتوانەی مەئمووریەتەکانی خۆیان لە هەموو باریکەوە پشت بەم پشتیوانی‌یە دەبەستن.

***

# زەحمەتکێشیکی تێکۆشەر "مام عەلی" گیانی خۆی لە دەست دا

کومیتەی ناوچەی بوکان ئاگاداری کردین کە بە داخەوە لە سەرەتای بەهاری ئەمساڵ دا زەحمەتکێشی تێکۆشەر و وشیار، و لایەنگەری دەلسووزی کۆمەڵە، "مام عەلی" دانیشتووی ئاوایی "تورجان" گیانی خۆی لە دەست دا. "مام عەلی" کە چەندین ساڵ لە ریزی کۆمەڵە و هێزی بەرگری کۆمەڵەدا شان بە شانی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، لە دژی جمهووری ئیسلای و دوژمنانی خەڵکی زەحمەتکێش خەباتی کرد، بە هۆی پیری خۆی و فەقیری و هەژاری خانەوادەکەی ناچار بوو، بگەرێتەوە ئاوایی تورجان "مام عەلی" قەت دەستی لە ئامانجی کۆمەڵە هەڵنگرت و تا دوایین هەناسەی ژیانی شەرافەتمەندانەی بە خەباتی خەڵکی زەحمەتکێش وەفادار مایەوە.

# هاوری "سیف الله شالچی" لە رووداویکی دلتەزین دا گیانی خۆی لە دەست دا

رۆژی ١٢ی مانگی گولان بە داخەوە هاوری "سیف الله شالچی" ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و پێشمەرگەی فیداکاری کۆمەڵە لە رووداویکی دلتەزین دا گیانی خۆی لە دەست دا. هاوری "سیف الله" کە لە سالی ٦٠ەوە بە ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پەیوەست ببوو، خەڵکی تاران بوو. هاوری سیف الله ٧ ساڵ لە ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا بە دلسوزی و فیداکاری‌یەوە بۆ ئازادی و بەرابەری و سوسیالیزم خەباتی کرد.

بە بۆنەوی لە دەست دانی هاوری "سیف الله"وە لە هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشان و خانەوادە و هاورییانی حیزبی پر بە دل سەرەخوشی دەکەین.

# هەوالی لە دەست چوونی تێکۆشەریکی شاری مهاباد

سەرەتای مانگی جوزەردانی ئەمساڵ بە داخەوە کاك "محمەد ئەمین بلوری" ناسراو بە "میرزا مینە"، یەکیك لە تێکۆشەرانی شاری مهاباد و دوستی لە میژینەی کۆمەڵە، گیانی خۆی لە دەست دا. کاك محمەد ئەمین بلوری بە هۆی گەلیك خسووسیاتی شۆرشگێرانەوە، وەك ئینسانیکی تێکۆشەر و خۆشەویست، جیگای متمانەی خەڵکی شاری مهاباد بوو. هەر بۆیە زۆر جار لە لایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی‌یەوە کەوتبووە بەر ئەزیەت و ئازار و زیندانی کرابوو.

میرزا مینە باوکی پێشمەرگەی گیان بەخت کردووی کۆمەڵە، هاروی سولەیمانی بلووری بوو و لە سالی ٥٩وە بە دلسوزی و فیداکاری‌یەکی زۆرەوە لە ئامانج و سیاسەتەکانی کۆمەڵە دیفاعی دەکرد و تا کاتی گیان بەخت کردنی سەرەرای هەموو فشاریکی جمهووری ئیسلامی لە پێناو ئەم رێبازەدا بی وچان خەباتی کرد.

# پەلیکی‌تر لە ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش بە ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پەیوەست بوون

رۆژی ١٦ی مانگی خاکەلیوە، لە مەراسمیکی شکوداردا لە سەدان کەس لە هاورییانی پێشمەرگە و خەڵکی تێکۆشەر بەشداری یان تێدا کرد، پەلیکی‌تر لە ژنان و پیاوانی شۆرشگێر و زەحمەتکێشی خوازیاری پێشمەرگایەتی کۆمەڵە، دوای تێپەر کردنی دەورەی ئاموزشی، چەکدار بوون و هاتنە ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە.

لەم مەراسمەدا کە لە ئاموزشگای مەرکەزی کۆمەڵە گیرا، یەکیك لە هاورییانی مەسئوول قسەی بۆ بەشدار بووانی مەراسمەکە کرد و پاشان نوینەری پێشمەرگە تازەکان قسەی کرد.

مەراسمەکە بە خویندنەوەی شیعر و سروودی شۆرشگێرانە و لە نیوان شوور و شەوقی بەشدار بووان دا دوایی هات.

# جەژنی رۆژی ئەوەلی مانگی مەی لە چەندین مراسمی شکوداردا لە مەقەرەکانی کۆمەڵە بەرپا کرا

رۆژی ١١ی گولان، رێکەوتی ئەوەلی مانگی مەی، رۆژی هاوپشتی و هاوخەباتی جیهانی چینی کرێکار، چەندین مەراسمی گەورە و شکودار بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە هاورییانی پێشمەرگە، لە مەقەرەکانی کۆمەڵە بەرپا کرا و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ویرای هەموو کرێکارانی جیهان لەو جەژنە کرێکاری‌یەدا، پەیمانی هاوپشتی و هاوخەباتی چینایەتی خۆیان تازە کردەوە.

ئەم مەراسمە بە سروودی ئەنترناسیونال دەست پی کران و دوای راگرتنی دەقیقەیەك بی دەنگی بۆ ریزگرتن لە یادی هاورییانی گیان بەخت کردووی رێگای سوسیالیزم و بەرابەری واقیعی و بی چەوسانەوەی جامیعەی بەشەری، چەند کەس لە هاورییانی لەم بارەوە سوخەنرانی‌یان کرد.

هاورییانی سوخەنران لە قسەکانیان دا باسی زولم و زۆر و چەوسانەوەی نیزامی سەرمایەداری و پێویستی هەڵگەراندنەوەی ئەم جیهاونە ئاوەژوە نابەرابەرەیان بە دەستی چینی کرێکار کرد و ویرای وەبیر هێنانەوەی خەباتی چینایەتی تا ئێستای چینی کرێکار، وەزعییەتی ئێستای ئەم چینە و خەبات و تێکۆشانی ئەم چینەیان لە جیهان دا، دایە بەر لێکولینەوە.

جگە لەمانە چەند هاوریی سوخەنران لە قسەکانی خۆیان دا ئەوزاعی سیاسی ئێستای ئێران و کوردستانیان دایە بەر لێکولینەوە و لەسەر نەقش و دەوری چینی کرێکار لە شۆرشی ئێستای ئێران و کوردستان دا قسەیان کرد.

لەم مەراسمەدا لە لایەن هاورییانی پێشمەرگەوە چەندین شیعر و سروودی شۆرشگێرانە پێشکەش کرا و لە ناو شوور و شەوقی هاورییان دا مەراسمەکان کوتایی‌یان پی هات.

***

# خەباتی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە

## جەوڵەی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەکانی بانە و سەردەشت

لە رۆژی ٤ی پووشپەڕەوە، پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، جەولەیەکی سیاسی نیزامی‌یان لە ناوچەکانی بانە و سەردەشت دەست پی‌کرد و لەگەل پشتیوانی و پێشوازی گەرمی زەحمەتکێشانی مەنتەقە بەرەو روو بوون. ئەم جەوڵەیە لە کاتیك دا دەستی پی‌کرا کە سەرەرای داگیر کراو بوونی کاملی مەنتەقە و میلیتاریزە بوونی تایبەتی ئەم دوو ناوچەیە، هێزەکانی جمهووری ئیسلامی بۆ بەرگری لە حوزووری پێشمەرگە، دەیان پایگا و مەقەری تازەیان داناوە و مەنتەقەیان لە هێزەکانیان ئاخنیوە.

هاورییانی پێشمەرگە لە ماوەی ئەم جەولەیەدا، بە قودرەتەوە چوونە چەندین ئاوایی ئەم مەنتەقەیە و لە نیو شور و شەوقی خەڵکی ئەم ئاوایی‌یانەدا، لەگەلیان دانیشتن و لەسەر گیروگرفتی ژیان و موبارەزەیان قسەیان لەگەل کردن.

هاورییانی پێشمەرگە لە ماوەی ئەم جەولەیەدا لە ئاوایی‌یەکانی سەر ریگایان ئیعلامیە و تراکت و نەشریە حیزبی‌یەکانیان بلاو کردەوە.

## پێشمەرگەکانی کۆمەلە لە جەرەیانی دوو شەری قارەمانانەدا چەندین هێرشی هێزەکانی رژیمیان بە قودرەتیکی زۆرەوە تیك شکاند



پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە دریژەی جەولەی سیاسی _ نیزامی خۆیان لە ناوچەکانی سەردەشت و بانە، کە لە سەرەتای مانگی پووشپەرەوە دەستی پی‌کردبوو، لەگەل هێزەکانی رژیم دەرگیر بوون و لە جەرەیانی دوو شەری قارەمانانەدا کە رۆژەکانی ٨ و ٩ی مانگی پووشپەر رووی دا تەلەفاتیکیان لە هێزەکانی رژیم دا.

رۆژی ٨ی پووشپەر پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دوو هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیمیان بە قودرەتەوە تیك شکاند. لە جەرەیانی ئەم شەرەدا کە لە ژیر ئاوری چەکی قورس و نیوە قورسی هێزەکانی رژیم دا ماوەی ٨ سەعات دریژەی هەبوو، ژمارەیەك لە هێزەکانی دوژمن کوژران و ژمارەیەکی تریشیان بریندار بوون و هیچ زەرەر و زیانیك بە پێشمەرگەکان نەگەیشت.

رۆژی ٩ی پووشپەر هێزەکانی رژیم بە هێزیکی یەکجار زۆرەوە، لە چەند لاوە هێرشیان کردە سەر پێشمەرگەکان. بەڵام پێشمەرگەکان خیرا بە هێرشی خۆیان وەلامیان دانەوە و دوای ئەوەی تەلەفاتیکیان لە بەکریگیراوان دا، تیکیان شکاندن و ناچاریان کردن هەلین و پاشەکشە بکەنەوە شوینەکانی پێشوویان.

لی زانی و دەست و بردی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەم شەرە قارەمانانەدا بووە هۆی ئەوە کە هێزەکانی رژیم بە تەواوی ورە بەر بدەن و نەوریرن تاکوتایی شەرەکە سەر لە سەنگەرەکانیان بێننە دەر.

لە جەرەیانی ئەم شەرەدا کە ١٠ سەعاتی خایاند و تا سەعات ٨ی شەو دریژەی هەبوون ژمارەیەك لە بەکریگیراوان کوژران و ژمارەیەکی تریش بریندار بوون.

بەداخەوە لەم شەرەدا هاورییان واحد محمەدی ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست و فەرماندەی دەستە، و حەمید رەزا ئاقاجانی ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست و مەسئوولی پزشکی گوردان گیانیان بەخت کرد.

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دوای تیك شکاندنی هێزەکانی رژیم لە شەرەکانی ٨ و ٩ی پووشپەردا، جەولەی سیاسی _ نیزامی و حوزووری بە هێزی خۆیان لە مەنتەقەدا ئیدامەدا.

## پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە نیو شاری مەریوان زەبری قورسیان لە سەرکوتگەرانی جمهووری ئیسلامی وەشاند

شەوی ٢٠ی پووشپەر، چەندین واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە گوردانی کاك فوئاد و گوردانی ئاریز چوونە نیو شاری مەریوان و بەشیك لە گەرەکی "داسیران" و خیابانی "داسیران" بەرەو "شەبرەنگ"یان گرتە دەستی خۆیان. پێشمەرگەکان کە لە چەندین شوین دامەزرا بوون هات و چووی ماشینەکان و راگوزەرەکانیان گرتە ژیر چاوەدیری و سەعات ١٠/٥ی شەو ماشینیکی دوژمن کە ٨ بەکریگیراوی تیدا بوو کەوتە کەمینیان و بە پەلاماری قورسی پێشمەرگەکان تیك شکا و هەموو بەکریگیراوانی ناو ماشینەکەش، کوژران. هاوکات لەگەل ئەم پەلامارە چەند واحیدی تر لە پێشمەرگەکان بە چەکی نیوە قورس و سووك دەسریژیان کردە سەر مقەری هێزەکانی رژیم لە ساختمانی دەرمانگای پێشووی "داسیران". لەم پەلامارەشدا تەلەفاتیك لە سەرکوتگەرانی جمهووری ئیسلامی کەوت و لەسەرجەمی ئەو عەمەلیاتەی ناوشاری مەریوان دا کە نیو سەعاتی خایاند زیاتر لە ١٥ بەکریگیراو کوژران و ژمارەیەکی تریشیان بریندار بوون، ماشینیکی دوژمن تیك شکا و مقەریکیان خەسارەتی پی گەیشت. ئەم عەمەلیاتە لە حالیك دا بەرێوە برا کە رژیم لە ٣ رۆژ لەوە پێشەوە بە خەیالی خۆی بۆ پێشگیری بە پەلاماری هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، ژمارەیەکی زۆر لە بەکریگیراوانی لەو مقەرانە خزاندبوو.

دوای تەواوبوونی عەمەلیاتەکە پێشمەرگەکان هەموویان سەرکەوتوانە و بی زیان گەرانەوە بۆ شوینە دیاریکراوەکانی خۆیان.

## پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە شەریکی کورت ماوەدا تەلەفاتیان بە هێزەکانی رژیم گەیاند

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە دریژەی جەولەی سیاسی _ نیزامی خۆیان دا لە ناوچەی بانە و سەقز چوونە ئاوایی‌یەکانی" "بۆیەن"، "سوورین"، "نی‌یەر"، "کویرەگویزە" لە ناوچەی بانە و دیهاتی "سەرشیو"ی سەقز و لەگەل پێشوازی گەرمی خەڵکی زەحمەتکێش بەرەو روو بوون و لە کور و کۆمەڵی خەڵکی ئەم دوو ناوچەیە دا بەشداریان کرد و لە سەر زۆر مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی قسەیان لەگەل خەڵك کرد و بانگەوازی خەڵکی ئەم مەنتەقەیان کرد کە دژی جمهووری ئیسلامی و سیاسەتەکانی یەکگرتوانەتر و قایم تر لە جاران خەبات بکەن.

هاورییانی پێشمەرگە لە دریژەی جەولەکەیاندا، رۆژی ١٢ی پووشپەر چوونە ئاوایی "سوورین" و لە سەعات ١٠ی شەودا لەگەل ژمارەیەکی زۆر لە هێزە بەکریگیراوەکانی رژیم کە لە ناو دی و دەوروبەری دی کەمینیان دانابوو دەرگیر بوون.

پێشمەرگەکان بە جەسارەتەوە و لە شەریکی نزیك و مال بە مال دا، پیلانی دوژمنیان بۆ زەربەلیدان لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، پووچەل کردەوە و تەلەفاتیان بە هێزەکانی رژیم گەیاند. لە ماوەی ئەم شەرەدا کە سەرجەم ٢٠ دەقیقەی خایاند، لانی کەم، ٥ کەس لە هێزەکانی رژیم کوژران و بریندار بوون و کلاشینکوفیك کەوتە دەست پێشمەرگەکان.

هێزەکانی رژیم دوای تەواو بوونی شەرەکە ماوەی ٢ سەعات لە پایگای ئاوایی "سوورین"ەوە دەوروبەری خۆیان بەرزایی‌یەکانیان بە چەکی قورس و نیوە قورس کوتا.

هاورییانی پێشمەرگە دوای تەواو بوونی ئەم شەرە هەموو بە سلامەت بەرەو شوین دیاری کراو گەرانەوە و لە ناو کومەلانی خەڵکی زەحمەتکێش دا، دریژەیان بە حوزووری بە هێزی خۆیان دا.

## پێشمەرگەکانی کۆمەڵە گورووهیکی زەربەتی رژیم یان تیك شکاند

چەند واحیدی تر لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە رۆژی ١٢ تا ١٥ی مانگی پووشپەرەوە سەرەرای حوزووری زۆر و زەبەندی هێزە داگیر کەرەکانی جمهووری ئیسلامی و ئامادەباشی کاملیان، جەولەیەکی سیاسی _ نیزامی‌یان دەست پی‌کرد و چوونە دێهاتی پشت "ئاربەبا"ی ناوچەی بانە و لە ئاوایی‌یەکانی "کلاول"، "باشوان"، "کانی شیلان" و "کانی گویژان" لەسەر گرینگترین مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان قسە و باسیان لەگەل خەڵکی زەحمەتکێش کرد و بانگەوازیان کردن لە دژی جمهووری ئیسلامی و سیاسەتەکانی خەباتیکی یەکگرتوانەتر بەرێوە بەرن.

لە دریژەی ئەم جەولەیەدا رۆژی ١٣ی پووشپەر، پێشمەرگەکان، لە بەرزایی‌یەانی پشت "باشوان" و "کانی گویژان" لەگەل گورووهیکی زەربەتی رژیم دەرگیر بوون. هاورییانی پێشمەرگە سەعات ١١/٥ی بەیانی دوای ئاگادار بوون لە جم و جوولی هێزەکانی رژیم، لە ماوەیەکی کەم دا ئارایشی موناسبیان گرت و پەلاماریان دا سەر بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی و بەرزایی‌یەکانیان لە چنگیان دەرهینا و بەرەو ئاوایی "بلەکی" راویان نان.

ئەم تیك هەڵچوونە تا سەعات ١/٥ی دوانیوەرو دریژەی هەبوو. لەم ماوەیەدا جەسارەت و کارزانی پێشمەرگە دلیرەکانی کۆمەڵە مولەتی لە دوژمن بریبوو و دەرفەتی هێز کوکردنەوە و پێشرەوی دووبارەی پی‌نەدان. تەنانەت تەقەی چەکی قورسی هێزەکانی دوژمنیش نەیتوانی کارساز بی.

لەم تیك هەڵچوونە دا ژمارەیەك لە هێزەکانی دوژمن کوژران و بریندار بوون کە لە میزانی دەقیقی ئاگادار نین. هاورییانی پێشمەرگە دوای ئەم شەرە هەموو بە سلامەت دریژەیان بە جەولەی سیاسی _ نیزامی خۆیان دا.

## هێرشی تێك شکێنەری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ سەر هێزەکانی رژیم لە ئاوایی گاگلی مەریوان

رۆژی ١٧ی پووشپەر سەعات ٩ی شەو، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە "گوردانی کاك فوئاد" لە حوزووری هێزە داگیر کەرەکانی رژیم لە ئاوایی "گاگل"ی مەریوان ئاگادار دەکرین و بە وشیاری و جەسارەتەوە دەسبەجێ لە ٢٠٠ میتری پایگایەکی‌تری بەکریگیراوانی رژیم کەمینیان بۆ دادەنین.

هێزەکانی رژیم بی خەبەر دەکەونە ئاڵقەی کەمینەکە و لە ٥ میتری‌یەوە دەکەونە بەر پەلامار و ئاگری توندی چەکی پێشمەگەکان و هەر لە سەرەتای شەرەکەدا ژمارەیەکیان لی دەکوژرین و ژمارەیکی تریشیان بریندار دەبن و باقی‌یەکەیان بی ئەوی بتوانن دەست بکەنەوە ناچار دەبن بە شپرزەیی‌یەوە هەلین. لە جەرەیانی ئەم پەلامارە جەسوورانەی پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد دا، ژمارەیەك لە بەکریگیراوان کوژران و بریندار بوون کە تا رۆژی دواتر لە مەیدانی شەرەکەدا مابوونەوە و پایگاکان و هێزەکانی رژیم توانای بردنەوە یان یارمەتی پی گەیاندنیان نەبوو.

پاش کوتایی ئەم شەرە کە سەرجەم ٢٠ دەقیقەی خایاند، پێشمەرگەکان هەموو بە سلامەت شوینی شەرەکەیان بەجێ هیشت و تێکۆشانی سیاسی و حوزووری بە هێزی خۆیان لە مەنتەقەدا دریژەی پی‌دا.

## عەمەلیاتی سەرکەوتوانەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی سەقز

چەند واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە (گوردانی ٢٦ی سەقز) لە دریژەی تێکۆشانی سیاسی _ نیزامی خۆیان دا شەوی ٢٠ی مانگی گولان، دوای ئاگادار بوون لە حوزووری ژمارەیەك لە بەکریگیراوانی گورووهیکی زەربەتی رژیم لە ئاوایی "حادی مەمەیان"ی سەقز، تەرحی پەلاماریکیان بۆ سەر بەکریگیراوان دارشت و بە خیرایی خۆیان گەیاندە نزیك شوینی تەجەموعیان.

پەلاماری بەدەست و برد و تیك شکێنەری پێشمەرگەکان سەعاتی ٩ی شەو بە چەکی نیوە قورس و سووك دەستی پێکرد و نیو سەعات دریژەی بوو.

لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتەدا کە هێزەکانی رژیم توانای هەرچەشنە جم و جوول و دەست کردنەوەیەکیان لی وەرگیرا بوو، تەلەفاتیك بە هێزەکانی رژیم گەیشت و زەرەر و زیانیکیش لە مەقەرەکەیان کەوت کە لە میزانی دەقیقیان ئاگادار نین.

هاورییانی پێشمەرگە دوای عەمەلیات هەموو بە سلامەت گەرانەوە شوینی دیاری کراو.

## پیشمەرگەکانی کۆمەڵە واحیدیکی گوردانی "نبی ئەکرم"یان تەفروتونا کرد

رۆژی ٢٠ی پووشپەر چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد و گوردانی شوان لە تیپی ١١ی سنە لە لایەن زەحمەتکێشانی مەنتەقەوە ئاگادار دەکرین کە واحیدیکی هێزەکانی رژیم لە ئاوایی "سەلەسی" مەریوان دان. پێشمەرگەکان دەسبەجێ بە وشیاری‌یەوە بۆ زەربە لیدان لە بەکریگیراوان دەست بە کار دەبن و کەمینیکی بەرین لە نیوان ئاوایی‌یەکانی "سەلەسی" و "چاوگ: لە ٦ کیلومیتری شاری مەریوان و پشت پادگانی ئەم شارەدا دەنین.

سەعات حەوت و نیوی ئیوارە بەکریگیراوان بەرەو ئاوایی "چاوك" وەری دەکەون و پێش ئەوەی بگەنە شوینی کەیمنەکە لە حوزووری پێشمەرگەکان ئاگادار دەبن و دەیانەوی خۆ دەرباز کەن. بەڵام پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە دەستووری فەرماندەی عەمەلیاتەکە، دەسبەجێ لییان دینە دەست و ئاگری بی ئەمانی چەکەکانیان بەسەر دا دەبارینن و دەرفەتی دەست کردنەوەیان پی نادەن. لەم پەلامارەدا ژمارەیەك لە هێزەکانی رژیم دەکوژرین و ژمارەیەکی‌تر بریندار دەبن و چەند کەسیشیان بە شپرزی‌یەوە هەڵدین و خۆ بە دارستان دا دەکەن.

پێشمەرگەکان تا تاریك بوونی هەوا، لە هەموو لایەکەوە، پەلاماری خۆیان بۆ سەر بەکریگیراوانی گورووهی زەربەت دریژە پی دەدەن و ئەم واحیدەی رژیم بە تەواوی تەفروتونا دەکەن.

لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتەدا، ژمارەیەکی بەر چاو لە هێزەکانی رژیم کوژران و بریندار بوون و هەروەها سێ کەس لە بەکریگیراوانی رژیم بە ناوی "محەمەد ئەسەدی"، "ئەبوبەکر ئیزەدی" و " محی الیـن ئەحمەدی"، لە لایەن پێشمەرگەکانەوە بەدیل گیران و ئار.پی.جی. حەوتیك و چوار کلاشینکوف و کۆمەڵیك تەقەمەنی و کەل و پەلی نیزامی، کەوتە دەست پێشمەرگەکان.

پێویستە بکوتری بە دەستووری فەرماندەی عەمەلیاتەکە، لە بەر خۆپاراستن و تاریك داهاتنی هەوا، هەموو کوژراو و برینداریەکان شناسایی نەکران و دەسکەوتەکان بە تەواوی کونەکرانەوە.

پێشمەرگەکان دوای کوتایی پی هاتنی عەمەلیاتەکە، هەموو بە سلامەت، بە ئسیر و دەسکەوتەوە شوینی شەرەکەیان بەجێ هیشت.

## عەمەلیاتی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ئاوایی "میشیاو"ی ناوچەی سەقز

ڕۆژی ٢٣ی پووشپەر، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە (گوردانی ٢٦)، لە حالیکدا کە دەچوونە ئاوایی "میشیاو" لە بەشی "سەرشیو"ی سەقز، ئاگاداری کەمینی بەکریگیراوانی ڕژیم لە ناو دی بوون و خێرا دەسریژیان لی کردن و هەر لەو کاتەشدا چەند واحیدی تر خۆیان گەیاندە نزیك سەنگەرەکانی پایگای ڕژیم لە پشت ئاوایی و سەعات ٩ و ٥٠ دەقیقە ئەو پایگایەیان بە چەکی نیوە قورس و سووك ئاگر باران کرد و دەرفەتی دەست کردنەوەیان پی نەدان و شپرزەیان کردن. بەکریگیراوان دوای ماوەیەك دەوروبەری خۆیان بە چەکی جۆراوجۆر کوتا.

لەم عەمەلیاتەدا تەلەفات و خەسارەتیك لە هێزەکانی ڕژیم و پایگاکەیان کەوت و چەند کەسیان کوژران و بریندار بوون کە ڕۆژی دواتر بە ئامبولانس بردیاننە شاری سەقز.

پێشمەرگەکان دوای عەمەلیاتەکە هەموو بە سلامەت شوینی شەریان بەجی هیشت و دریژەیان بە مەئموورییەتەکەیان دا.

## گوزارشیك لە جەولەی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی مەریوان

جەولەی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ڕۆژ ١٥ی پووشپەرەوە لە ناوچەی مەریوان دەستی پی‌کرا. پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد و چەند واحید لە گوردانی شاهو و تیپی ١١ی سنە لەم جەولەیەدا بەشدار بوون و حوزووری بە هێزی خۆیان لە ناوچەی مەریوان، بەسەر دوژمن دا سەپاند و لە شار و دی و مووچە و مەزرای ئەم ناوچەیە لەگەڵ خەڵکی زەحمەتکێش تیکەلاو بوون.

لەم جەولەیەدا هاوڕییانی پێشمەرگە لە ئاوایی‌یەکانی "ریخەلان"، "دەرەوەران"، "گاگل"، "سیفی ژوورو"، "پیلە"، "میرگە دریژ"، "چاوك"، "سەلەسی" سەریان لە زەحمەتکێشان و ئاوارەکانی دانیشتووی ئەم شوینانەدا و بە گەرمی پێشوازی‌یان لی کرا و پاشان ڕۆژی ٢٢ی پووشپەر چوونە ئاوایی ٢٠٠ ماڵی "بالك" لە حەوت کیلومیتری شاری مەریوان و لەگەڵ پێشوازی گەرم و گوری خەڵکی ئەم ئاوایی‌یە بەرەو ڕوو بوون.

هاوڕییانی پێشمەرگە لەم جەولەیەدا لەسەر مەسەلەی جۆراوجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی قسە و باسیان لەگەڵ خەڵك کرد و تراکت و پوستەر و نەشریەی حیزبیان لە ناویان دا بلاو کردەوە. زەحمەتکێشانیش سفرەی دلیان کردەوە و لە بارەی وەزعییەتی ڕژیم و شەری کونەپەرستانەی ئێران و عێراق و فشاری ڕژیم بۆ سەربازگیری و بەرەوپێش بردنی سیاسەتەکانی، فەقیری و هەژاری و بێکاری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئاوارە بوونی خەڵك و گرانی و زۆر شتی تر قسەیان کرد و رینوینی پێویستیان لە هاوڕییانی پێشمەرگە بۆ خەباتیان لە دژی جمهووری ئیسلامی وەرگرت.

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەم جەولەیەدا هەرەشەیان لە شوورای ئیسلامی چەند ئاوایی کرد و ئەم شوورایانە مونحەل کران و هەروەها هەرەشەیان لەو کەسانە کرد کە هاوکاری ڕژیمیان کردوە، یان جاسووسی‌یان بۆ ڕژیم کردوە و مولەتیان پێدان کە دەست لە خەیانەت هەڵگرن و خۆ تەحویل دەن. بە دوای ئەم هەرەشە و مولەتە دا ژمارەیەك لە بەکریگیراوانی ڕژیم بە ناردنی نامە و سفارش بۆ پێشمەرگەکان داوای لیبوردن و بەخشینیان لە کۆمەڵە کرد.

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ویرای ئەم تێکۆشانە سیاسی‌یە لەم جەولەیەدا لە ئاوایی "گاگل" و لە نیوان ئاوایی‌یەکانی "سەلەسی" و لە نیو شاری مەریوان زەربەی کاریگەر و زیانیکی زۆریان لە هێزەکانی ڕژیم دا.

ئەم جەولەیە لە ناو خەڵکی مەنتەقە و نیو شاری مەریوان دا دەنگی دایەوە و تەئسیری دانا سەر ورەی خەباتکارانەی خەڵکی ناوچە و جاریکی‌تریش ورە بەرداوی هێزەکانی ڕژیمی نیشان دا.

کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوەچە، بە شیوەی جۆراوجۆری وەك دابین کردنی تەداروکات، وەدەست هێنانی ئیتلاعات لە جم و جوولی هێزەکانی ڕژیم و کۆکردنەوەی خەبەر و یارمەتی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەیان دا.

## گوزارشی جەولەی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ئاوایی‌یەکانی "سەرشیو"ی سەقز

چەندین واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بریتی لە گوردانی ٢٦ و گوردانی کاوە لە دیهاتی بەشی "سەرشیو"ی سەقز جەولەیەکی سیاسی _ نیزامی‌یان دەست پی‌کرد و لە لایەن خەڵکی زەحمەتکێشەوە پێشوازی‌یەکی گەرم و گوریان لی کرا.

هاوڕییانی پێشمەرگە لە کۆر و کۆمەڵی جۆراوجۆری خەڵك دا لە سەر وەزعییەتی سیاسی ئێستای ئێران و کوردستان و داماوی جمهووری ئیسلامی، پێویستی هاتنە مەیدانی زیاتر و هەمەلایەنەتری کرێکاران و زەحمەتکێشان، پێویستی خەباتی دەستەجەمعی ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش لە دژی سیاسەتەکانی جمهووری ئیسلامی قسە و باسیان بۆ خەڵك کرد و لەسەر تەئسیری پەیوەست بوونی زیاتر بە ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە قامکیان دانا.

زەحمەتکێشانی مەنتەقەش مەسایل و موشکیلاتی خۆیان لەگەل پێشمەرگەکان باس کرد و رینوینی پێویستیان وەرگرت. پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەم جەولەیەدا ویرای گرتنی چەند هاوکاری ڕژیم، هەرەشەیان لە جاسووسان و هاوکارانی ڕژیم کرد کە ئەگەر دەست لە خەیانەت بە بزووتنەوەی شۆرشگێرانە و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان هەڵنەگرن و خۆ تەحویلی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە نەدەن، لە لایەن خەڵك و پێشمەرگەوە بە توندی سزا دەدرین.

لە جەرەیانی ئەم جەولەیەدا پێشمەرگەکانی کۆمەڵە چەند زەربەیان لە هێزەکانی ڕژیم دا و تەلەفاتی بەرچاویان پی گەیاندن و هێزەکانی ڕژیم لە ترسی پەلاماری پێشمەرگەکان لە ئامادە باشی کامل دا بوون و پایگا و مەقەرەکانیان تەقویەت کرد. بەڵام سەرەرای ئەوە نەیان ویرا جم و جوولیك لە خۆیانەوە نیشان بدەن.

جەولەی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە دێهاتی "سەرشیو"ی سەقز تەئسیریکی زۆری لە سەر ورەی خەباتکارانەی خەڵك بوو. ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش لە جەرەیانی ئەم جەولەیە دا جاریکی‌تر بە شیوەی جۆراوجۆری وەك: پێشوازی گەرم و گۆر لە پێشمەرگەکان، کردنەوەی سفرەی دلیان بۆ پێشمەرگەکان، یارمەتی مالی و تەداروکاتی پێشمەرگەکان، کۆکردنەوەی ئیتلاعاتی پێویست و هێنانی خەبەر بۆ پێشمەرگەکان، پیوەندی قوول و نزیکی خۆیان لەگەل پێشمەرگەی کۆمەڵە نیشان دا.

### ڕاگەیاندنی زیندانی مەرکەزی کۆمەڵە

زیندانی مەرکەزی کۆمەڵە ڕای‌گەیاند ٦ کەس لە دەست و پێوەندەکان و هاوکارانی جمهووری ئیسلامی کە دوای موحاکمە لە دادگای ناحیەی کۆمەڵەدا بە ئیعدام مەحکووم کرا بوون، ڕۆژی ٢٦ی جوزەردان، بە پێی حوکمی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، مەحکوومییەتەکەیان دەرەجەیەك تەخفیف درا و حوکمی ئیعدامەکەیان پی بەخشرا. ئەم کەسانە بریتین لە:

١- رحیم حسەن پور، کوری محمەد حسن، خەڵکی ئاوایی "سلیمان کەندی" سەقز

٢- انور فەرج پور، کوری عەلی، خەڵکی ئاوایی "دەوسینە"ی بانە

٣- سلیمان خورشیدی، کوری حسین، خەڵکی ئاوایی "کویل ئابات"ی بوکان

٤- ناسر ئاژیر، کوری خیرالله، خەڵکی "شاهیندژ"ی بوکان

٥- مزفەر سعیدی، کوری حەبیب الله، خەڵکی سنە

٦- حەبیب الله نادر پور، کوری وەستا مەحمود، خەڵکی ئاوایی "چور"ی مەریوان

# چەند هەوال لە خەباتی کرێکارانی کوردستان

مانگرتنی سەرکەوتوانەی کرێکارانی ١٩ کوورەخانەی "سەردەرو"ی تەوریز

کرێکارانی ١٩ کوورەی "سەردەرو"ی تەوریز بۆ دیاری کردن و زیاد کردنی حەقدەست وەرگتنی خەرجی هات و چوو و نووسینی قەراردادی دەستەجەمعی لەگەل خاوەن کوورەکان، لە ڕۆژی ١٢ی مانگی گولانەوە، پاش قسە و باس و مەشوەرەت پێکەوە، دەستیان دایە ئیعتیسابیکی یەکپارچە.

لە ماوەی ئەم ئعتیسابە دا خاوەن کوورەکان جگە لە پیلان گیری خۆیان هێزەکانی ژاندارمریشیان هێنایە ناو کوورەخانەکان و بوونە هۆی گیرانی ژمارەیەك لە کرێکاران. بەڵام بە ئیعتیرازی تێکرای خۆیان کرێکارە گیراوەکانیان ئازاد کرد.

لە کوتایی ئەم ئیعتیسابەدا کرێکارەکان سەرکەوتن و توانیان حەقدەستی برینی هەر هەزار خشت بگەیەننە ١٧٠ تمەن. هەروەها خاوەن کوورەکان مەجبوور بوون ٢٥٠٠ تمەن خەرجی هات و چوو بدەن بە هەر خانەوادەیەکی کرێکار.

نوینەرانی کرێکاران قەراردادی دەستە جەمعی‌یان لەگەل خاوەن کوورەکان ئیمزا کرد و فتوکوپی قەراردادەکەیان بۆ هەموو کوورەکان نارد.

### هەواڵیکی کورت لە کوورەخانەکانی مەرەندەوە

کرێکارانی ژمارەیەکی زۆر لە کوورەخانەکانی دەوروبەری مەرەند لە خەباتیکی یەکپارچەدا توانیان حەقی خۆش کردنی مەیدان و خەرجی هات و چوو لە خاوەن کوورەکان بستێنن.

### ئیعتیرازی کرێکارانی شیرکەتیکی ساختمانی دەوڵەتی لە بانە

ژمارەیەك لە کرێکارانی ساختمانی شاری بانە کە لە پروژەیەکی ساختمانی دەوڵەتی‌دا کاریان دەکرد، لە دژی وەدواکەوتنی حەقدەستەکانیان دەستیان دایە ئیعتیراز. ئەم شیرکەتە بە هاودەستی بەکریگیراوانی سپا حەقدەستی مانگ و نیوك تا سێ مانگی کرێکارەکانیان وەدواخستوە.

کرێکارانی ئەم شیرکەتە بۆ ئیعتیراز بە وەدواکەوتنی حەقدەستەکانیان لە بەر مەقەری سپای پاسدارانی شاری بانە کۆبوونەوە. بەڵام بەکریگیراوانی ڕژیم بە بیانووی ئەوەی کە موهەندیسی شیرکەتەکە دەبی حەقدەستەکانیان پی بدا، تەفرەیان دەدەن و لە لایەکی تریشەوە موهەندیسی شیرکەت بە پشتیوانی سپای پاسداران خو لە پەرداختی حەقدەستی کرێکاران دەرباز دەکا.

### مانگرتنی کرێکارانی کوورەخانەی "لەج" لە مهاباد بۆ زیاد کردنی حەقدەست

کرێکارانی کوورەخانەی "لەج" لە شارویرانی مهاباد دوای قسە و باس و مەشوەرەت لەسەر پێویستی زیاد بوونی حەقدەستەکانیان لە ڕۆژی ١٢ی مانگی جوزەردانەوە ئیعتیسابیکی یەکپارچەیان بە بەشداری کرێکارانی هەموو بەشەکانی کوورەخانەکە وەری خست.

کرێکارانی ئەو کوورەیە داوایان کردوە کە حەقدەستیان لە ١٧٠ تمەنەوە بگاتە رادەی حەقدەستی کوورەکانی‌تر.

لە نەتیجەی ئەم ئیعتیسابە هیشتا خەبەریکمان بەدەست نەگەیشتوە.

### کرێکارانی٥٧ کوورەخانەی هەمەدان بۆ زیاد کردنی حەقدەست مانیان گرت

کرێکارانی ٥٧ کوورەی دەوروبەری هەمەدان دوای قسە و باس و تەگبیر و مەشوەرت لەگەل یەکتر ڕۆژی ٢ی جوزەردان رایان گەیاند حەقدەستیان بۆ برینی هەر هەزار خشت دەبی بگاتە ٢٥٠ تمەن.

خاوەن کوورەکان ئەم داخوازەی کرێکارەکانیان بەجێ نەهینا و کرێکارەکان لە ڕۆژی ٤ی جوزەردانەوە ئیعتیسابیکی یەکپارچە و شکوداریان وەری خست. کرێکارانی هەموو بەشە جۆراوجۆرەکانی کوورەکان لەو ئیعتیسابە دا بەشداریان کردوە.

کرێکاران بۆ بەرگری لە پیلانگیری خاوەن کوورەکان و دەوڵەت و بۆ ئەوەی فشاریکی زیاتر بخەنە سەر ئەوان رایان گەیاند:

١- تا ئاخری ئیعتیساب ناهیلین تەنانەت ماشینە خشتیکیش لە کوورەکان بچێتە دەر.

٢- حەقدەست دەبی لە هەموو کوورەکان یەکسان بی و کرێکارانی هیچ کوورەیەك نابی بە جیاواز لەگەل خاوەن کوورە قەرارداد ئیمزا بکەن و نابی لە حەقدەستی دیاری کراو کەمتر وەرگرن.

تا ڕۆژی ١٤ی جوزەردان نوینەرانی کرێکاران ٢ جار لەگەل خاوەن کوورەکان وت و وێژیان کردوە و پێیان لەسەر ٢٥٠ تمەن داگرتوە. خاوەن کوورەکان تا ئێستا حازر بوون بۆ برینی هەر هەزار خشت ٢١٠ تمەن حەقدەست بدەن بەڵام کرێکاران قەبوولیان نەکردوە و ئیعتیساب تا گەیشتنی ئەم هەواڵە هەر وا بەردەوامە.

### مانگرتنی کرێکارانی کوورەخانەکانی "وایگان" و "شینداوی"ی تەوریز سەرکەوت

کرێکارانی کوورەخانەکانی "وایگان" و "شینداوی" دوای قسە و باس و مەشوەرەت لەگەل یەکتر لەسەر پێویستی زیاد کردنی حەقدەستەکانیان، لە سەرەتای مانگی پووشپەرەوە ئیعتیسابیکی گەورە و یەکپارچە وەری دەخەن و داواکاری زیاد کردنی حەقدەستەکانیان دەبن.

خاوەن کوورەکان سەرەرای پەنابردن بۆ هێزە سەرکەوت گەرەکانی ڕژیم ناتوانن بەری ئیعتیسابی یەکگرتووانەی ئەوان بگرن و هێزەکانی ڕژیمیش لە بەرانبەر ئیعتیرازی یەکپارچەی کرێکاران دا مەجبوور دەبن چەند کرێکاری گیراو ئازاد کەن.

پاش حەوتوویەك ئیعتیساب، کرێکارانی کوورەخانەکانی "وایگان" و "شیداوی" پیلانی خاوەن کوورەکان و دەوڵەت پووچەل دەکەنەوە و سەرمایەداران مەجبوور دەکەن ٣٠ هەتا ٤٠ تمەن بە حەقدەستەکانیان زیاد کەن و لە ١٦٠ تمەنەوە بیگەیەنن بە ١٩٠ تا ٢٠٠ تمەن.

### مانگرتنی سەرکەوتوانەی کرێکارانی شیرکەتی ساختمانی "بی شاسب" بۆ زیاد کردنی حەقدەست

کرێکارانی شیرکەتی ساختمانی "بی شاسب"، کە شیرکەتیکی دەوڵەتی‌یە و لە ١٥ کیلومیتری شاری سەردەشت پروژەی ئوردوگایەکی بە دەستەوەیە، دوای قەسە و باس و مەشوەرەت لەگەل یەکتر بە خاوەن کار رادەگەیەنن دەبی حەقدەستەکانیان لە ٢٥٠ تمەنەوە بکاتە ٣٠٠ تمەن.

بەڵام خاوەن کار لەگەل داخوازەکانیان موخالەفەت دەکا و کرێکارەکان دەست دەدەنە ئیعتیسابیکی یەکگرتوو. لەم ئیعتیسابەدا جگە لە ژمارەیەك کرێکاری عێراقی باقی ٢٠٠ کرێکاری ئەم شیرکەتە بەشدار بوون.

کرێکارەکان لە ماوەی ئیعتیسابەکەدا هەولیان دا کرێکارە عێراقی‌یەکانیش رازی بکەن کە لە ئیعتیساب دا بەشداری بکەن. ئەوان هەروەها هەرەشە و فشاری خاوەن کار و سەرکارگەرەکانیان پووچەل کردەوە و پەلاماری ٢ سەرکارگەریان دا کە لە بەرانبەر ئیعتیسابی یەکگرتووانەیان دا راوەستابوون و بی حورمەتیان پی کردبوون.

ئیعتیساب دوای دوو ڕۆژ سەرکەوت و خاوەن کار و شیرکەتیان ناچار کرد حەقدەستی هەموو کرێکارانی ئەو شیرکەتە بە عێراقی و ئێرانی‌یەوە و بەبان تر لە ١٨ ساڵ و خوارتر لە ١٨ ساڵەوە بکاتە ٣٠٠ تمەن.

### کرێکارانی کوورەخانەی "نەلاس"ی سەردەشت خوازیاری دیاری کردنی حەقدەست و نووسینی قەرارداد بوون

کرێکارانی کوورەخانەی "نەسلا"ی سەردەشت بە خاوەنی کوورەکەیان راگەیاند ئەو ساڵ دەبی حەقدەستەکانیان دیاری بکری و قەرارداد لەم بارەوە ئیمزا بکری. هەروەها ئەوان خوازیاری ئەوە بوون کە وەسایلی کاری موناسبیان پی بدری. خاوەن کوورە لەگەل ئەم داخوازانە موخالەفەتی کردوە و کرێکاران رایانگەیاندوە ئەگەر داخوازەکانیان قەبوول نەکری دەست لە کار هەڵدەگرن.

پێویستە بکوتری ساڵانی پێشوو کرێکارانی ئەم کوورەخانەیە بی قەرارداد بۆ خاوەن کوورە کاریان کردوە و خاوەن کوورە بە مەیلی خۆی حەقدەستی دیاری کردوە.

***

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

# PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٣٦ july: ١٩٨٨

## راگەیاندنی کوتایی پلینومی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

کرێکاران!

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەڵبژیردراوی کونگرەی شەشەم، لە رۆژەکانی هەوەلی مانگی پووشپەردا، دووهەمین پلینومی خۆی گرت.

ئەم پلینومە زیاترین هەولی خۆی خستە سەر چونیەتی بەرەوپێش بردنی هەرچی خیراتر و پەیگیرانەتری پەسند کراوەکانی کونگرە و لەم بابەتەوە لەسەر هیندیك بریار و دستور العملی پێویست تەئکیدی کردەوە و یا پەسەندی کردن.

لەم پلینومەدا سەرەتا گوزارشیك لە کار کردی مەیدانە جۆاروجۆرەکانی تێکۆشانی کۆمەڵە دراکە حازران دایانە بەر لیکولینەوە. لێکولینەوەی وەزعییەتی سیاسی ئێستای ئێران و کوردستان و رووداوەکانی ئەم دواییە، باسیکی‌تری کۆبوونەوەکان بوو. لەم باسەدا مەوقعییەتی ئێستای جمهووری ئیسلامی و رۆژ لەگەل رۆژ زیاتر بوونی ناکامی‌یەکانی ئەم رژیمە لە رووبەروو بوونەوە لەگەل بوحرانی سیاسی و وەزعییەتی ئالوزی ئابووری خۆی‌دا، وە وەزعییەتی بزووتنەوەی ئیعتیرازی جەماوەری لە کوردستان و ئێران درایە بەر لیکولینەوە و بە شوین ئەو باسەدا لە هەندیك بابەتوە وەك تەبلیغات نەتیجەگیری و رینوینی تایبەت بۆ تێکۆشانمان لەم زەمینەیەدا دیاری کران. لیکولینەوەی چونیەتی بەرەوپێش بردنی موسرتری فەعالییەتی تەبلیغی کۆمەڵە و ئیقداماتی تەشکیلاتی پێویست لەم بابەتەوە، باسیکی‌تری پلینوم بوو.

پلینوم هەروەها تی‌بینی و تەوسیەی پێویستی بۆ بەرەوپێش بردنی هەرچی دەقیقتری جهەت گیری‌یەکانی کونگرەی شەشەم لە زەمینەی کاری نیزامی و فەعالییەتی واحیدەکانی پێشمەرگەدا باس لیکرد و نایە ئیختیاری ئورگانەکانی خۆیەوە، وە بە هەڵبژاردنی ئورگانەکانی مەسئوولی رابەری لە نیوان دو پلینوم دا، کوتایی بە کاری خۆی هێنا.

کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران _ کۆمەڵە ١٣ی پووشپەری ١٣٦٧

# شکستی سەرشوورانەی جمهووری ئیسلامی و ئەرکی کۆمەڵانی زەحمەتکێش

ئاخرین رۆژەکانی مانگی جوزەردانی ئەمساڵ جمهووری ئیسلامی لە جبهەی شەری ئێران و عێراق، لە سنوورەکانی کوردستان تووشی شکستیکی گەورە هات و هەموو هێزەکانی بە شلەژاوی و شپرزی‌یەوە لەو بەری سنوووەوە پەراندەوە ئەو بەری سنوور و جبهەی "ماوەت" و "گەلالەی" بە تەواوی چول کرد و کەل و پەلیکی زۆری نیزامی و تەداروکاتی لێ بەجێ ما.

دوای چەند رۆژ لە جبهەی "حاجی ئومەران"یش جمهووری ئیسلامی شکستیکی گەورەی‌تری تووش بوو و بە ناچار ددانی بە شکستی خۆی داهێنا و رای گەیاند. لە "هەلەبجە" و جبهەی "سوورکیو"ی ناوچەی بانەش رژیم شکستی خوارد و ناچار بوو مەنتەقەیەکی زۆر چول بکا و بە زەعف و زەبوونی‌یەوە لە "بناری سوورکیو" تا "ئارمەردە" پاشکشەی کرد.

لە جەرەیانی تیك شکانی سەرشوورانەی جمهووری ئیسلامی‌دا لە سنوورەکانی کوردستان دیهاتیکی زۆر کەوتنە بەر رەهیلەی توپ باران و ویرای زەرەر و زیانیکی زۆر ژمارەیەکیش لە خەڵکی ئەم ئاوایی‌یانە کوژران و بریندار بوون.

لە ژمارەیەك لە دیهاتی ئالانی سەردەشت وەك ئاوایی‌یەکانی "سنجوی"، "دولی" و "رەشەکان" زۆر مال ویران بوون و بەشیکی تریشیان سووتان و خەڵکی ئەم ئاوایی‌یانە جاریکی‌تر ئاوارەی دیهاتی دەوروبەر بوون.

لە شاری سەردەشت ٥ کەس کوژران و چەندین مال و دووکان ویران بوون. هەروەها لە ئاوایی "بنووخەلەف" کەسیك کوژرا و خەڵکی ئاوایی‌یەکانی "واشەمزین"، "بیورانی خوارو"، "زووران" و "کونەمشکە" ئاوارە بوون.

لە ناوچەی بانە و بەشەکانی "بناری سوورکیو" و "خیلەرەش" و "بلەسەن" ژمارەیەك لە خەڵك گیانیان لە دەست دا و سەرجەم خەڵکی ٧٨ ئاوایی و کوخی ئەم مەنتەقەیە پەرەوازەی ئیرە و ئەوی بوون. لە خەڵکی ئاوایی "ئەنجیلە" "کیوەرو" و "گەرماو" چەند کەس کوژران و بریندار بوون و باقی‌یەکەیان ئاوارەی دیهاتی "دولی خان"، "دولی نجنی" و "دەشتەتال" بوون.

لە رۆژەکانی ١٨ تا ٢٣ی پووشپەر ١٥ کەس لە خەڵکی دیهاتی "دەرەوەران" و "نچی" لە بەشی "خاومیراوا" و "دەرەتفی" لە بەشی قەراخی زریباری مەریوان، بریندار بوون.

خەڵکی زەحمەتکێش و ئاوارەی ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستان هیچیان بو دەرنەچووە و دەغل و دان ورەز و باغ و رەنجی ساڵیانی ساڵیان سووتا و تێدا چوو وە یان بەکریگیراوانی رژیم تالانیان کرد. خەڵکی ئاوارە بۆ دابین کردنی پێداویستی‌یەکانی ژیانیان کەوتوونەتە مەترسی‌یەکی گەورەوە.

شکستەکانی جمهووری ئیسلامی لە جبهەکانی کوردستان و جبهەکانی فاو، شەلمچە و جەزیرەکانی "مەجنوون"یش داماوی جمهووری ئیسلامی لە بەریوەبردنی شەری کونەپەرستانەی دا بە تەواوی نیشان دا و بە ئاشکرا دەرکەوت کە هێزەکانی جمهووری ئیسلامی ورەیان بە تەواوی رووخاوە و شەریان بۆ ناکری و لە ئیدامەی ئیعتیراز و خەباتی خەڵکی ستەم لێکراوی ئێران دا ناچار بوون شکست و سەر شووری قەبوول بکەن و بە پەلە پرووزە هێزەکانیان دەرباز کەن.

خەڵکی کوردستان و ئێران و بە تایبەت خەڵکی ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستان کە لەو چەند ساڵەدا تووشی تەلەفات و مال ویرانی و ئاوارەگی بوون و لە نزیکەوە شاهید بوون چون هەزاران کەس لە رولەکانی خەڵکی زەحمەتکێش لەم شەرە کونەپەرستانەیەدا بوونە قوربانی، لە شکستی جمهووری ئیسلامی خوشحالن.

خەڵکی کوردستان کە لە تەئسیری شکستی جمهووری ئیسلامی لەسەر خەبات و ژیانیان بە باشی ئاگادارن، ویرای خوشحال بوون لە شکستی جمهووری ئیسلامی دەبی لەم هەلە ئیستفادە بکەن و دەرفەتی سەر بەرزکردنەوە بە دوژمنانیان نەدەن و ئیرادەی خۆیانیان بە سەردا، داسەپێنن.

کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان نابی ئیجازە بدەن جاریکی‌تر جمهووری ئیسلامی دەرفەتی پی بدری کە لە بەرانبەر خەبات و تێکۆشانیان دا راوەستی و سەرکوتیان کا. نابی کەس بچێتە سەربازی. دەبی هەموو سەربازەکان پادگانەکان چول کەن و بگەرێنەوە شوینی خۆیان. نابی کەس باج و بەرتیل بە جمهووری ئیسلامی بدا، دەبی هەموو ئەو باج و بەرتیلانەی جمهووری ئیسلامی لە خەڵکی ئەستاندوە بدرێتەوە بە خاوەنەکانیان. نابی کەس چەك تەحویلی رژیم بداتەوە، دەبی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بۆ دیفاع لە خۆیان لە بەرانبەر جمهووری ئیسلامی و سەرمایەداران دا چەکیان هەبی. نابی ئیجازە بدەن بەکریگیراوانی رژیم کەس بگرن، دەبی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان ئازاد کرین.

نابی هیچ کرێکاریك لە سەر کار دەرکری، دەبی هەموو ئەو کرێکارانەی کە جمهووری ئیسلامی بە بۆنەی شەر و نەبوونی مەواد و بیانووی‌تر دەری کردوون بگەرێنەوە سەر کارەکانیان و حەقدەستی ماوی ئیخراجیان پی بردی. نابی ئاوارەکانی شەر لە مەینەت و دەربەدەری و برسیەتی دا بژین، دەبی هەموو ئاوارەکان بگەرێنەوە سەر مال و حالی خۆیان و خانووەکانیان بە خەرجی دەوڵەت ساز بکرێتەوە و خەسارەتیان پی بدری. دەبی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و خەڵکی شەرافەتمەند حەقی ئازادی بەیان و عەقیدە و ئازادی تەزاهورات و ئیعتیساب و ئازادی پێك هێنانی سازمان و رێکخراوەیان هەبی.

ئەمانە تەنیا بەشیك لە داخوازەکانی خەڵکی زەحمەتکێشن کە دەبی خەڵکی کوردستان بە خەباتی قارەمانانەی خۆیان و بە کەلك وەرگرتن لە زەعف و زەبوونی جمهووری ئیسلامی، بە دوژمنانی خۆیانی تەحمیل بکەن.

***

## هێرشی تەیارە بومب هاویژەکانی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر یەکیك لە مەقەرەکانی کۆمەڵە

رۆژەکانی ١٢ و ١٣ی حاکەلیوەی ئەمساڵ، تەیارە بومب هاویژەکانی جمهووری ئیسلامی سێ جار یەکیك لە مەقەرە مەرکەزی‌یەکانی کۆمەڵەیان بومباران کرد کە هەرسیك جار لەگەل ئاگری پەدافەندی هەوایی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بەرەو روو بوون.

لە جەرەیانی ئەم بومبارانانەدا، بەداخەوە چوار کەس لە هاورییانی پێشمەرگە گیانیان بەخت کرد و چەند هاوریی دیکەش بریني سووکیان هەڵگرت. هاورییانی گیان بەخت کردوو بریتن لە هاورییان "رەزا یسربی"، "عەزیز ئەسکەندەری"، "رەحمان فرشگر" و "بهزای فدەوی" کە هەر چواریان ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست و پێشمەرگەی کۆمەڵە بوون.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ئەو هاورییانە و کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و هەموو هاورییانی حیزبی دەکەین و یادیان بە دریژە پی‌دانی رێگای شۆرشگێرانەیان، ریز لی دەگرین.

### هێرشی تەیارە عێراقیەکان بۆ سەر یەکیك لە مەقەرەکانی کۆمەڵە

ئیوارەی رۆژی ٢٥ی مانگی گولان سەعات شەش و سی‌وپیپچنج دەقیقە بە کاتی تاران، یەکیك لە مەقەرە مەرزی‌یەکانی کۆمەڵە کەوتە بەر هێرشی هەوایی چەند تیارەی عێراقی.

لەم رووداوەدا بەداخەوە ٢٣ کەس لە هاورییانمان گیانیان بەخت کرد کە برتین لە:

- ١- ئیسماعیل مستەفا زادە
- ٢- ئەحمەد محمەدی
- ٣- بایزید بەیاز
- ٤- پرویز تاجوانچی
- ٥- سید حسین سیگاری
- ٦- سەعید محمەدی
- ٧- حامد مدرسی
- ٨- جلال پنجوینی
- ٩- فرشتە رزایی
- ١٠- عبداللە هوشیاریان
- ١١- علی حسین محمەدی
- ١٢- فرنگیس شاهویی
- ١٣- کەریم عبداللە پور
- ١٤- کەریم جنتی
- ١٥- کەمال رەزانژاد
- ١٦- کیومەرس مهاجر
- ١٧- منوچهر محمودیان
- ١٨- مریم مجنون
- ١٩- محمەد رسولی خۆش سفت
- ٢٠- محمەد عمرعلی
- ٢١- ناسیح مردوخ
- ٢٢- نادر قازی‌زادە
- ٢٣- وفا توتونچی

ئەم ئازیزانە لە پاکترین و تێکۆشەرترین پێشرەوانی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی ئێران، وە سیمای ناسراو و لە میژینە و خۆشەویستی نیو کۆمەڵانی خەڵك بوون. ئەم هاورییانە لە دژی چەوسانەوە و بی مافی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش، لە دژی شەر و جینایەتەکانی شەر خەباتیان دەکرد و هەموو ژیانی خۆیان نایە پێناوی موبارەزەی بی ئەمان لە دژی نیزامی سەرمایەداری و هەموو مەینەت و ستەمەکانی.

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لەم بارەیەوە راگەیاندنیکی لە تاریخی ١٨ی جوزەردانی ١٣٦٧دا بلاو کردەوە و ویرای راگەیاندنی ناوی ئازیزانی گیان بەخت کردوو، بەم بۆنەیەوە لە هەموو هاورییان و هاوسەنگەرانیان، لە بنەماڵە و کەس و کاریان و لە هەموو کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەری ئێران و کوردستان سەرەخۆشی کرد. دەقی ئەم راگەیاندنە لە نەشریاتی دیکەی حیزبی‌دا بلاو کراوەتەوە.

سەنگەری ئەم هاورییانە چول نابی و یادیان بۆ هەمیشە لە دلماندا زیندوە.

***

## وەرگیردراوی وت و ویژی دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەگەل هاوری ئیبراهیم عەلی زادە سەبارەت بە کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە

**پرسیار: هاوری ئیبراهیم! ماوەیەك لەوە پێش راگەیاندنی کوتایی کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە لە دەنگی شۆرشی ئێران و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە بلاو کرایەوە. بە پێویستمان زانی سەبارەت بە رەوالی کونگرە و باسەکانی، وت و ویژیکتان لەگەل بکەین هەتا کویگرەکانمان زیاتر لە نەتیجەکان و بریارەکانی کونگرەی شەشەم ئاگادار بن. پێش ئەوەی بچینە سەر باسەکانی کونگرە تکایە سەبارەت بە تەدارەك و رەوالی کونگرە تەوزیحاتیك بۆ گویگرەکان بدە.**

وەلام: لەگەل سلاو بۆ گویگرەکان و سپاس بۆ ئیوە، کونگرەکانی کۆمەڵە هەر بە دوو ساڵ جاریك دەگیرین. کونگرەی پێشوو، یانی کونگرەی پێنجەم _ مانگی بەفرانباری ساڵی ٦٥ گیرا بوو، بە رەوالی خۆی کونگرەی شەشەم دەبوو زستانی ساڵی رابوردوو بگیری. بەلام لەبەر هەندیك دەلیلی فەننی و ئەمنییەتی، کومیتەی ناوەندی کونگرەی خستە مانگی گولانی ئەمساڵ و هەروەك ئاگادارن کونگرە، نیوەی دووهەمی مانگی گولان، لە ماوی حەوتوویەك دا بەریوە چوو.

گرتنی کونگرە یەکیك لە ئەرکەکانی کومیتەی ناوەندی‌یە، بەم بۆنەوە لە چەند مانگ لەوەپێشەوە، کومیتەی ناوەندی کۆمیسیونیکی بۆ تەدارەکی فەننی و تەشکیلاتی کونگرە دیاری کردبوو. ئەم کومیسیونە ئایین نامەی مەربووت بە هەڵبژاردنی نوینەرانی کونگرەی نووسی و نایە ئیختیاری ئەندامانی حیزب لە کوردستان. بە پێی ئەو ئایین نامەیە نوینەرانی کونگرە, لە بەشە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلات دا هەڵبژیردران. هەروەها ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزب لە تەشکیلاتی دەرەوەی ولات فەعالییەت دەکەن و ژمارەیەکیش لە هاورییانی کومیتەی ناوەندی حیزب، وەك ناظر بۆ بەشداری کردن لە کونگرەدا دەعوەت کران.

تەدارەکی سیاسی کونگرەش بەشیکی دیکەی کارەکانی کومیتەی ناوەندی بوو بۆ گرتنی کونگرە. بۆ ئەم مەبەستە، پێشتر ئەو مەسەلە گرینگانە کە کومیتەی ناوەندی بە پێویستی دەزانی لە کونگرەدا باسیان بکری، لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی‌دا قسەیان لەسەر کرا. ئەم باسانە سەرئەنجام لە پلینومیك دا کە پێش کونگرە پێك هات کۆکرانەوە سەریەك و حاسلیان بوو بە چەند بریارنامەیەك لە بۆ لێکولینەوە و کران لە کونگرەدا، ئامادە کران. ئەم بریارنامانە پێش کونگرە لە ناوخۆی حیزب دا نرانە ئختیاری ئەندامانی حیزب و هەموو هاورییانی تەشکیلاتی. ئەمە ئیمکانی بە نوینەرانی کونگرە داکە بۆ قسە و باس سەبارەت بە دەستووری کۆبوونەوەکان بە ئامادەیی‌یەکی زیاترەوە بێنە کونگرە.

ل١٧

## راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەلە سەبارەت بە مەوقعییەتی ئێستای حیزبی دیموکرات و کوتایی تیك هەڵچوونی ناوخۆیی لە کوردستان

ل١١